خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب

د. لوقمان رەئوف
ئەرسەلان حەسەن
باوان عومەر
بابان ئەنوەر

# مارکسیزم چۆن کاردەکات؟

نووسینی: کریس هارمەن

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: بابان ئەنوەر

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (130)

ناوی کتێب: مارکسیزم چۆن کاردەکات؟
بابەت: فکری
ناوی نووسەر: کریس هارمەن
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: بابان ئەنوەر
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
هەڵەچن: نیاز کەمال - کەیوان عومەر
تیراژ: 500 دانە
ساڵی چاپ: 2016
چاپ: چاپخانەی دلێر
نرخ: 3000 دینار
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

سەرچاوەی ئەسڵی بابەتەکە:
مرکز الدراسات الاشتراكيه 2003

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن (1393)ی ساڵی 2016 ی پێدراوە

# مارکسیزم چۆن کاردەکات؟

نووسینی: کریس هارمەن

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: بابان ئەنوەر

2016

ئەم وەرگێڕانە پێشکەشە بە هاوڕێی ئازیزم

(پێشڕەو محەمەد)

# ناوەڕۆك


پێشەکیی نووسەر.................................................................. 7
بەشی 1: بۆچی پێویستمان بە تیۆریی مارکسیستی هەیە؟............. 11
بەشی 2: تێگەیشتن لە مێژوو........................................................ 23
بەشی 3: خەباتی چینایەتی........................................................ 47
بەشی 4: سەرمایەداری: چۆن ئەو سیستمە دەرکەوت................... 61
بەشی 5: تیۆریی کاری بەها........................................................ 81
بەشی 6: قەیرانی ئابوری........................................................... 95
بەشی 7: چینی کارکەر............................................................. 107
بەشی 8: کۆمەڵگە چۆن دەگۆڕێت؟........................................... 113
بەشی 9: چۆن کرێکاران دەبنە شۆڕشگێڕ.................................. 137
بەشی10: پارتی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕ................................... 143
بەشی 11: ئیمپریالیزم و رزگاریی نەتەوەیی............................... 151
بەشی 12: مارکسیزم و فیمینیزم............................................... 165
بەشی 13: سۆسیالیزم و جەنگ................................................. 175

## پێشەکیی نووسەر

ئەفسانەیەکی بەربڵاو هەیە دەڵێت مارکسیزم گرانە. ئەم ئەفسانەیە لە لایەن دوژمنانی سۆسیالیزمەوە بانگەشەی بۆدەکرێت (وەك هارۆڵد ویڵسن -سەرۆکی پێشووی پارتی کاری بەریتانی) کاتێك شانازی بەوەوە دەکات تا ئێستا نەیتوانیوە جگە لە لاپەڕەی یەکەم هیچی دیکە لە کتێبی

(سەرمایە)ی کارڵ مارکس بخوێنێتەوە. هەمان ئەفسانە لەلایەن پۆلێکی تایبەت لەو ئەکادیمییانەشەوە بڵاودەکرێتەوە کە خۆیان بە مارکسیست دەزانن: هەر بە ئەنقەست رستەی نارِوون و دەستەواژەی تەمومژاوی دەچێنن، لە پێناو دروستکردنی ئەو بەرهەستەی (انطباع) کە خاوەن زانینێکی هێندە تایبەتن، کەسی دیکە پێیان ناگات.

لە بەرئەوە جێگەی سەرسوڕمان نییە کە زۆرێك لەو سۆسیالیستانەی لە هەفتەیەکدا 40 کاتژمێر لە کارگە و کانەکان و ئۆفیسەکان کاردەکەن، رادەستی ئەوەبوون کە مارکسیزم شتێکە هیچ کات و هەلێکیان نییە بۆ تێگەیشتن لێی.

لە راستیدا ئایدیا سەرەکیەکانی مارکسیزم گەلێگ ئاسانن. راڤەی ئەو کۆمەڵگەیە دەکەن کە تێیدا دەژین، لەوەدەمەی ئایدیاکانی دیکە ناتوانن ئەمە بکەن. مانا دەبەخشێت بە جیهانێك کە قەیرانەکان وێرانیانکردووە و پڕیەتی لە هەژاریی، مانا دەبەخشێت بە کودەتاکان و دیکتاتۆرە میلیتارییەکانی، بەو رێگەیەی لە میانەی داهێنراوە ناوازەکانەوە چەندین ملیۆنی پێ حەواڵەدەکرێت بۆ ئەو کەسانەی لە سەرەدا ریزیان بەستووە بۆ وەرگرتنی خێر و باربوو، بەو دیموکراتخوازانەی خوڵقێنەری قەسابخانەکان پارەدار دەکەن، بەو وڵاتە سۆسیالیستیانەی بە چەکی ئەتۆمی هەڕەشە لە گەلانی دیکە دەکەن.

لە هەمانکاتدا، بیرمەندانی دامەزراو یاخود بیرمەندانی نەزمی جێگیر توانای هیچ شتێکیان نییە جگە لە سوکایەتیکردنێکی سەرسەخت بە ئایدیا مارکسیستیەکان، بۆ ئەم کارەش شێتانە بە دەوری یەکدا دێن و دەچن.

لەگەڵ ئەوەشدا کە مارکسیزم قورس نییە، بەڵام هەرکەسێك بۆ یەکەمجار کتێبەکانی مارکس بخوێنێتەوە رووبەڕوی کێشە دەبێتەوە. چونکە مارکس هەموو نوسینەکانی پێش زیاتر لە سەدەیەك نوسیون. بەتەواوی زمانی سەردەمەکەی خۆی بەکارهێناوە، بە گەڕانەوە بۆ ئەو رووداو و کەسانەی ئەوکات بۆ هەمووان ناسراوبوون، بەڵام لە ئێستادا جگە لە مێژوونوسە تایبەتمەندەکان کەسی دیکە نایانناسێت.

تێنەگەیشتنێکی خۆم باسدەکەم کە لە قوتابخانە بووم، کاتێك هەوڵمدا نامیلکەکەی مارکس (هەژدەهەمی برۆمێری لوی بۆناپارت- Karl Marx- The Eighteenth Brumaire) (of Louis Bonaparte (1852 بخوێنمەوە، تەنانەت نەمدەزانی مانای برۆمێر چییە و بۆناپارت کێیە. دەبێت چەند زۆربن ئەو سۆسیالیستانەی لە دوای ئەمجۆرە ئەزموونانە لە هەوڵەکانیان بۆ تیگەیشتن لە مارکسیزم کۆڵیانداوە!

ئەمە بیانوبوو بۆ نوسینی ئەوکتێبە بچوکە، کە هەوڵدەدات سەرەتایەك بۆ ئایدیا مارکسیستییەکان بە دەستەوەبدات، ئاسانکارییەکە بۆ سۆسیالیستەکان تا بزانن ئامانجی مارکس چیبووە، هەروەها لە بەرەوپێشچوونەکانی مارکسیزم تێبگەن،

هەر لەو زەمەنەوە و لەسەر دەستی فریدریك ئەنگڵس، هەتاوەکو سەردەمی رۆزا لۆکسمبۆرگ و فلادیمێر لینین و لیۆن ترۆتسکی و کۆی بیرمەندەکانی خوار ئەمانیش.

بەشی زۆری ئەم کتێبە بچوکە، بۆ یەکەمجار و بە زنجیرە لە رۆژنامەی (سۆسیالیست وۆرکە) بە ناونیشانی (مارکسیزم بە سادەیی) بڵاوبۆتەوە. بەڵام دواتر بابەتی جەوهەریی نوێم بۆ زیادکردووە. بەشێکی کەمیشم لە دوو هەوڵی دیکە وەرگرتووە کە پێشوتر بۆ خستنەڕوویەکی ئاسانی ئایدیا مارکسیستییەکان ئەنجامدرابوو: (دونکان هالاس- مانای مارکسیزم)، (زنجیرەی فێرکاری مارکسیزم - بڵاوکراوەی پارتی کرێکارانی سۆسیالسیتی لقی نۆرویج سیتی).

لە کۆتایدا دەمەوێت بڵێم کە کەمی بوار رێگربوو لە خستنەڕووی چەندین لایەنی گرنگ لە شیکردنەوەی مارکسیستی بۆ جیهانی هاوچەرخ. پاشکۆی ئەم کتێبە چەند سەرچاوەیەك لە خۆدەگرێت بۆ خوێندنەوەی زیاتر.

## بەشی 1

## بۆچی پێویستمان بە تیۆریی مارکسیستی هەیە؟

چی پێویستییەکمان بە تیۆری هەیە؟ ئێمە دەزانین قەیران هەیە، دەزانین کە خاوەنکارەکان دەمانڕوتێننەوە، هەموشمان دەزانین کە توڕەین، دەشزانین کە پێویستمان بە سۆسیالیزمە. ئیدی جگە لە مانە ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ رۆشنبیرەکانی جێدەهێڵین.

زۆرجار لە سۆسیالیستە خەباتگێڕ و سەندیکاییەکانەوە گوێبیستی ئەمجۆرە وشانە دەبین. دوژمنانی سۆسیالیزمیش بە هەموو توانایەکیانەوە پشتگیری لەمجۆرە بۆچونانە دەکەن، دەیانەوێت ئەو بەرهەستە بخەملێنن کە مارکسیزم کۆمەڵە

بیروباوەڕێکیناڕوون و وشك و بێزارکەرە. دەشڵێن ئایدیا سۆسیالیستییەکان «ئەبستراکت»ن. پێیانوایە دەکرێت ئەم ئایدیایانە [مارکسیزم] لە رووی تیۆرییەوە راستبن، بەڵام لە واقیعدا عەقڵی تەندروست شتێکی دیکەی زۆر جیاواز لە وەمان پێدەڵێت.

کێشەی ئەم تێگەیشتنانە لە وەدایە کە لە پشت خاوەنەکەیەوە هەمیشە (تیۆرییەك) هەیە، ئەگەر دانیشی پێدانەنێت. هەر پرسیارێکیشیان دەربارەی کۆمەڵگە لێدەکەیت، هەوڵدەدەن بە گشتاندنێك یاخود بە دانەیەکی دیکە وەڵامبدەنەوە. چەند نموونەیەك:

«خەڵك بە سروشتی خۆیان خۆپەرستن».

«ئەگەر دەوڵەمەندەکان نەبن، هیچ پارەیەکیش نابێت بۆ رەخساندنی کار بۆ ئەوانی دیکە».

«تەنها بە هەوڵدانی پێویست، هەموو کەس دەتوانێت بگاتە لوتکە».

«ئەگەر بتوانین تەنها کرێکاران پەروەردە بکەین، ئەوا کۆمەڵگە دەگۆڕێت».

«دارمانی ئەخلاق وڵاتی گەیاند بەم رۆژە».

گەر لە شەقام و بازاڕ و پاسەکان و چیشتخانەکان گوێهەڵخەین، گوێبیستی دەیان وتەی لەوجۆرە دەبیت، کە هەریەك لە وانە بۆچونێکیان لە خۆگرتووە دەربارەی بارودۆخی هەنوکەیی کۆمەڵگە و چۆنیەتی باشکردنی دۆخی خەڵك. هەموو ئەم تێڕوانینانە (تیۆری)ن دەربارەی کۆمەڵگە.

کاتێك خەڵکی دەڵێن هیچ تیۆرییەکمان نییە، لە راستیدا بەو مانەیە دێت کە تێڕوانینەکانیان ناڕوونن.

ئەمە ترسناکە، بە تایبەت بۆ هەرکەسێك کە ویستی گۆڕینی کۆمەڵگەی هەبێت. رۆژنامە و تەلەڤزیۆن و رادیۆ، هەموو دەیانەوێت بە بەردەوامی عەقڵمان پڕکەن لە راڤەکانیان بۆ دۆخی شێواوی کۆمەڵگە. دەخوازن باوەڕ بە هەموو ئەو شتانە بکەین کە ئەوان دەیڵێن، بە بێ بیرکردنەوەی زیاتر لە کێشەکان.

بەڵام تۆ ناتوانیت بە شێوەیەکی کاریگەر بە ئاڕاستەی گۆڕینی کۆمەڵگەدا بجەنگیت، ئەگەر نەزانیت هەڵەی هەریەك لەو بەڵگە و ئارگومێنتە جیاوازانە چین.

بۆ یەکەمجار پێش (170 ساڵ) ئەمە دەرکەوت، بە دیاریکراوی لە سییەکان و چلەکانی سەدەی نۆزدە، گەشەکردنی پیشەسازی لە ناوچەکانی وەك باکوری خۆرئاوای ئینگلتەرا، بووە هۆی چوونە سەرکاری سەدان هەزار لە پیاوان و ژنان و منداڵان، لە بەرانبەر کرێیەکی کەمدا. پێویستیشبوو لە سەریان لەگەڵ ئەو دۆخە نالەبارەی ژیاندا هەڵبکەن، کە زەحمەتە باوەڕبکرێت.

ئیدی لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەم رێکخراوی کرێکاریی جەماوەریی، دەستیانکرد بە خەبات دژی ئەو بارودۆخە (یەکەم سەندیکا لە بەریتانیا -کە هاوکات یەکەم بزوتنەوەش بوو لە پێناوی مافە سیاسیەکانی کرێکاران -لە سەروبەندی شۆڕشی پیشەسازیدا بریتیبوو لە بزوتنەوەی چاریتیزم[1]). لەگەڵ ئەم

بزوتنەوەیەدا چەند گروپێکی بچوکی خەڵك لە پێناو سەرخستنی سۆسیالیزمدا سەریانهەڵدا.

زوو بە زوو کێشەکانی چۆنیەتی بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم بزوتنەوە کرێکارییە دەرکەوتن.

هەندێك کەس دەیانوت کە لە ڕێگەی ئامڕازی ئاشتییانەوە دەتوانرێت باوەڕ بە دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگە بهێنرێت گۆڕانکاری ئەنجامبدەن. (هێزی مەعنەوی)ی بزوتنەوە ئاشتیخوازییە جەماوەرییەکان بەسە بۆ پێدانی ماف و دەستکەوتەکانی کرێکاران. لەسەر بنەمای ئەم تێڕوانینە سەدان هەزار کەس هەستان بە خۆڕێکخستن و خۆپیشاندان و کارکردن لە پێناو بونیادنانی بزوتنەوەیەك، هەتا لە دواییدا تەنها شکست و تێکشکانیان بۆمایەوە.

هەندێك کەسی دیکە درکیان بە پێویستیی بە کارهێنانی (هێزی فیزیکی) کرد، بەڵام لەو باوەڕەدابوون بەدیهێنانی ئەمە لە ڕێگەی کۆمەڵە گروپێکی بچووکی پیلانگێڕیی دابڕاو لە کۆمەڵگە دەبێت. ئەمانیش سەرکردایەتی دەیان هەزار کرێکاریان کرد بەرەو تێکۆشانێك، کە دیسان بە شکست و بێئومێدبوون کۆتاییهات.

هەروەك هەندێکی دیکە پێیانوایە کرێکاران دەتوانن لە ڕێگەی (کردەی ئابوری)یەوە ئامانجەکانیان بەدیبهێنن، بە بێ ڕووبەڕوبوونەوەی پۆلیس و سوپا، ئایدیاکانی ئەمانیش جارێکی دی بووە هۆی سەرهەڵدانی خەباتی جەماوەریی. ساڵی 1842 ئینگلتەرا یەکەم مانگرتنی گشتیی لە جیهاندا بە خۆیەوەبینی،

که له ناوچه پیشەسازییەکانی باکور روویدا، کاتێك دەیان هەزار کرێکار بۆ ماوەی چوار هەفتە بەردەوامبوون لەسەر مانگرتن، هەتاوەکو برسێتی و گوێپینەدان ناچاریکردن بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان.

پێش کۆتایی قۆناغی یەکەمی خەباتە کرێکاریە شکستخواردووەکان، ساڵی 1848 سۆسیالیستی ئەڵمانی (کارڵ مارکس) کۆی ئایدیاکانی لە چوارچێوەی (مانیفێستی کۆمۆنیزم) دا خستە روو.

ئایدیاکانی مارکس لە ئاسمانەوە نەهاتبوون، بەڵکو هەوڵی دارشتنی بناغەیەك بوون بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کۆی ئەو پرسیارانەی لەو دەمەدا بزوتنەوەی کرێکاریی وررووژاندبوونی.

ئەو ئایدیایانەی مارکس پەرەی پێداون و دایڕشتوون هەتاوەکو ئەمڕۆش تازە و گونجاون، هەربۆیە گەمژەییە کە کەسانێك دەڵێن ئەم ئایدیایانە بەسەرچوون لە بەرئەوەی مارکس پێش 150 ساڵ نووسیونی. بەڵام لە راستیدا کۆی چەمکە مشتومڕ لە سەرەکانی مارکس دەربارەی کۆمەڵگە، تا ئێستاش لەوپەڕی فراوانی و بەربڵاویدان. هەروەك چۆن (چاریتیستەکان) لە مشتومڕدا بوون دەربارەی (هێزی مەعنەوی) و (هێزی فیزیکی)، لە ئەمڕۆشدا سۆسیالیستەکان لە گفتوگۆدان دەربارەی (رێگەی پەرلەمانی) و (رێگەی شۆڕشگێڕانە). لە ناو ریزی شۆرشگێڕەکانیشدا تائێستاش بە هەمان زیندویەتیی ساڵی 1848 مشتومڕ سەبارەت بە (تیرۆریزم) بەردەوامە، بە لایەنگر یاخود دژ.

## ئایدیالیستەکان

مارکس یەکەم کەس نییە هەوڵی پێناسەکردنی کێشەکانی کۆمەڵگەی دابێت. لەو دەمەی مارکس خەریکی نووسین بوو، داهێنراوی نوێ لە کارگەکاندا بڕێکی وەها لە سامانی خوڵقاندبوو، کە لە توانای نەوەکانی پێشووتردا نەبوو تەنانەت خەونیشی پێوەببینن. بۆ یەکەمجار مرۆڤایەتی ئامڕازی بەرگری لە خۆکردنی بەرانبەر کارەساتە سروشتییەکانی بە دەستەوەبوو، کە ئەم کارەساتانە وێرانکەری چاخەکانی پێشوو بوون.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە هیچ باشبوونێکی لە ژیانی زۆرینەی خەڵکدا بە دینەهێنا. بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە، ژیانی پیاوان و ژنان و منداڵانی کارکەر لە کارگە نوێیەکاندا، زۆر خراپتربوو لە ژیانی باوباپیرانیان کە لە زەوییەکاندا ڕەنجایان دەدا. کرێکانیان بە زەحمەت لە سەرو ئاستی بژێویدا دەیانهێڵێتەوە، لە کاتێکدا شەپۆلە فراوانەکانی بێکاری پاڵیاندەنێتە ژێر ئەو ئاستەشەوە. بە بێ هیچ مەرجێکی سەلامەتیی تەندروستی پەستێوراونەتە گەڕەکە هەژارنشین و بەدبەختەکان و ڕووبەڕوی نەخۆشی کوشندە بوونەتەوە.

لە بری ئەوەی پێشکەوتنی شارستانییەت بووبێتە مایەی دڵخۆشی و خۆشگوزەرانیی گشتی، هەژاریی زیاتری خوڵقاندووە.

هەر بەتەنیا مارکس نا، بەڵکو گەورە بیرمەندانی

دیکەش لەو سەردەمەدا تێبینی دۆخەکەیان کردبوو، لە نموونەی هەردوو شاعیری ئینگلیز (ویلیام بلەیك و شیلیی)، هەردوو فەرەنسی (شارل فۆریە و پرۆدۆن)، لەگەڵ هەردوو فەیلەسوفی ئەڵمانی (هیگڵ و فیورباخ).

ئەو دۆخە بێزراوەی مرۆڤایەتی خۆی تێدادەبینییەوە لە لایەن (هێگڵ و فیورباخ)ەوە بە نامۆبوون (Alienation) وەسفکرابوو -ئەو چەمکەی لە ئێستاشدا بەرگوێمان دەکەوێت. مەبەستی هیگڵ و فیورباخ لە نامۆبوون ئەوەیە کە پیاوان و ژنان بەردەوام خۆیان لە ژێر کۆنترۆڵ و چەوساندنەوەی ئەو هێزانەدا [کاڵا] دەبیننەوە کە خۆیان دروستیان کردووە. لە بەرئەوە فیورباخ ئاماژە بەوەدەکات کە خەڵکەکەیان پەرە بە ئایدیای (خودا) دەدەن- و سەردانەواندنیش بۆی نیشانەی هەستکردنە بە بەدبەختییەکی گەورە، چونکە خۆیان بە تەنها ناتوانن بە ژیانێك بگەن کە دروستکراوی خۆیان بێت. هەربۆیە کۆمەڵگە چەندێك بەرەوپێشەوە بچێت، هێندەش مرۆڤ هەژار و «نامۆ» دەبێت.

مارکس لە نوسینە سەرەتاییەکانیدا باسی لە چەمکی «نامۆبوون» کردووە و بە سەر ئەوانەدا جێبەجێیکردووە کە سامانی کۆمەڵگە بەرهەمدەهێنن:

«لەگەڵ زیادبوونی ئەو سامانەی کرێکاران بەرهەمیدەهێنن، بە زیادبوونی دەسەڵات و جۆری بەرهەمەکان، خودی کرێکاران زیاتر هەژار دەبن... و لەگەڵ

زیادبوونی بەهای (جیهانی شتەکان) بە شێوەیەکی راستەوخۆ بەهای (جیهانی مرۆڤەکان) نزمدەبێتەوە... ئەو ئوبێکتەی بە هۆی کارەوە بەرهەمدێت، وەك شتێکی نامۆ، وەك دەسەڵاتێکی سەربەخۆ، رووبەڕوی بەرهەمهێن دەبێتەوە ...».

لە سەردەمی مارکسدا تێگەیشتنی هەرە باو بۆ کێشەکانی کۆمەڵگە هێشتا تێگەیشتنێکی ئاینیی بوو. دەوترا هەژاری دەگەڕێتەوە بۆ سەرپێچیی مرۆڤەکان لە فەرمانەکانی خودا؛ گەر ئێمە دەست لە تاوانکاری هەڵگرین، هەموو شتێك لە وپەڕی باشیدا دەبێت.

لە ئەمڕۆشدا گوێبیستی گەلێك لەم تێڕوانینانە دەبین، تەنانەت ئەگەر لە فۆڕمێکی ئاینییشدا نەبن. وەك ئەوەی دەگوترێت «بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بگۆڕیت، سەرەتا پێویستە خۆت بگۆڕیت». یان: ئەگەر تاکەکان لە ژنان و پیاوان دەستهەڵبگرن لە «خۆپەرستی» و «ماتریالیزم» (یاخود وەك دەڵێن خراپەکاری و گوێپێنەدان) ئەوا راستەوخۆ بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کۆمەڵگە باشدەبێت.

یەکێك لە بۆچونە نزیکەکان لە مەوە لەسەر گۆڕینی تاکەکان نادوێت، بەڵکو گۆڕینی بەشێکی سەرەکییان (ئەوانەی دەسەڵات پیادەدەکەن لە کۆمەڵگەدا). ئەم بیرکردنەوەیە وای لە دەوڵەمەند و بەهێزەکان کردووە وەك «فەرمانڕەوای عەقڵ» لە خۆیان بڕوانن.

یەکێك لەو سۆسیالیستە بەریتانییانە (رۆبەرت ئۆین)

دەستیکرد بە هەوڵدان بۆ بڕواهێنان بە پیاوانی پیشەسازیی (خاوەن کارخانەکان) تاوەکو کەمێك زیاتر لەگەڵ کرێکارەکان هاوسۆزبن. تا ئەمڕۆش ئەو بیرکردنەوەیە لە ناو سەرکردەی پارتە ریفۆرمخوازەکاندا باڵادەستە، وەك پارتی کاری بەریتانی - بە باڵە چەپەکەشییەوە. تێبینی دەکەیت بەردەوام تاوانی خاوەنکارەکان بە «هەڵە» ناودەبەن، وەك ئەوەی چەند پاساوێك بتوانێت بڕوا بە گەورە بزنسمانەکان بهێنێت کە لە دەستگرتن بەسەر کۆمەڵگەدا کەمێك نەرم بن.

مارکس کۆی ئەو تێڕوانینانەی بە «ئایدیالیستی» وەسفکردووە. لە بەرئەوە نا کە مارکس دژی ئەوەیە مرۆڤ خاوەن «ئایدیا» بێت، بەڵکو لە بەرئەوەی ئەو تێڕوانینانە ئایدیاکان بە دابڕاو لەو هەلومەرجانە دەبینێت کە خەڵکی لە سایەیدا دەژین.

ئایدیاکانی خەڵك بە توندی بەستراونەتەوە بەوجۆرە ژیانەی تێیدا دەژین. «خۆپەرستی» بە نموونە وەردەگرین. کۆمەڵگەی سەرمایەداریی ئەمڕۆ خۆپەرستی دروستدەکات -تەنانەت خۆپەرستیی لە نێو ئەو کەسانەدا هەیە کە بەردەوام هەوڵیشدەدەن خەڵکی دیکە بخەنە پێش خۆیانەوە. ئەو کرێکارەی کە دەخوازێت چی باشتری لە تواناداییە بۆ منداڵەکانی دابینبکات، یاخود شتێك بۆ دایك و باوکی تەرخانبکات لەپاڵ ئەو موچەیەی کە هەیانە، تاکە ڕێگەی بەردەمی بریتییە لە ململانێی بەردەوام بەرانبەر ئەوانی دیکە بۆ بە دەستهێنانی کارێکی

باشتر، یاخود کرێیەکی زیاتر بە ئۆڤەرتایم، یاخود چونەپێشەوە لە سەرەی وەرگرتنی بیمەی بێکاریدا. لە کۆمەڵگەیەکی وەهادا، تەنها بە گۆڕینی عەقڵی تاکەکان ناتوانرێت دەست لە «خۆپەرستی» و «چاوچنۆکی» هەڵبگیرێت.

هەربۆیە قسەکردن دەربارەی گۆڕینی کۆمەڵگە لە رێگەی گۆڕینی بیرکردنەوەی «کەسانی سەرەوە» نەفامیی و عەوامانەیە. گریمان تۆ سەرکەوتوبوویت لە راکێشانی خاوەنکارێکی گەورە بۆ ئایدیا سۆسیالیستییەکان و ئەویش دەستیهەڵگرت لە چەوساندنەوەی کرێکاران. لەم کاتەدا سەرجەم ئەوەی لە کێبڕکێی خاوەنکارەکانی دیکەدا لە دەستیدەچێت، لە دەرەوەی بازاڕدا بە دەستیدەهێنێتەوە.

سەبارەت بە فەرمانڕەوایانی کۆمەڵگەش بەهەمان شێوەیە، لە بەرئەوە گرنگ ئایدیاکان نییە، بەڵکو ژێرخانی ئەو کۆمەڵگەیەی کە ئەم ئایدیایانەی تێدا تەبەنی دەکرێت.

دەکرێت ئەم خاڵە بە جۆرێکی دیکە بخەینەڕوو. ئەگەر ئەوە ئایدیاکانن کۆمەڵگە دەگۆڕن، ئاخۆ ئەم ئایدیایەنە لەکوێوە دێن؟ ئێمە لە جۆریکی دیاریکراوی کۆمەڵگەدا دەژین، ئەو ئایدیایانەش کە لە رۆژنامە و تەلەفزیۆن و سیستەمی پەروەردەوە دەخرێنەڕوو، بەرگریی لەمجۆرە کۆمەڵگەیە دەکەن. ئیدی چۆن تاکەکان بتوانن پەرە بە ئایدیای تەواو جیاواز بدەن؟ چونکە ئەزموونەکانی رۆژانەیان دژ بە ئایدیا فەرمییەکانی کۆمەڵگەیە.

بۆ نموونە، تۆ ناتوانیت هۆکارەکانی نزمبوونەوەی بەرچاو

له ژمارەی دیندارەکان له ئەمڕۆدا، بەراورد به سەدەیەك پێش ئێستا، تەنها به بەرئەنجامی سەرکەوتنی بانگەشە ئەتایستییەکان (الالحادية) لێکبدەیتەوە. بەڵکو دەبێت راڤەی ئەوە بکەیت که بۆچی خەڵکی گوێ بۆ ئایدیا ئەتایستییەکان دەگرن، به چەشنێك سەدەیەك پێش ئێستا نەیانکردووە.

بەمجۆرە، ئەگەر بخوازیت له کاریگەریی «پیاوە گەورەکان» تێبگەیت، ئەوا پێویستە راڤەی ئەوە بکەیت که بۆچی خەڵکەکەی دیکە قایلن به شوێنکەوتنیان. چەند بێمانایە که بۆ نموونە بڵێیت (ناپلیۆن و لینین) مێژوویان گۆڕی، به بێ تێگەیشتن لەوەی که بۆچی ملیۆنان کەس قایل بوون به جێبەجێکردنی پێشنیارەکانی ئەوان. دواجار ئەوان خەواندنی موگناتیسییان بۆ خەڵك به کارنەهێناوە. دیارە شتێك له ژیانی کۆمەڵگەدا، له زەمەنێکی دیاریکراودا پاڵی به خەڵکەوە ناوە تا هەست بەوە بکەن ئەوەی پیاوە گەورەکان پێشنیاری دەکەن راستە.

تەنها کاتێك دەتوانیت لەوە تێبگەیت که چۆن ئایدیاکان مێژوو دەگۆڕن، ئەگەر تێگەیشتیت له وەی ئەم ئایدیایانە له کوێوە هاتن، و بۆچی خەڵك پێیان قایلبوو. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت که بڕوانیتە ئەودیوی ئایدیاکان، بۆ هەلومەرجە ماتریالیستییەکەی کۆمەڵگە، که ئایدیاکانی تێدا گەشەدەکات.

له بەر ئەمە مارکس پێداگربوو لەسەر گوتەکەی خۆی:

«ئەوە ئاگایی نییە که بوونی کۆمەڵایەتی دەستنیشان دەکات، بەڵکو بوونی کۆمەڵایەتی ئاگایی دەستنیشاندەکات».

## پەراوێز:

1. Chartism بە یەکەم ڕێکخراویی کرێکاریی دادەنرێت لە مێژوودا. ساڵی 1838 لە لەندەن دروستبوو. پێش دروستبوونی ئەم ڕێکخراوە چەند بزووتنەوەیەکی کرێکاریی و سەندیکایی بوونیان هەبوو، کە داواکارییەکانیان لە ڕێگەی یاداشتەوە دەگەیاندە پەرلەمانی بەریتانیا، بەڵام بەهۆی پشتگوێخستنی داواکارییەکانەوە بۆ ماوەی چەند ساڵێک ئاڵۆزی لەنێوان ئەو بزوتنەوانە و دەوڵەتدا ڕوویدا و چەندین سەرکردەیان لێ دەستگیرکرا. بەڵام ساڵی ١٨٤٠ بەفەرمی ڕێکخراوی چارتیە دامەزرا کە بارەگاکەی لە کۆمەڵەی کرێکارانی لەندەن بوو. ئەم بزوتنەوەیە سەرجەم داواکارییەکانی پێشوتری جەماوەریی کرێکاریی ڕێکخستەوە و لەڕێگەی میکانیزمی جۆراوجۆری وەک کۆکردنەوەی ئیمزا و پێشکەشکردنی یاداشت و ڕاپەڕین جەماوەریەوە کاریدەکرد. ساڵی ١٨٤٢ لە ڕێپێوانێکدا کە یاداشتێکیان پێبوو کە نزیکەی دوو ملیۆن ئیمزای لەسەربوو، چونە بەردەم پەرلەمان، هاوینی هەمان ساڵ ڕاپەرینێکی جەماوەریی گەورەیان دژ بە حکومەت ڕێکخست، کە وەک دەوترا سەعاتی سفر بوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی حکومەت، بەڵام بەهۆی کەم ئەزموونیی کرێکاران و نەبوونی پێشینەی کارکردنی لەو جۆرە و نەبوونی ستراتیژ و تاکتیکی کارکردن، کرێکاران توشی سەرلێشێواوی بوون و ڕاپەڕینەکە بێئەنجام بوو. دواجار بەهۆی ڕوبەڕووبونەوە و هێرشی کوشندەی دەوڵەتەوە ساڵی 1848 ئەم بزوتنەوەی کۆتاییپێهات، بەڵام کاریگەرییەکی گەورەی لەنێو جەماوەریی کرێکاریدا بەجێهێشت بۆ چەندین ساڵ.

## بەشی 2
## تێگەیشتن لە مێژوو

ئایدیاکان خۆیان بە تەنها ناتوانن کۆمەڵگە بگۆڕن. ئەم راستییە لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەیە کە مارکس پێیگەیشتووە. وەك زۆرێك لە بیرمەندانی پێش خۆی، مارکس پێداگربوو لەسەر ئەوەی کە بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵگە، پێویستە مرۆڤ وەك بەشێك لە جیهانی ماتریالیی ببینین.

هێزە ماتریالییەکان رەفتاری مرۆڤ دیاریدەکەن، وەك رەفتاری هەر بونەوەرێکی دیکەی سروشتی.

لێکۆڵینەوە لە مێژووی مرۆڤایەتی، بەشێکە لە لێکۆڵینەوەی زانستیی جیهانی سروشتی. بەو بیرمەندانەش دەگوترێت «ماتریالیستەکان» کە هەڵگری ئەم جۆرە تێڕوانینەن.

مارکس پێیوایە ماتریالیزم هەنگاوێکی گەورەی بەرەوپێشچوونە، بەراورد بە تێڕوانینە ئایینیی و ئایدیالیستییەکانی دیکەی مێژوو. ئەمەش بەو مانایە دێت کە تۆ دەتوانیت بە شێوەیەکی زانستیی گفتوگۆ لە بارەی گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی بکەیت، ئیدی بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانی کۆمەڵگە پشت بە نوێژکردن بۆ خودا و «گۆڕانی رۆحانیی» خەڵك نەبەستن.

گۆڕینی (ئایدیالیزم) بۆ (ماتریالیزم) بە مانای گۆڕینی خورافە دێت بۆ زانست. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، سەرجەم لێکدانەوە ماتریالیستییەکانی رەفتاری مرۆڤ دروست نین. وەك چۆن تیۆریی هەڵەی زانستیی لە بایۆلۆژی و کیمیا و فیزیادا هەن، بە هەمانشێوە هەوڵی نادروست هەن بۆ گەشەپێدانی تیۆرییە زانستییەکانی تایبەت بە کۆمەڵگە. لەم بارەیەوە چەند نموونەیەك دەهێنینەوە:

یەکێك لەو روانگە ماتریالیستییە نامارکسییانەی باوە، پێیوایە مرۆڤ لەوە دەرناچێت گیاندارێك بێت و بە شێوەیەکی «سروشتی» و بە میتۆدێکی دیاریکراو هەڵسوکەوت دەکات. وەك چۆن کوشتن سروشتی گورگەکانە و هێمنیی سروشتی مەڕەکانە، هەر بەوجۆرەش

لە سروشتی مرۆڤەکان دەوەشێتەوە کە شەڕانگێز و دەسەڵاتخواز و رکابەر و چاوچنۆك بن؛ (ئەمە ناڕاستەوخۆ ئەو ئەنجامگیرییەی لێدەکەوێتەوە کە ژنانیش بە سروشتی خۆیان تەڵەکەباز و خۆبەدەستەوەدەر و بە دەنگەوە هاتووی ئەوانی دیکەن و هاوکات مرۆڤگەلی پاسیڤن).

باشترین نموونە دەربارەی ئەم قسانەی سەرەوە لە کتێبی (مەیمونی رووت[1])دا دەبینینەوە. پوختەی ئەمجۆرە تێڕوانینانە جگە لە کاردانەوە هیچی دیکە نین. ئەگەر مرۆڤ بە سروشتی خۆی دڕندە و شەڕانگێز بێت، ئەوا دەگەینە ئەو خاڵەی کە هیچ لۆژیکێکی تێدانییە لە هەوڵدان بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە. بارودۆخەکان هەرگیز ناگۆڕێن، شۆڕشەکانیش «هەردەم شکستدەخۆن».

بەڵام لە راستیدا (سروشتی مرۆڤ) لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە دەگۆڕێت. هەر بۆ نموونە ئەو رکابەرییەی وەك شتێکی چەسپاو لە کۆمەڵگەکانماندا هەیە، زۆر زەحمەتە لە زۆرێك لە کۆمەڵگەکانی رابردوودا هەبووبێت. کاتێك زاناکان هەوڵیاندا تێستی زیرەکی(IQ) بۆ بەشێك لە هیندییە سیۆکسییەکان (Sioux Indians) بکەن، گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە هیندییەکان نازانن بۆچی نابێت هاوکاریی یەکتر بکەن لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان. ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا ژیاون جەختی لەسەر بەهای یارمەتیدان کردۆتەوە نەوەك رکابەریی.

چیرۆکی دیکەی هاوشێوە لەسەر شەڕانگێزیی هەن. کاتێك بۆ یەکەمجار ئەسکیمۆکان (Eskimos) رووبەڕوی ئەوروپییەکان بوونەوە، بەهیچ جۆرێك مانای «شەڕ»یان نەدەزانی. ئایدیای خواستی کۆمەڵێك مرۆڤ بۆ لە ناوبردنی کۆمەڵێکی دیکەی مرۆڤ، وەك ئایدیایەکی شێتانە تەماشادەکرا لە لایەن ئەسکیمۆکانەوە.

لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا، شتێکی «سروشتییە» کە دەبێت باوان منداڵەکانیان خۆشبوێت و بیانپارێزن. کەچی دەبینین لە شاری (سپارتە)، لە یۆنانی کۆندا، شتێکی «سروشتی» بووە باوان منداڵەکانیان لە چیاکان بە تەنیا جێبهێڵن بۆئەوەی بزانن تا چەند دەتوانن بەرگەی سەرما بگرن.

بەمجۆرە، تیۆرییەکانی «سروشتی نەگۆڕی مرۆڤ» هیچ راڤەیەکی ئەوتۆیان بۆ رووداوە مێژووییە گرنگەکان نییە. هەریەك لە (هەرەمەکانی میسر، قەشەنگیی یۆنانی کۆن، ئیمپراتۆرەکانی رۆما و ئینکا، شارە پیشەسازییە تازەکان) لەسەر هەمان پلەی ئەو جوتیارە نەخوێندەوارانە راوەستاون کە لە کوخێکی قوڕینی سەدە تاریکەکاندا ژیاون. تاکە شتی گرنگ لەم تیۆرییە بریتییە لە «مەیمونە رووتەکە» -نەوەك ئەو شارستانیەتە مەزنەی مەیمونەکە دروستیکردووە. هەربۆیە دان بە چەند فۆرمێکی کۆمەڵگەدا نانێت کە سەرکەوتوبوون لە خۆراکپێدانی ئەو «مەیمونە»، بەڵام دان

بە کۆمەڵگەی دیکەدا دەنێت کە لێدەگەڕێن ملیۆنان مرۆڤ لە برسا بمرن.

لە لایەکی دیکەوە، هەندێك کەسی دیکە پەیڕەویی لە تیۆرییەکی دیکەی ماتریالیزم دەکەن، کە جەخت لە ڕێگەیەکی نموونەیی دەکاتەوە کە لە توانایدابێت ڕەفتاری مرۆڤ بگۆڕێت. هەروەك چۆن دەتوانرێت ئاژەڵان ڕابهێنرێن لەسەر گۆڕینی ڕەفتاریان لە سێرك یاخود لە دارستاندا -وەك لایەنگرانی ئەم بۆچوونە دەیڵێن- ئەوا ڕەفتاری مرۆڤیش بە هەمان ڕێگە دەکرێت بگۆڕدرێت. گەربێت و کەسانی گونجاو بتوانن بەرپرسیارێتی کۆمەڵگە بگرنەدەست، وەك دەڵێن، ئەوا «سروشتی مرۆڤ» دەکرێت بگۆڕدرێت.

ئەم تێڕوانینە هەنگاوێکی گەورەی بەرەوپێشچوونی تیۆریی «مەیمونی رووت»ە، بەڵام ئەمیش شکستیخواردووە لە ڕاڤەکردنی چۆنیەتی گۆڕانی کۆی کۆمەڵگە. ئەگەر لە مرۆدا هەموو کەس بە تەواوی لەناو کۆمەڵگەدا ڕاهاتبێت (گونجێندرابێت)، ئیتر چۆن دەکرێت ئاستی تاکەکەسێك لەو کۆمەڵگەیەدا بەرزبکرێتەوە بۆ ئەوەی ببینرێت کە میکانیزمەکانی ئەو گونجاندنە چۆن دەگۆڕدرێت؟ ئایا کەمینەیەکی لە لایەن خوداوە هەڵبژێردراو هەیە بەهرەمەندبێت بە بەرگرییەکی تەواو دژی ئەو فشارانەی باڵ بەسەر کۆی مرۆڤەکاندا دەکێشێت؟ ئەگەر هەموومان ئاژەڵی ناو سێرك بین، ئیدی کێ ڕاهێنان بە شێرەکان بکات؟

ئەوانەی باوەڕیان بەم تیۆرییە هەیە، دەستبەجێ بەوە کۆتاییان پێدێت کە دەڵێن ئەگەری گۆڕینی کۆمەڵگە لەئارادا نییە (لە مەدا هاوڕای شوێنکەوتوانی تیۆریی مەیمونە رووتەکەن)، یاخود پێیانوایە گۆڕان بە هۆی شتێکی دەرەوەی کۆمەڵگەوە روودەدات - وەك خودا، یان «پیاوێکی گەورە»، یاخود لە میانەی هێزی ئایدیای کەسەکانەوە. «ماتریالیزمەکەیان» رێگە بۆ جۆرێکی دیکەی «ئایدیالیزم» خۆشدەکات کە لە رێگەی دەرگای پشتەوە بێتەژوورەوە.

وەك مارکس ئاماژەیپێداوە ئەم دۆکترینە (العقیدة) بە زەروری بە دابەشکردنی کۆمەڵگە بۆ دوو بەرە کۆتایدێت، بە جۆرێك یەکێکیان زاڵبێت بە سەر ئەوی دیکەیاندا. ئەم تێڕوانینە «ماتریالیستیە» جگە لە کاردانەوە بە هیچی دیکە دانانرێت. یەکێك لە لایەنگرە بە ناوبانگەکانی ئەم تێڕوانینە لە مرۆدا سایکۆلۆژیستێکی ناوداری ئەمریکییە بە ناوی (سکینەر[2]). سکینەر دەیەوێت خەڵکی رابهێنێت کە بە میتۆدێکی دیارییکراو رەفتاربکەن، بەڵام لە بەرئەوەی خودی خۆی بەرهەمی کۆمەڵگەی سەرمایەداریی ئەمریکییە، کەواتە ئەو میتۆدی «راهینان»ەی پەیڕەوی دەکات بریتییە لە هەوڵێك بۆ گونجاندنی خەڵك لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیەدا.

بۆچونێکی دیکەی ماتریالیستی هەیە، ئۆباڵی ئەو

هەژارییەی لە جیهاندا هەیە دەخاتە ئەستۆی «هەڵکشانی دانیشتوان». (بە گشتی ئەم بۆچونە بەماڵتۆسی ناودەبرێت، کە دەگەڕێتەوە بۆ ئابوریناسی بەریتانی رۆبێرت ماڵتۆس، کە لە سەدەی 18 ژیاوە و یەکەم کەس بووە ئەم تیۆرییەی داهێناوە[3]).

بەڵام ئەم تێڕوانینە ناتوانێت راڤەی ئەوە بکات کە بۆ نموونە بۆچی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا زیادەی بەرهەمی دانەوێڵە دەسوتێنێت، لە کاتێکدا خەڵکانێکیش لە هیندستان لە برسا دەمرن. هەروەها ناشتوانێت راڤەی ئەوە بکات بۆچی ویلایەتە یەکگرتووەکان 150 ساڵ لە مەوبەر توانای بەرهەمهێنانی خۆراکی 10 ملیۆن کەسی نەبوو، بەڵام لە ئێستادا خۆراکی هەمان وڵات بەشی تێرکردنی 200 ملیۆن کەس دەکات.

ئەم تیۆرییە بیریچۆتەوە کە هەموو (زار/ Mouth)ێکی زیاتر کە پێویستی بە خواردنە، هاوکات مرۆڤیکی زیاترە و توانای کارکردن و بە دەستهێنانی سامانی هەیە.

مارکس ئاماژەی بە وەداوە کە هەموو ئەو لێکدانەوە هەڵانە هیچ نین جگە لە فۆڕمی دیکەی ماتریالیزم؛ «ماتریالیزمی میکانیکی» ، «ماتریالیزمی سەرەتایی». هەموو ئەوانە لە بیریانکردووە کە لەگەڵ ئەوەی مرۆڤ وەك بەشێك لە جیهانی ماتریالیی دەژیت، هاوکات تاکەکانیشی کارکەرن و لەتوانایاندایە ئەو جیهانە بگۆڕن.

## لێکدانەوەی ماتریالیستیی مێژوو

«دەکرێت بە بوونی هۆشیاریی، ئاین، یان هەر شتێکی دیکە کە ئارەزوی دەکات، مرۆڤ لە ئاژەڵەکانی دیکە جیابکەینەوە. مرۆڤیش بۆخۆی دەستیکردووە بە خۆجیاکردنەوە لە ئاژەڵانی دیکە، بەوپێیەی دەستپێشخەر بووە لە بەرهەمهێنانی ئامڕازەکانی ژیان - واتە خۆراك و شوێنی نیشتەجێبوون و جلوبەرگ».

هەر لەسەرەتاوە مارکس بەم وشانە فۆکوسی خستەسەر خاڵی بنەڕەتیی جیاکەرەوەی لێکدانەوەکەی بۆ چۆنیەتی گەشەکردنی کۆمەڵگە. مرۆڤ گیاندارێك بووە لە بونەوەری هاوشێوەی مەیمون گەشەی کردووە. وەك هەر گیاندارێکی دیکەش یەکەم کەڵکەڵەیان بریتیبووە لە خۆتێرکردن و پاراستن لە ژینگەی سروشتی و ئاو و هەوا.

ڕێگەی گیاندارانی دیکە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانە پشتبەستنە بە هەڵکەوتەی بایۆلۆجی بۆماوەییان. گورگ بۆ مانەوەی لە ژیاندا بە دوای نێچیرەکەی دەکەوێت و دەیکوژێت، بە ڕێگەیەك کە غەریزە بۆماوەییە بایۆلۆژییەکانی دیاریی دەکەن. ئەو فەروەیەش کە داپپۆشیوە، لە سەرمای شەودا گەرمیدەکاتەوە. بە هەمانشێوە بە ڕێگەی ڕەفتارە بۆماوەییەکانی بێچووەکانی بەخێو دەکات.

بەڵام ژیانی مرۆڤ بەوجۆرە دەقگرتوو، چەسپاو نییە. ئەو مرۆڤانەی (100000 یان 30000 ساڵ) پێش ئێستا لەوسەر

زەمینە بوون، بە ژیانێکی تەواو جیاواز لە ئەمڕۆ ژیاون. لە ناو ئەشکەوت و کوخەکاندا ژیاون، هیچ کەلوپەلێکیشیان نەبووە بۆ هەڵگرتنی خواردن و خواردنەوە، بۆ خۆراك پشتیانبەستبوو بە کۆکردنەوەی تۆوی رووەك و بەردگرتن لە ئاژەڵە کێوییەکان [بە مەبەستی راوکردن]. لە تواناشیاندا نەبووە بنووسن و ژمارەکان بژمێرن، جگە لە ژماردنی پەنجەکانیان. هیچ زانینێکی راستەقینەیان نەبووە دەربارەی ئەوەی دوور لە دراوسێ نزیکەکانیان دەگوزەرێت، یاخود دەربارەی ئەوەی باوانیان لە پێشوودا کردوویانە.

لەگەڵ ئەوەشدا، فۆڕمی فیزیکیی جەستەی مرۆڤەکان (100000 ساڵ) پێش ئێستا، تا رادەیەك لە مرۆڤی هاوچەرخ چووە، بەڵام لە (30000 ساڵ) پێش ئێستادا بە تەواوی هاوشێوە بووە. ئەگەر مرۆڤێکی ئەشکەوتنشین بێنیت دەموچاوی بۆ بشۆریت، سەر و ریشی بتاشیت، قاتێکی بکەیتەبەر و بچێت لەسەر شەقامەکان پیاسە بکات، کەس هەست ناکات ئەمە شتێکی نامۆبێت.

وەك ئارکۆلۆجیستی ئوسترالیی (گۆردن چایڵد) ئاماژەی پێدەکات:

«ئێسکەپەیکەری سەرەتایی بابوباپیرانمان دەگەڕێتەوە بۆ دواقۆناغەکانی چاخی سەهۆڵین... لە سەرەتای دەرکەوتنی ئێسکەپەیکەری مرۆیی لە تۆمارە جیۆلۆجییەکاندا، دەبینین پەرەسەندنی (Evolution) جەستەی مرۆڤ لە خاڵێکی

دیاریکراودا راوەستاوە، سەرەڕای ئەوەی گەشەسەندنە شارستانییەکەی هێشتا لە دەستپێکدا بووە».

سەبارەت بە هەمان بابەت، ئارکۆلۆجیستی کینی (لویس لیکی) دەڵێت:

«جیاوازییە جەستەییەکانی نێوان مرۆڤی هەردوو شارستانیەتی کۆنی (ئۆریگانسی) و (ماگدەلینی) - کە دەگەڕێنەوە بۆ 25000 ساڵ لەمەوبەر- لە لایەك و مرۆڤی ئەمڕۆ لە لاکەی دیکە، بریتین لە جیاوازی لاوەکی، بەڵام جیاوازییە کولتورییەکان زۆر فراوانن».

مانای «کولتور» لە لای ئارکۆلۆجیستەکان بریتییە لەو شتانەی ژنان و پیاوان فێری دەبن و یەکتریش فێردەکەن؛ (چۆنیەتی چنینی جلوبەرگ لە خوری و فەروو، دروستکردنی کەلوپەل لە قوڕ، کردنەوەی ئاگر، دروستکردنی خانو و جێنشینگە، ...هتد) بەراورد بەو شتانەی گیانداران بە شێوەیەکی غەریزی فێریدەبن.

ژیانی مرۆڤە سەرەتاییەکان بە تەواوی جیاوازبووە لە ژیانی گیاندارانی دیکە. ئەوان توانیویانە سیفەتە جەستەییە تایبەتەکانی مرۆڤ بەکاربهێنن - وەك گەورەیی قەبارەی مۆخ، بەکارهێنانی هەر چوارپەلەکە بۆ مامەڵە لەگەڵ شتەکان- هەتاوەکو توانای بەسەر ژینگەی دەوروبەریدا بشکێت و بۆ پێداویستی و داخوازییەکانی بەکاریبهێنێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤ لە توانایدایە لەگەڵ چەندین

بارودۆخی کەمەرشکێندا رابێت، بە بێ روودانی هیچ گۆڕانێك لە هەڵکەوتەی جەستەییدا. ئیدی کاری مرۆڤ تەنها بریتی نەبوو لە کاردانەوە بەرانبەر دەوروبەرەکەی، بەڵکو دەستیکرد بە دەستپێشخەری و هەنگاونان بەرانبەر دەوروبەرەکەی و گۆڕینی بە ئاڕاستەی ویستەکانی خۆی.

لە سەرەتادا مرۆڤ دار و بەردی بەکاردەهێنا بۆ هێرشکردنەسەر گیانەوەرە زیانبەخشەکان، پاشان هەستا بە کردنەوەی ئاگر بۆ فەراهەمکردنی گەرمی و رووناکی بۆخۆی، هاوکات هەستا بە داپۆشینی خۆی بە گەڵای دار و پێستەی ئاژەڵان. بە درێژایی دەیان هەزار ساڵ، مرۆڤ فێری ئاگرکردنەوە بووە، هەروەها لە رێگەی بەردی دیکەوە شێواز و فۆڕمی بە بەردەکان دەبەخشی. هەروەك لە دواییدا فێری چاندنی خۆراکەکان و هەڵگرتنیان لە کەلوپەلی لە قوڕدروستکراودا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا فێری بەخێوکردن وماڵیکردنی ئاژەڵان بوو.

لە (5000 ساڵ)ی مێژووی مرۆڤایەتییدا، کە دەگەڕێتەوە بۆ نیو ملیۆن ساڵی رابردوو، مرۆڤ نهێنیی گۆڕینی مادەی خاوی بۆ مادەی کانزایی فێربوو هەتا بتوانێت ئامڕازە پتەوەکانی لێدروست بکات و وەك چەکێکی کاریگەر پشتی پێ ببەستێت.

هەریەك لەو گەشەسەندنانە کاریگەریی بەرچاویان هەبوو، نەك هەر بە تەنها لە ئاسانکردنی ژیانی مرۆڤدا

بۆ تێرکردن و فەراهەمکردنی جلوبەرگ بۆخۆی، بەڵکو لە گۆڕینی خودی ژیانی مرۆییدا. هەر لەسەرەتاوە ژیانی مرۆڤ کۆمەڵایەتی بووە. مرۆڤ تەنها لە ڕێگەی هەوڵی هاوبەشی چەند کەسێکەوە توانیویەتی دڕندەکان بکوژێت، ئەم هاوبەشییە لە کۆکردنەوەی خۆراك و هەڵکردنی ئاگریشدا جێبەجێبووە.

پێویستبوو مرۆڤەکان هاوکار و هەرەوەزکار بن. ئەم هاوکارییە بەردەوامە یارمەتیدەربوو بۆ گۆکردنی دەنگی تایبەت و پاشان پێکهاتنی زمان. لە سەرەتادا گروپە کۆمەڵایەتییەکان سادە و بچوك بوون. بەرهەمهێنان لە سروشتەوە بەسنەبوو بۆ مانەوەی کۆمەڵی گەورەی مرۆیی لە ژیاندا بە تەندروستییەکی باشەوە، بەڵکو تەنها ژمارەیەکی کەمیان لێدەمایەوە. هەوڵی هەرە گەورەیان لە پێناو کردارە بنەڕەتییەکانی بەرهەمهێنانی خۆراکدا بوو، هەر لەبەرئەوە هەمووان هەمانجۆری کاریان دەکرد و بە هەمانجۆری ژیان دەژیان.

بە بێ بوونی هیچ جۆرە ئامرازێکی هەڵگرتنی خۆراك، خاوەندارێتیی تایبەت و دابەشبوونی چینایەتیش بوونی نەبوو. هیچ جۆرە دەستکەوتێکیش بە دیندەکرا تا ببێتە پاڵنەری جەنگ.

تا چەند ساڵێکی کەم پێش ئێستاش، هێشتا سەدان کۆمەڵگە لە ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا هەبوون، بە هەمان

ئەو ستایلە دەژیان (بۆ نموونە هەندێك هۆزی هندیی لە باکور و باشوری ئەمەریکا، بەشێك لە دانیشتوانی ئەفەریقیا و زەریای هێمن، ئەبرۆجینەکان لە ئوستورالیا).

لێکدانەوەی ئەمە بریتیی نییە لە وەی کە ئەو مرۆڤانە کەمتر لە ئێمە زیرەك بن و خاوەن «عەقڵیەتێکی سەرەتایی» بن. دانیشتوانە رەسەنەکەی ئوسترالیا (ئەبرۆجینەکان) پێویستبوو فێری چۆنیەتی ناسینەوەی هەزارانجۆری رووەك و نەریتی ئاژەڵە جۆربەجۆرەکان ببن، هەتاوەکو بتوانن لە ژیاندا بمێننەوە. ئەنترۆپۆلۆژیستی نیوزلاندیی (رایمۆند فێرس) وەسفی ئەمەی کردووە و دەڵێت:

«دانیشتوانی هۆزە ئوسترالییەکان... نەریت و نیشانە و رێگاکانیماڵیکردن و جیاوازیی وەرزەکانیان لە لای ئەو ئاژەڵانە دەزانی کە دەبوونە خۆراکیان، لەگەڵ ناسینی ماسی و باڵندە نێچیرەکانیان. هەروەها تایبەتمەندییە دەرەکییەکان و بەشێك لە تایبەتمەندییە ناوەکییەکانی تاوێرە بەردەکانیان دەزانی، لەگەڵ ناسینی مۆم و کەتیرە و رووەکەکان و ریشاڵ و توێکڵی دارەکان؛ دەیانزانی چۆن ئاگر بکەنەوە و چۆن گەرمی بەکاربهێنن بۆ کەمکردنەوەی ئازار و راوەستانی خوێنبەربوون، لەگەڵ رێگرتن لە زوو ترشانی خۆراك؛ هاوکات هەڵدەستان بە بەکارهێنانی ئاگر و گەرمی بۆ دروستکردنی شێوەی جیاجیا لە دار و تەختە و بە هێزکردن یان نەرمکردنەوەی بە پێی پێویست... هەروەها چەند شتێکیان دەزانی دەربارەی

چاودێریکردنی کاتەکانی دەرکەوتنی مانگ، هەڵکشان و داکشانی ئاوەکان، سوڕی ئەستێرەکان، چاودێریکردنی کاتی وەرزەکان. پاشان توانییان لە گۆڕانکارییەکانی ئاو و هەوا و سیستەمی بایەکان و تایبەتمەندیی سالانەی شێ و پلەی گەرمی تێبگەن، لەگەڵ تێبینیکردنی گەشەی زیندەوەرە سروشتییەکان... جگە لە وانەش، بە شیوەیەکی زیرەکانە و ئابوورییانە بەرهەمی ئەو ئاژەڵانەیان بەکاردەهێنا کە لە پێناو خۆراکدا دەیانکوشتن، گۆشتی کەنگەریان دەخوارد و ئێسکی گەورەی قاچەکانیان لە دروستکردنی ئامێری بەردین و بزماردا بەکاردەهێنا، ژێ و ماسولکەکانیان بۆ بەستنی رم و تیر بەکاردەهێنا، نینۆکی ئاژەڵەکانیان بە مۆم دەکرد بە پەتێکەوە و ملوانکەیان لێدروستدەکرد، رۆن و کەتیرەی سوریان تێکەڵدەکرد و هاڕاوەیەکیان لێدروستدەکرد، خەڵوزی رووەکیی و خوێنیان تێکەڵدەکرد و بۆ بۆیەکردن بەکاریاندەهێنا. بڕێك زانینیشیان هەبوو دەربارەی بنەماکانی کاری میکانیکی، وەك دروستکردنی بۆمێرەنگ (پارچە دارێکی لولپێچ بوو، بەرە بەرە دەیانچەماندەوە تاوەکو کەوانەیەکی تەواو دروستی لێپێکدەهات)».

زۆر لە ئێمە «کارامەتربوون» لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی مانەوە لە بیابانی ئوسترالیادا. ئەوەی کە فێری نەبوون، بریتبوو لە چۆنیەتیی چاندنی تۆو بۆ بەرهەمهێنانی خۆراك -فێربوونی ئەم کارە دەگەڕێتەوە بۆ باپیرانمان لە

(5000 ساڵ) پێش ئێستا، پاش ئەوەی زانییان مانەوەی دەنکێك تۆو لە ژێر زەویدا دەبێتە هۆی زیادبوونی بۆ سەدان هێندە لە چاو ساڵانی پێشوو.

پەرەسەندنی تەکنیکە تازەکانی بەرهەمهێنانی سامان -یاخود ئامرازەکانی بژێویی مرۆڤ- بووە هۆی سەرهەڵدانی فۆرمی نوێی هاوکاریی نێوان مرۆڤەکان، یاخود سەرهەڵدانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نوێ.

بۆ نمونە، کاتێك لە سەرەتادا مرۆڤ فێری بەدەستهێنانی خۆراك بوو (بە هۆی چاندنی تۆو وماڵیکردنی ئاژەڵ)، هەروەها فێری هەڵگرتنی خۆراکەکە بوو (لە کەلوپەلی لە قوڕدروستکراو)دا، ئەمە بە شۆڕشێکی تەواو دادەنرێت لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا -کە لە لایەن ئارکۆلۆژیستەکانەوە بە شۆڕشی نیولیتیك (چاخی بەردین) ناودەبرێت. پێویستبوو لەسەر مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتردا هاوکاربن بۆ کێڵان و چاندنی زەوی و دروێنەکردنی خۆراك و راوکردنی ئاژەڵ. بەمجۆرە دەیانتوانی بە ژمارەی گەورەتر لە پێشوو لەگەڵ یەکتردا بژین و خۆراکەکانیان هەڵبگرن و دەستبکەن بە گۆڕینەوەی کاڵاکانیان لەگەڵ گروپی دیکەی مرۆڤ.

بەمجۆرە یەکەم ئاماژەکانی گەشەسەندنی شارەکان دەرکەوتن. بۆیەکەمجار تواناى پێکەوە ژیانی کۆمەڵێك کەس فەراهەمبوو، ژیانێك هەر بەتەنها بۆ پەیداکردنی خۆراك نا: بەڵکو هەندێك تایبەتمەندبوون لە دروستکردنی کەلوپەل،

هەندێکی دی لە تواندنەوەی کانزاکان و پاشان کردنی ئەو کانزایە بە ئامێر و چەك، هەندێکی دیکە تایبەتمەندبوون لە ئەرکە کارگێڕییە سەرەتاییەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری هەموو نشینگەکە. لەهەموو ئەوانە گرنگتر ئەوەبوو کە زیادەی خۆراك بووە پاڵنەرێك بۆ جەنگ.

مرۆڤ دەستیکرد بە دۆزینەوەی ڕێگەی نوێ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ جیهانی دەوروبەری، یاخود هێنانەژێرباری سروشت بۆ خزمەتی پێداویستییەکانی خۆی، بەڵام لە میانەی ئەم کارەدا، بە بێهیچ زانین و مەبەستێك، گەشەیان بە ژیان و بەو کۆمەڵگەیەدا کە تێیدا دەژیان. مارکس ئەم کردارەی لە وەدا چڕکردۆتەوە کە دەڵێت: گەشەسەندنی «هێزەکانی بەرهەمهێنان» بووە هۆی گۆڕینی «پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان»، لە وێشەوە گۆڕینی کۆی کۆمەڵگە.

چەندین نموونەی هاوچەرخ هەن. پێش300ساڵ، زۆرینەی زۆری خەڵکی ئەم وڵاتە [بەریتانیا] لەسەر بەرهەمەکانی زەوی دەژیان، بە هۆی ئامێرگەلێکەوە خۆراکیان بەرهەمدەهێنا کە بە درێژایی چەنین سەدە گۆڕانێکی وەهایان بەسەردا نەهاتبوو. هاوکات ئاسۆی بیرکردنەوەیان لە جوغزی گوندەکەیاندا تێنەدەپەڕی، تێڕوانینەکانیشیان بە رادەیەکی زۆر کاریگەربوو بە کڵێسا. زۆرینەی زۆریان پێویستییان بە خوێندنەوە و نوسین نەبوو، هەرگیز فێریش نەبوون.

هەروەها 200 ساڵ پێش ئێستا، پیشەسازی دەستیکرد

بە گەشەسەندن. دەیان هەزار کەس ڕۆیشتن بۆ کارکردن لە کارگەکان. بەو جۆرە وەرچەرخانێکی گەورە لە ژیانیاندا ڕوویدا. لە ئێستاشدا تاکەکان لە شارە گەورەکاندا دەژین، نەوەک گوندە بچوکەکان. پێویستییان بە فێربوونی کۆمەڵێك کارامەیی هەیە، کە بابوباپیرانیان خەونیشیان پێوەنەدیوە، لە وانە فێربوونی خوێندنەوە و نووسین. هەروەك چۆن بە پەیدابوونی هێڵی ئاسنین و پاپۆڕەکان توانای گەشتکردنی بە دەوری گۆی زەویدا پێبەخشین. هەربۆیە بە هیچ جۆریك ئایدیا کۆنەکانی لە قەشەکان فێریبووبوون، لە ژێر سایەی ئەم پێشکەوتنانەدا بەکەڵکیان نەدەهات. شۆڕشی ماتریاڵیی لە بەرهەمهێناندا، بووە هۆی بەرپاکردنی شۆڕشێك لە شێوازی ژیان و ئەو ئایدیایانەی جێباوەڕیان بوون.

لە ئێستاشدا هێشتا هەندێك لەو گۆڕانکارییانە هەن، کە کاریگەرن لەسەر ژیانی زۆرێك لە مرۆڤەکان. بۆ نموونە بڕوانە لە ڕێگەی چوونی تاکێك لە بەنگلادیش و تورکیاوە بۆ کارگەکانی ئینگلتەرا و ئەڵمانیا بە مەبەستی کارکردن. تەماشاکە زۆرێك لە وانە دەبینن نەریتە کۆنەکان و ئاڕاستە ئاینییەکەیان بە کەڵکیان نایەت.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ 50 ساڵ پێش ئێستا و ڕێگەی باوی کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ، تەماشاکەین چۆن ئەم گۆڕانە یارمەتیدەریانبوو بۆ بەرهەڵستیکردنی ئەو ئایدیا کۆنانەی کردبوونی بە موڵکی مێردەکانیان.

رووداني گۆڕانكاری بەسەر كاركردنی مرۆڤەكان لەگەڵ یەكتردا بۆ بەرهەمهێنانی خۆراك و جلوبەرگ و شوێنی نیشتەجێبوون، سەریكێشا بۆ گۆڕان لە میتۆدەكانی ڕێكخستنی كۆمەڵگە و ئاڕاستەی مرۆڤەكان تێیدا. ئەمەیە نهێنی گۆڕانی كۆمەڵایەتی - گۆڕانی مێژوو- كە زۆرێك لە بیرمەندانی پێش ماركس (زۆرێكی دیكەش لە سەردەمی ماركسدا) نەیانتوانیبوو لێی تێبگەن، وەك ئایدیالیستەكان و ماتریالیستە میكانیكیەكان.

ئایدیالیستەكان دەیانگوت گۆڕانێك هەیە، كەچی دەڵێن ئەو گۆڕانە لە ئاسمانەوە هاتووە، بەڵام ماتریالیستە میكانیكیەكان پێیانوایە مرۆڤ لەگەڵ جیهانی ماتریالیی رادێت، بەڵام هەرگیز چۆنیەتی رووداني گۆڕانكارییەكەیان نەزانیوە. لێرەدا بۆچوونی ماركس دێتەئاراوە، كە پێیوایە مرۆڤ لەگەڵ جیهانی دەوروبەری راهاتووە، بەڵام هاوكات كارلێكی هەبووە بەسەر ئەو جیهانەدا و كاریكردووە تا زیاتر بۆ ژیان گونجاوبێت. لە مەشدا ئەو بارودۆخەیان گۆڕیوە كە تێیدا ژیاون، بەوجۆرە هەستاون بە گۆڕینی خۆشیان.

كلیلی تێگەیشتن لە گۆڕانكاریی كۆمەڵگە بریتییە لە تێگەیشتنی چۆنیەتی مامەڵەی مرۆڤ لەگەڵ كێشەی بەرهەمهێنانی خۆراك و شوێنی نیشتەجێبوون و جلوبەرگیان. ئەمە خاڵی دەستپێك بوو بۆ ماركس، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت كە ماركسییەكان پێیانوابێت گەشەسەندنی تەكنەلۆژیا راستەوخۆ كۆمەڵگەیەكی باشتر پێكدەهێنێت، یاخود پێیانوابێت دۆزینەوە

زانستییەکان ئۆتۆماتیکی دەبنە هۆی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا. مارکس ئەم تێڕوانینە ڕەتدەکاتەوە (کە زۆرجار بە حەتمییەتی تەکنەلۆژی -Technological Determinism- ناودەبرێت). جار لە دوای جار لە مێژوودا خەڵکی هەستاون بە ڕەتکردنەوەی ئەو ئایدیایانەی گەشەدەدەن بە بەرهەمهێنانی خۆراك و شوێنی نیشتەجێبوون و جلوبەرگ، لە بەرئەوەی ئەم گەشەسەندنە لەگەڵ ئاڕاستە و فۆڕمەکانی کۆمەڵگەی باودا بەریەکدەکەوێت.

بۆ نموونە، لە ژێرسایەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا، گەلێك ئایدیا هەبوون سەبارەت بە چۆنیەتی بەرهەمهێنانی بەروبوومی زیاتر لە رووبەرێکی زەوی دیاریکراودا، بەڵام خەڵکەکە ئەم کارەیان نەکرد، چونکە پێویستی بە دڵسۆزییەك هەبوو لە کارکردندا، زیاتر لە وەی لە کۆیلەیەکی کارکەر لە ژێر ترس و لە رزی قامچیدا چاوەڕێدەکرا. کاتێکیش بەریتانییەکان فەرمارەوایی ئێرلەندایان گرتەدەست لە سەدەی هەژدەدا، هەوڵیاندا گەشەی پیشەسازیی لەو وڵاتە رابگرن، چونکە لەگەڵ بەرژەوەندیی بزنسمانەکانی لە ندەندا بەریەکدەکەوتن.

ئەگەر کەسێك بهاتبایە و رێگەیەکی دیاریکراوی پیشکەشبکردایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەمی خۆراك لە هندستان بە سەربڕینی مانگا پیرۆزەکانیان، یاخود کەسێك هەوڵی فەراهەمکردنی گۆشتی پێویستی بدایە بۆ هەموو تاکێکی بەریتانیا لە رێگەی ئامادەکردنی گۆشتی مشکەوە، ئەمجۆرە کەسانە پشتگوێدەخران، چونکە خەڵك زیاتر

دەستیانگرتبوو بە تێگەیشتنە باوەکانیانەوە.

گەشەسەندن لە بەرهەمهێناندا، تەحەدای تێگەیشتنە کۆن و ڕێگە کۆنەکانی ڕێکخسنی کۆمەڵگەی دەکرد، بەڵام ئەو گەشەسەندنە نەیدەتوانی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەو تێگەیشتنە کۆن و فۆڕمە باوانەی کۆمەڵگە ببەزێنێت. گەلێك کەس شەڕی ڕێگرتن لەو گۆڕانکاریانەیان دەکرد – لە بەرانبەریشدا ئەوانەی دەیانویست میتۆدی نوێ لە بەرهەمهێناندا بەکاربهێنن، پێویستبوو لەسەریان شەڕبکەن لە پێناو بەدیهێنای گۆڕانکاریەکەیاندا. ئەگەر شەڕەکە بە سەرکەوتنی بەرهەڵستکارانی گۆڕانکاری کۆتاییهات، ئەوا فۆڕمە تازەکانی بەرهەمهێنان بەکارنەدەخران و کۆمەڵگە توشی وەستاویی(رکود/ stagnancy) دەهات یاخود دەگەڕایەوە بۆ دواوە.

**لێکدانەوەی مارکسیستی دەڵێت:**

کاتێك گەشەسەندنێك لە هێزەکانی بەرهەمهێناندا ڕوودەدات، ڕاستەوخۆ تووشی بەرکەوتن دەبێت لەگەڵ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە باوەکان و ئەو ئایدیایانەی لەسەر بنەمای هێزە کۆنەکانی بەرهەمهێنان گەشەیانکردووە. لەم کاتەدا یان ئەوانە سەردەکەون کە لایەنگری هێزە نوێیەکانی بەرهەمهێنانن، یاخود سەرکەوتن بۆ بەرەی لایەنگرانی سیستەمە کۆنەکە دەبێت. لە دۆخی یەکەمدا کۆمەڵگە بەرەوپێشەوە دەچێت، لە دووەمیشدا کۆمەڵگە دەوەستێت، یاخود بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە.

**پەراوێز:**

1. The Naked Ape ئەم کتێبە لە نووسینی ئاژەڵناس و ڕەوشتناس (دیزمۆند مۆریس)ە. ساڵی ١٩٦٧ چاپ و بڵاوبۆتەوە. مۆریس بەرپرسی ئاژەڵە شیردەرەکانی باخچەی ئاژەڵانی لەندەن بووە. کتێبەکە لە هەشت بەش پێکهاتووە و باس لە گەشەسەندنی ئەندامیی و سێکسیی و کۆمەڵایەتیی مرۆڤ دەکات. جیاوازی تێزەکەی (مۆریس) لەگەڵ تێزەکەی (داروین) بریتییە لەوەی کە داروین پێیوایە لە گەشەی مرۆڤ و گەیشتن بەم مرۆڤەی ئێستا کە پێیدەگوترێت مرۆڤی هاوچەرخ، بازنەیەکی ونبوو هەیە، بەڵام مۆریس پێی وایە خودی مرۆڤی هاوچەرخ بریتییە لە بازنە ونبووەکە! بەو مانایەی ئەم مرۆڤەی ئێستا کە بە (هۆمۆ ساپید/ مرۆڤی ژیر) ناسراوە، هێشتا ڕێڕەوی بەمرۆڤبوونی تەواوەتی نەبڕیوە، هەربۆیە پێیوایە بوونەوەرێکی دیکەی مرۆیی (هۆمۆ) دێت و ئەو دەبێتە مرۆڤی تەواو.

به کورتییەکەی مۆریس پێیوایە ئەو بونەوەرە نامۆیەی «ناوی لەخۆی ناوە ئینسان» هیچ نییە جگە لە ئاژەڵێکی ئاسایی و وەک بوونی جیاوازیی لەنێوان هەموو ئاژەڵاندا، ئەم ئاژەڵەش چەند جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ ئاژەڵەکانی دیکە. هەر ناوی کتێبەکەش لەوەوە هاتووە کە پێی وایە مرۆڤ تەنها ئاژەڵێکی مەیمونئسایە، بەڵام جەستەی ڕووتە، واتە بە تووک دانەپۆشراوە، هۆکاری لەدەستدانی ئەو داپۆشەرەی جەسەتەی مرۆڤیش دەگەڕێنێتەوە بۆ هۆکاری سروشتیی و ژیانکردن، و ئەگەر ئێستا هەر مەیمونێک بێنیت و بەو قۆناغ و ئاووهەوایەدا بڕوات کە مرۆڤی پێدا ڕۆیشتووە، ئەوا

مەیمونەکەش بێ تووک و ڕووت دەبێت.

ئەوەی جیاوازە لە لێکۆڵینەوەکەی مۆریسدا، ئەوەیە کە هیچ کام لە تیۆرییەکانی بنەڕەتی مرۆڤ لە ئاین و ئەدەب و سۆسیۆلۆژیا و ئابووریی لەبەرچاو نەگرتووە و لێکۆڵینەوەیەکی تەواو سەربەخۆیە. پێیوایە ئەم بوونەوەرە نامۆیە (مرۆڤ) وەچەیەکی کەمێک پێشکەوتووی مەیمونە، هەروەها لەو باوەڕەدایە ئەگەر ١٩٢ جۆری مەیمون هەبێت، دەبێت مەیمونە ڕوتەکەشی بخرێتەسەر و ببێت بە ١٩٣ جۆر.

ئایدیای مارکسیزم ئەم تێزە ڕەتدەکاتەوە، چونکە ئەگەر بەپێی ئەم تێزەی مۆریس بێت ئیدی هەموو هەوڵێک بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە و دەرهێنانی مرۆڤ لە زەلکاوی چەوساندنەوە و هەژاریی، هەوڵێکی بێهودەیە و ئیمکانی گۆڕینی مرۆڤ نییە.

2. Burrhus Frederic Skinner (1904-1990) ڕەفتارناس و سایکۆلۆژیستێکی ئەمریکییە، خاوەنی تیۆریی (مەرجیی جێبەجێکردنە)، سکینەر پێیوایە دوو جۆر ڕەفتار هەیە، جۆرێکیان ڕەفتارێکی بایۆلۆژی-نائیرادییە و ئەو کردەوە و ڕەفتارانەی مرۆڤ دەگرێتەوە کە لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا نین و زیاتر کاردانەوەیەکی سروشتیین، کە سکینەر گرنگی بەم جۆرە ڕەفتارە نادات. جۆری دووەم لە ڕەفتاری مرۆڤ کە چەقی گرنگی پێدانی سکینەرە، بریتیین لەو ڕەفتارانەی کە دەرئەنجامی کاردانەوە یاخود وروژێنەرێکی سروشتیی نین، بەڵکو ڕەفتارێکی ئاڕاستەکراوە، ڕەفتاری یەکەم پێویستی بە وروژێنەرێکی سروشتی هەیە، بەڵام ڕەفتاری دووەم پێویستی بەو وروژێنەرە سروشتییە نییە، یان ڕاستتر بڵێین وروژێنەرەکەی

بریتییە لە (پاداشت کردن و هاندان)، بەو مانەیەی ئەگەری زیاتر دووبارەکردنەوەی ئەو ڕەفتارانە پەیوەستە بە پاداشتکردنەکەوە، دەکرێت هاندان و پاداشتکردنی مرۆڤ بۆ جۆرێکی تایبەت لە ڕەفتار، ئەو ڕەفتارە تاڕادەیەک ببێتە ڕەفتارێکی سروشتی لەو کەسەدا و ببێتە بەشێک لە کەسایەتییەکەی. واتە دەکرێت مرۆڤ فێری ئەو کارە ببێت کە لەلایەن دەرەوەی خۆیەوە هاندەدرێت.

3. Thomas Robert Malthus (1766-1834) ئابووریناس و توێژەری دیمۆگرافیی ئینگلیزیی. گەلێک نووسراوی دەربارەی ئابووری و کێشەی دانیشتوان هەیە، ساڵی ١٧٩٨ تیۆرییە سەرەکییەکەی خۆی دەربارەی بنەماکانی دانیشتوان بڵاوکردەوە.

ماڵتۆس بەهیچ جۆرێک هەژاریی و برسێتیی ناخاتە ئەستۆی سیستمی فەرمانڕەوا و دەوڵەت، بەڵکو پێی وایە بەرپرسیارێتییەکە دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی خودی مرۆڤ و چۆنیەتی ژیانی. ئەو پێیوایە گەشەی (دانیشتوان) و (خۆراک و پێداوستییەکان) هاوشانی یەکتر گەشەناکەن، بەڵکو ژمارەی دانیشتوان زیاتر دەبێت، چونکە گەشەی دانیشتوان گەشەیەکی «ئەندازەییە»، واتە دانیشتوان بەمشێوەیە زیاددەکات (٢ ٤ ٨ ١٦ ٣٢ ٦٤ ...)، بەڵام گەشەی خۆراک و پێداویستییەکان لاوازترە چونکە گەشەیەکی «ژمارەییە»، واتە خۆراک و پێداویستییەکان بەمشێوەیە زیاددەکات (٢ ٤ ٦ ٨ ١٠ ١٢ ...). کەواتە بەشیوەیەکی حەتمی قەیرانی کەمی خۆراک و زۆری دانیشتوان ڕوودەدات. بەڵام لاوازیی تیۆرییەکەی ماڵتۆس لەوەدایە، ئەو ڕەوایەتییەی دەیدات بە گەشەی خێرای دانیشتوان نایدات بە گەشەی خۆراک، ئەمە لە کاتێکدا کێ خۆراک بەرهەمدەهێنێت؟

بێگومان مرۆڤ (واتە دانیشتوان)، کەواتە «دەکرێت» هەموو زیادبوونێکی دانیشتوان ببێتەهۆی زیادبوونی بەرهەمهێنانی خۆراک و پێداویستییەکانی ژیان. خاڵێکی دیکەی لاوازی تیۆرییەکەیماڵتۆس بریتییە لە لەبەرچاونەگرتنی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و گەشەی کۆمەڵگە و گواستنەوەی کۆمەڵگە و گەیشتن بەوپەڕی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیی بەرهەمهێنان، کە ئەگەر ‹دەستێکی دیکەی ماڵتۆسیی› ڕێگر نەبێت ئەوا هەموو ئەم پێشکەوتنانە لە ئامڕازەکانی بەرهەمهێنان دەکرێت ببنەهۆی کەمکردنەوەی هەژاریی و برسێتیی بەبێ ئەوەی گەشەی دانیشتوان بتوانێت ڕێگر بێت.

خاڵێکی کۆمیدیی هاوکات نائەخلاقی لەم تیۆرییەی ماڵتۆسدا هەیە دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامگیرییەی کە بۆ ڕێگرتن لە کورتهێنانی خۆراک پێویستە ڕێگری لە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بکرێت، ئەم ڕێگرییە چۆن ڕوودەدات؟ ماڵتۆس پێیوایە (جەنگ و کوشتارە بەکۆمەڵەکان، کارەساتە سروشتییەکان، ڕوونەدانی هاوسەرگیریی و نەوەخستنەوە، ...) ڕۆڵی ئەو ڕێگرییە دەبینن و تەنانەت ڕەوایەتییان پێدەدات!

## بەشی 3
## خەباتی چینایەتی

ئێمە لە کۆمەڵگەیەکدا دەژین بەسەر چەند چینێکدا دابەشکراوە، کەمینەیەك بەهرەمەندبووە لە سامانی تایبەتیی زەبەلاح، زۆرینەشمان خاوەنی شتێك نین شایەنی باس بێت. بە سروشتی خۆمان بەرەو ئەوگریمانەیە دەڕۆین کە شتەکان هەمیشە هەر بەوجۆرە بووە، بەڵام لە راستیدا، بەشی هەرە زۆری مێژووی مرۆڤ خاڵیبووە لە چین و خاوەندارێتیی تایبەت و پۆلیس و سوپا. ئەمە دۆخی مرۆڤ بووە لە ماوەی نیو ملیۆن ساڵ لە گەشەی مرۆڤەوە هەتاوەکو (5 یان 10 هەزار ساڵ)ی رابردوو.

پێشئەوەی لە توانای تاکێکدا بووبێت لە پێویستیەکانی خۆی بۆ بەردەوامبوون لەسەر کارکردن خۆراکی زیاتر بەرهەمبهێنێت، هیچ ئیمکانێك نەبووە بۆ دابەشکردنی کۆمەڵگە بەسەر چینەکاندا. کەواتە هێشتنەوەی کۆیلەیەك چی سوودێکی دەبوو، لە کاتێکدا پێویستی بە بەکاربردنی بەرهەمەکەی خۆی هەیە بۆمانەوەی لە ژیاندا؟

بەڵام دوای خاڵێکی دیاریکراو، پێشکەوتنی بەرهەمهێنان نەك هەر رێگەی لە بەردەم دابەشبوونە چینایەتییەکاندا کردەوە، بەڵکو ئەودابەشبوونەی کرد بە شتێکی زەروریی. ئیدی توانای بەرهەمهێنانی خۆراك گەیشتە ئاستێك دوای بەرکەوتەی بەرهەمهێنەرە راستەوخۆکان بە بڕێك لەو خۆراکە کە تەنها بەشی ئەوەی دەکرد بە زیندوویی بیانهێڵێتەوە، زیادەیەکیشیی لێدەمایەوە. پاشان ئامڕازی هەڵگرت و گواستنەوەی ئەم خۆراکە لە جێیەکەوە بۆ جێیەکی دی پەیدابوو.

ئەوانەی بەرهەمی کارەکەیان بریتیبوو لەوخواردنە زیادەیە (Surplus)، بە ئاسانی دەیانتوانی خواردنی لە وە زیاتریش بخۆن. لەگەڵ ئەوەی لە ژیانێکی کولەمەرگی و هەژارانەدا دەژیان، هاوکات بە قورسی فریودراویش بوون، بەڵام لە نەبوونی توانای خۆپاراستندا لە بەرانبەر وێرانکارییەکانی سروشت، کە لە ساڵی داهاتوودا برسێتی و تۆفانی بە دوای خۆیدا دەهێنا، هەروەها بێدەسەڵاتییان لە

رووبەڕووبوونەوەی هێرشی هۆزە برسییەکان لە دەرەوەی ناوچەکە، ناچاربوون ئەم دۆخە قبوڵبکەن.

سەرەتا لە بەرژەوەندیی هەمواندا بوو کە گروپێکی تایبەت لە خەڵکەکە بەرپرسیارێتی ئەم سامانە زیادەیە بگرێتە ئەستۆ و هەڵیبگرێت وەك ئامادەکارییەك بۆ کارەساتەکانی داهاتوو، بەکاریبهێنن بۆ پاڵپشتیکردنی پیشەکارەکان و دروستکردنی ئامرازەکانی بەرگری، هەروەها گۆڕینەوەی بەشێك لێی لەگەڵ خەڵکانی دوور لە خۆیان لە بەرانبەر شتی بەسوددا. سەرەتای بەڕێوەچوونی ئەم چالاکییانە لە شارە سەرەتاییەکاندا بوو، کە کارگێڕ و بازرگان و پیشەکارەکانی تێدا دەژیا. سەرەتاکانی گەشەسەندنی نووسینیش دەگەڕێتەوە بۆ هێمای سەر ئەو پلێتانەی بۆ پاراستنی تۆمارەکانی تایبەت بە جۆرە جیاوەزەکانی سامان بە کاردەهات.

ئەمانە سەرەتای ئەو هەنگاوە دژوارانەبوو کە پێیدەوترێت «شارستانێتی»، بەڵام هەموو ئەم شارستانیەتە لەسەر کۆنترۆڵکردنی زیادە بەرهەم لە لایەن کەمینەیەکی دانیشتوانەوە راوەستاوە. ئەو کەمینەیە سامەنەکەی بۆ بەرژەوەندیی خۆی و کۆی کۆمەڵگەکە بەکاردەهێنا. چەند هێندە بەرهەمهێنان گەشەیکردبێت، هێندەش ئەو سامانەی لە دەستی ئەو کەمینەیەدا کۆبووبوەوە زیادی دەکرد، هاوکات ئەو بڕەی ئەم کەمینەیە لە کۆی کۆمەڵگە دەیانبڕی بۆخۆیان، بەهەمانشێوە زیادی دەکرد. ئەو «رێسا»یانەی

وەك ئامرازێك بۆ سوودی کۆمەڵگە بە کاردەهاتن، بوون بە «یاسا»، ئەم یاسایەش پێداگربوو کە ئەو سامانەی لە زەوییەوە بەرهەمهاتووە «خاوەندارێتیە تایبەتەکەی» دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەمینەیە. ئیدی دروستبوونی چینی حاکم دەرکەوت و یاساکانیش بەرگرییان لە دەسەڵاتەکانی دەکرد.

دەشێت پرسیاری ئەوە بکرێت ئایا کۆمەڵگە دەیتوانی بە شێوەیەکی دیکە گەشەبکات سەبارەت بە وانەی لە زەوییەکاندا کاریاندەکرد هەتاوەکو بتوانن پارێزگاری لە بەرهەمەکانیان بکەن؟

وەڵامەکە بریتییە لە نەخێر، نەك بە هۆی «سروشتی مرۆڤ»ەوە، بەڵکو بە هۆی ئەوەی هێشتا کۆمەڵگە گەلێك هەژار بوو. زۆرینەی دانیشتوانی زەوی بە تەواوی سەرقاڵبوون بە هەڵپشکنینی خاك لە پێناو ژیانێکی کولەمەرگیدا، هیچ کاتێکیان نەبوو بۆ گەشەپێدانی سیستەمی خوێندنەوە و نوسین، یاخود دروستکردنی کاری هونەریی و بونیادنانی کەشتیی بازرگانی، یان دانانی نەخشەی جوڵەی ئەستێرەکان و دۆزینەوەی بنەماکانی ماتماتیك و خۆئامادەکردن بۆ کاتی روودانی زریانەکان و هەڵکەندنی نۆکەندەکان. ئەم شتانە تەنها کاتێك رودەدەن کە بەشێك لە پێداویستییەکانی ژیان لە زۆرینەی کۆمەڵانی خەڵکەوە وەربگیرێت و بەکاربهێنرێت بۆ پارێزگاریی لە ژیانی کەمینەیەکی خاوەن ئیمتیاز کە بێگومان لە خۆرهەڵهاتنەوە تا خۆرئاوابوون، ڕەنجییان نەدەکێشا.

بە هەرحاڵ، ئەمە بەومانایە نایەت کە دابەشکاریی چینایەتی بۆ ئەمڕۆش پێویستبێت. سەدەی نۆزدە چەشنێك لە گەشەسەندنی بەرهەمهێنانی بە خۆیەوەبینی کە لە سەروی خەیاڵی کۆی مرۆڤایەتییەوە بووە لە رابردودا. توانای زاڵبوون بەسەر دەگمەنیی سروشتیدا هاتەئاراوە -ئەوەی لە ئێستادا هەیە بە دەگمەنییەکی دەستکرد دادەنرێت و بە هۆی لە ناوبردنی کۆگاکانی خۆراك لە لایەن حکومەتەکانەوە پەیدابووە. کۆمەڵگەی چینایەتیی ئەمڕۆ مرۆڤایەتی بەرەو دواوە دەگەڕێنێتەوە، نەوەك بەرەو پێشەوە.

ئەمە تەنها گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی نەبوو لە کۆمەڵگە تەواو کشتوکاڵییەکانەوە بۆ شارە گەورە و بچوکەکان، کە بە زەروری دابەشکاریی چینایەتیی نوێی خوڵقاندووە. بەڵکو ئەم کردارە هەموو زەمەنێك بە پەیدابوونی رێگەی نوێی بەرهەمهێنانی سامان دووبارە دەبێتەوە.

بەمجۆرە، نزیکەی 1000 ساڵ پێش ئێستا لە بەریتانیا دا، چینێکی دەسەڵاتدار لەو بارۆنە فیودالانە پێکهات کە دەیانتوانی کۆنترۆڵی زەوییەکانیان بکەن و لەسەر شانی کۆیلەکان دەژیان. بەڵام تەنها دەستپێکی گەشەسەندنێکی بە هێزی بازرگانی، هاوکات بووە سەرەتایەکیش بۆ گەشەکردنی چینێکی نوێی تایبەت لە بازرگانانی دەوڵەمەند لە ناو شارەکان. کاتێکیش پیشەسازی لەسەر ئاستێکی گەورە گەشەیکرد، ئیدی خاوەن سەرمایەگوزارییە پیشەسازییەکان دەستیانکرد بە کێبڕکێی توانای یەکتر.

لە هەموو قۆناغیکی گەشەسەندنی کۆمەڵگەدا، چینێکی چەوساوە هەیە، لە میانەی هێزی کارکردنییەوە سامانێکی خوڵقاندووە، چینە فەرمانڕەواکەش کۆنترۆڵی ئەو سامانەی کردووە، بەڵام لە بەرئەوەی کۆمەڵگە بەرەوپێشەوەچووە، هەردوو چینی «چەوساوە» و «چەوسێنەر» ملکەچی گۆڕانکارییەکان بوون.

لە کۆمەڵگەی کۆیلەداریی رۆمای کۆندا، «کۆیلە» خاوەندارێتیی تایبەتیی چینی فەرمانڕەوا بوو. خاوەنی کۆیلەکە دەبووە خاوەنی ئەو کاڵایەش کە کۆیلەکە بەرهەمی دەهێنا لە بەرئەوەی خاوەنی خودی کۆیلەکەیە، رێك بەوجۆرەی خاوەندارێتی شیر دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنی مانگاکە.

لە کۆمەڵگەی فیودالیی سەدەکانی ناوەڕاستدا، سێرفەکان[1] خاوەن زەویی تایبەت بە خۆیان بوون و خۆیان خاوەنی بەرهەمی ئەو زەوییە بوون، بەڵام لە بەرانبەر هەبوونی ئەو زەوییەدا، پێویستبوو ساڵانە لە هەندێك رۆژی دیاریکراودا چەند کارێك لە زەوی ئاغاکاندا بکەن. بەم پێیەش کاتەکانیان دابەش دەبوو، دەشێت نیوەی کاتەکانیان بۆ ئاغاکان تەرخانکردبێت و نیوەکەی دیکەش بۆخۆیان، ئەگەر کارکردنیان بۆ ئاغاکە رەتبکردایەتەوە، ئەوا دەیتوانی بە قامچی و زیندانیکردن، یاخود لە وەش خراپتر سزایان بدات.

لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریی هاوچەرخدا، بەڕێوەبەر خاوەنی جەستەی کرێکار نییە و رێگەشی پێنادرێت سزای جەستەیی بدات ئەگەر کرێکارەکە رەتیکردەوە کارێك بکات

که لەبەرانبەریدا کرێی پێنەدرێت، بەڵام بەڕێوەبەر خاوەنی کارگەکانە کە کرێکار ناچارە کارێکیان تێدا بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی نەمرێت و لە ژیاندا بمێنێتەوە. لە بەرئەوە، زۆر ئاسانە بۆ بەڕێوەبەر کرێکارەکە ناچاربکات ئەو کرێیە وەربگرێت کە پێیدەدات و زۆر کەمترە لە بەهای ئەو کاڵایەی خودی کرێکارەکە لەو کارگەیەدا دروستی کردووە.

لە هەریەك لەو حاڵەتانەدا [کۆمەڵگەی کۆیلەداریی رۆمای کۆن، کۆمەڵگەی فیودالیی سەدەکانی ناوەڕاست، کۆمەڵگەی سەرمایەداریی هاوچەرخ]، چینی ستەمکار کۆنترۆڵی ئەو سامانەدا دەکات کە دوای پڕکردنەوەی تەنها پێداویستییە هەرە سەرەتاییەکانی کرێکار ماوەتەوە. خاوەن کۆیلە دەخوازێت موڵکەکەی [کۆیلەکەی] لە دۆخێکی باشدا بمێنێتەوە، لە بەرئەوە خۆراکی تەواو بە کۆیلەکەی دەدات، رێك بەوجۆرەی سەیارەکەت پڕدەکەیت لە بەنزین، بەڵام هەر شتێك لە پێداویستییە فیزیکییەکانی کرێکار زیادە (Surplus) بێت، خاوەنەکەی بۆ چێژی تایبەتی خۆی بەکاریدەهێنێت. سەبارەت بە کۆیلەی فیودالیی، بۆخۆی خۆی تێردەکات و جلوبەرگ دابیندەکات لە میانەی کارکردنی لەو پارچە زەوییەی هەیەتی، بەڵام ئەوکارە زیادەیەی (Extra) لە زەوی ئاغاکەدا دەیکات، بەروبومەکەی دەڕوات بۆ فیوداڵەکە، بەڵام کرێکاری سەردەمی هاوچەرخ کرێ/موچە (Wage) وەردەگرێت. هەموو ئەو سامانەی بەرهەمیشیدەهێنێت وەك قازانج و سوود و کرێ (Rent)، دەڕوات بۆ چینی دەسەڵاتدار.

## خەباتی چینایەتی و دەوڵەت

بە دەگمەن کرێکارێك بەرکەوتەی خۆی لە کارکردندا بە دەستەهێنێت، بە بێ ململانێ و کێشمەکێش. دەبینین شۆڕشی کۆیلەکان لە میسری کۆن و رۆما روودەدات، یاخود شۆڕشی جوتیاریی لە وڵاتی چینی ئیمپریالی، شەڕی ناوخۆی نێوان دەوڵەمەندەکان و هەژارەکان لە شارەکانی یۆنانی کۆن، هەروەها لە رۆما و ئەوروپای سەردەمی رێنیسانس.

ئەمەبوو هۆکاری ئەوەی مارکس لە سەرەتای مانیفێستی کۆمۆنیستدا جەخت لەوە دەکاتەوە: «مێژووی هەموو کۆمەڵگەکان هەتاوەکو ئەمڕۆ، بریتییە لە مێژووی خەباتی چینایەتی». گەشەی شارستانیەت پشتبەستە بە چەوساندنەوەی چینێك لە لایەن چینێکی دیکەوە، هەروەها بە خەبات و ململانێ لە نێوانیاندا.

فیرعەونی میسر، یان ئیمپراتۆری رۆمانی، یان شازادەیەکی سەدەکانی ناوەڕاست؛ رادەی بە هێزی و خۆشگوزەرانی و جوانیی کۆشکەکانیان هەرچەنێك بووبێت، نەیاندەتوانی هیچ شتێك بکەن، ئەگەر خۆیان نەکردایە بە خاوەنی ئەو بەرهەمانەی بە هۆی جوتیارە هەژار و کۆیلەکانەوە بە دەستدەهاتن. تەنها کاتێکیش دەیانتوانی ئەمە بکەن، ئەگەر هاوشانی ئەم دابەشبوونە چینایەتییە شتێکی دیکەش گەشەی کردبایە -کە بریتیبوو لە کۆنترۆڵکردنی ئامرازەکانی زەبروزەنگ لە لایەن خۆیانەوە، ئەمیش بە رێگەی لایەنگرانیانەوە.

لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا، هیچ سوپا یان پۆلیس و دەزگایەکی دەوڵەتی لە دەرەوەی زۆرینەی خەڵکەکە بوونی نەبوو. بۆ نموونە هەتاوەکو (50-60 ساڵ)ی رابردووش هێشتا لە ناوچەگەلێکی ئەفەریقیادا ئەگەری بوونی کۆمەڵگەی لەمچەشنە لە ئارادابوو. زۆرێك لەو کارانەی دەوڵەت لەم کۆمەڵگەیانەی ئەمڕۆدا پێیانهەڵدەستێت، لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا زۆر بە سادەیی و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە رێگەی کۆی دانیشتوان یاخود کۆبونەوەی نوێنەرەکانیانەوە ئەنجام دەدران.

ئەو کۆبونەوانە رەفتاری هەر تاکێك هەڵدەسەنگێنن ئەگەر یەکێك لە رێسا کۆمەڵایەتییە گرنگەکانی شکاند، هەر بەوجۆرەش سزاکەی بە هۆی گشت کۆمەڵگەوە جێبەجێدەکرێت. بۆ نموونە، لە وانەیە سزای هەڵەکارەکە بریتیبێت لە ناچارکردنی بە جێهێشتنی وڵات. بەوپێیەش کە هەموو تاکەکان رەزامەندبوون لەسەر سزای شایستە، هیچ پێویستییەك نییە بۆ بوونی هێزی پۆلیسی سەربەخۆ [جیا لە کۆمەڵانی خەڵك] بۆ جێبەجێکردنی سزاکان. ئەگەر جەنگیش هەڵگیرسا، هەموو پیاوانی گەنج بەشداردەبن تیایدا لە ژێر سەرکردایەتییەکدا کە تایبەت بۆ ئەم کارە هەڵدەبژێردرێن، دیسان بە بێ بوونی دامەزراوەیەکی سوپایی جیا لە خەڵك.

بەڵام ئەگەر تۆ کۆمەڵگەیەکت هەبێت کەمینەیەك دەستی بەسەر سامانەکەیدا گرتبێت، ئەم رێگە ئاسانەی

پارێزگاری له «یاسا و رێساکان» و بەڕێوەبردنی جەنگ کارانابێت، بەڵکو هەر کۆبوونەوەیەکی نوێنەرەکان، یاخود کۆمەڵەیەکی گەنجانی چەکدار، ئەگەری ئەوە زۆرە لەسەر بنەمای جیاوازیی چینایەتی دابەشکرابێت.

گروپە خاوەن ئیمتیازەکان دەتوانن لەسەر مۆنۆپۆلی دانان و جێبەجێکردنی یاسا و سزاکان و بەڕێوەبردنی جەنگەکان و بەرهەمهێنانی چەك بژین. بەمشێوەیە دەبینین جیاکردنەوەی چینەکان پەیوەستە بە دەرکەوتنی گروپی دادوەران و پیاوانی پۆلیس و پۆلیسی نهێنی و ژەنەڕاڵ و بیرۆکراتەکان، هەریەك لە مانە بەشێك لەو سامانە بە دەستدەهێنێت کە لە دەست چینە خاوەن ئیمتیازەکەدایە، لە بەرانبەر پارێزگاری لە دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتیی ئەو چینەدا.

ئەوانەی لە ریزی ئەم «دەوڵەت»ەدا خزمەتیان دەکرد، راهێنرابوون لەسەر گوێڕایەڵیی فەرمانی سەرکردەکانیان بە بێ دوودڵی، هەروەها لە هەموو جۆرە پەیوەندییە ئاساییە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ جەماوەری ستەملێکراو داماڵدراون. بەمجۆرە «دەوڵەت» وەك ماکینەیەکی کوشتن لە دەستی چینێکی دیاریکراودا گەشەیکرد و بوو بە ئامرازێکی زۆر کاریگەر.

بە دڵنیاییەوە، ئەو ژەنەڕاڵانەی ئەم ماکینەیەیان بەڕێوەدەبرد بە خواستی ئیمپڕاتۆر و پادشایەکی دیاریکراو دەجوڵانەوە، هەتاوەکو خۆیان لە پۆستەکانیان بهێڵنەوە.

بەڵام چینە فەرمانڕەواکەی ئەم دڕندەیەی میلیتاریزە کردووە، هەندێکجار لە توانایدا نەدەما دڕندەکە کۆنترۆڵ بکات. بەڵام لە بەرئەوەی سامانی پێویست بۆ هێشتنەوەی ماکینەی کوشتنەکە بازنەیی بوو، لە چەوساندنەوەی کرێکارانەوە بە دەستدەهات، ئەوا شوێنکەوتنی هەر یاخیبونێك ئەنجامەکەی بریتبوو لە هەمان کۆمەڵگەکەی پێشتر.

بە درێژایی مێژوو، دەبینین ئەو مرۆڤانەی ویستویانە بە شێوەیەکی کردارەکی کۆمەڵگە بەرەو باشتر بگۆڕن، خۆیانبینیوەتەوە لە رووبەڕوی -نەك هەر چینە خاوەن ئیمتیازەکە- بەڵکو لەگەڵ ماکینە چەکدارەکە: ئەو «دەوڵەت»ـەی خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆیدەکات.

لە بنەڕەتدا چینە فەرمانڕەواکان گەشەیانکرد، لەگەڵیشیدا پیاوانی ئاینی، ژەنەڕاڵەکان، پیاوانی پۆلیس، سیستەمی یاسایی، کە خزمەتیان بەهەمان چین دەکرد، چونکە بەبێ ئەمانە شارستانێتی پێشنەدەکەوت، بەڵام تەنها بە قایم کردنی جێپێی خۆیان لە دەسەڵاتدا، دەبوونە خاوەن بەرژەوەندی لە راگرتنی پێشکەوتنی شارستانیەتدا. دەسەڵاتەکەیان پشتیبەستبوو بە ملپێکەچکردنی ئەوانەی سامانیان بەرهەمدەهێنا، تا لەکۆتاییدا سامانەکەیان پێشکەش بکەن. لەگەڵ ئەمانەشدا کەچی گرنگی نادەن بە رێگە نوێیەکانی بەرهەمهێنانی سامان - تەنانەت ئەگەر بەرهەمدارتربن لە رێگە کۆنەکان- لە ترسی ئەوەی دواتر لە ژێر کۆنترۆڵیاندا نەمێنێت.

ئەوان لە هەر شتێك دەترسن كە بۆنی ئەوەی لێبێت جەماوەری چەوساوە بەرەو بڕیاردان و سەربەخۆیی بەرێت. وەك چۆن لە سەرهەڵدانی گروپی نوێ دەترسن كە خاوەن ئیمتیازات و سامانێكی وەهابێت توانای چەك كڕین و میلیتاریزەكردنی سوپای تایبەت بە خۆی هەبێت. لە خاڵێكی دیاریكراودا لەبری یارمەتیدانی بۆ بەرەوپێشچوون، گەشەی بەرهەمهێنان ئیفلیج دەكەن.

بۆ نموونە، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆریەتی چینییدا، هێزی چینی فەرمانڕەوا خاوەنداریێتیی خۆی سەپاند بەسەر زەوی و كۆنترۆڵكردنی ئەو كەناڵ و بەنداوانەی بۆ ئاودێری و پاراستن لە لافاوەكان بە كاردەهاتن. ئەم كۆنترۆڵكردنە رێخۆشكەربوو بۆ دانانی بناغەی شارستانیەتێك كە ماوەی 2000 ساڵی خایاند، بەڵام لە كۆتایی ئەو ماوەیەدا، بەرهەمهێنان زۆر پێشكەوتووتر نەبوو لە چاو سەرەتاكاندا - سەرەڕای گەشاوەیی هونەری چینیی و دۆزینەوەی چاپ و باروت، هەموو ئەمانە لە كاتێكدابوون كە ئەوروپا لە ژێر سایەی سەدە تاریكەكاندا بوو.

هۆكاری ئەمەش ئەوەیە كاتێك لە شارەكاندا و لە میانەی دەستپێشخەریی بازرگان و پیشەكارەكان فۆڕمە نوێیەكانی بەرهەمهێنان لە سەروبەندی سەرهەڵداندان، چینی فەرمانڕەوا لەم گەشەكردنەی دەسەڵاتی گروپێكی كۆمەڵایەتی دیاریكراو دەترسێت، كە بە تەواوی ناچنە ژێر ركێفی دەسەڵاتەكەیەوە.

له بەرئەوە بە شێوەیەکی خولگەیی، دەسەڵاتە ئیمپریالیەکان ڕێوشوێنی توند دەگرنەبەر بۆ لێدان لە ئابوریی گەشەکردوی شارەکان و دابەزاندنی بەرهەمهێنان و لە ناوبردنی دەسەڵاتی چینە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان.

گەشەکردنی هێزە نوێیەکانی بەرهەمهێنان -یاخود ڕێگە نوێیەکانی بەرهەمهێنانی سامان- توشی بەریەککەوتن دەبێت لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی چینە فەرمانڕەوا کۆنەکەدا. ئیدی خەبات سەرهەڵدەدات و ئەنجامەکەشی داهاتوی کۆی کۆمەڵگەکە دیاری دەکات.

هەندێکجار ئەنجامەکەی -وەك وڵاتی چین- بریتییە لە ڕێگەنەدان بە دەرکەوتنی مۆدێلە نوێیەکانی بەرهەمهێنان، کۆمەڵگەش بۆ کاتێکی درێژ لە دۆخی وەستاوییدا دەهێڵێتەوە.

هەندێکجاری دیکە -وەك ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیی- ڕێگرتن لە مۆدێلە نوێیەکانی بەرهەمهێنان، لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی بەرهەمنەهێنانی سامانی پێویست بۆ هێشتنەوەی کۆمەڵگە لەسەر بنچینە کۆنەکانی. ئەوەبوو شارستانیەتەکە هەرەسیهێنا و شارەکان وێرانبوون، گەلەکەش گەڕانەوە بۆ مۆدێلی کۆمەڵگەی کشتوکاڵیی سەرەتایی.

هەندێکجاری دیکەش، چینێکی نوێ لەسەر بناغەی مۆدێلی نوێی بەرهەمهێنان دروستدەبێت و دەتوانێت ریزەکانی خۆی ڕێکبخاتەوە، بەرە بەرە ژمارەیان زیاد دەکات و بە یەکجاری ڕزگاریاندەبێت لە چینە فەرمانڕەوا کۆنەکە و

شکست بە خۆی و سیستەمی یاسایی و سوپا و ئایدۆلۆژیا و دامەزراوە ئاینییەکانی دەهێنن. پاشان کۆمەڵگە دەتوانێت گەشەبکات و پێشبکەوێت.

لەو حاڵەتانەی سەرەوەدا، هەریەك لەو کۆمەڵگەیانە، بەرەوپێشچوون یاخود پاشەکشەکردنییان، دەوەستێتە سەر ئەو بەرەیەی کە شەڕی نێوان چینەکان دەباتەوە. وەك هەموو جەنگێکیش، لەسەرەتاوە سەرکەوتن بۆ هیچ لایەك نەنوسراوە، بەڵکو رادەوەستێتە سەر رێکخستن و پێکەوەبوون و رێبەرایەتی چینە رکابەرەکان.

**پەراوێز:**

1. Serf لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپادا، لە هەندێک ناوچە سیستەمی کۆیلایەتیی کۆن نامێنێت، بەڵکو سیستەمی ڕەعیەت و ئاغا دادێت، لەم سیستەمەدا کۆیلە (یاخود ڕەعیەت) پێویستە کار بۆ ئاغاکەی بکات، و هەندێک جاریش لەلایەن خاوەن زەوییەکانەوە ڕووبەرێک زەوییان بۆ دیاریدەکرا کە کاری تێدا بکەن، بەڵام لەژێر دەسەڵاتی ئاغا و خاوەن زەوییەکەدا. لە بەرامبەردا ئەوەی دەستتکەوتی سێرفەکانە بریتییە لە مانەوەیان لە ژیاندا و پاراستن لەلایەن خاوەنەکانیانەوە.

## بەشی 4

## سەرمایەداری: چۆن ئەم سیستەمە دەرکەوت

یەکێك لە پڕوپوچترین ئەو ئارگومێنتانەی گوێبیستی دەبین دەڵێت: شتەکان لەگەڵ ئەمڕۆدا هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە، بەڵام لە راستیدا شتەکان جیاوازن، لە پنتێکی دووری سەر گۆی زەوی نا، بەڵکو لێرە و لە بەریتانیا، لە زەمەنێکی زۆر دوریشدا نا. لە 250 ساڵ پێش ئێستادا، لە وانەبوو خەڵکی ئەوکات بە شێتبوون تۆمەتباریان بکردیتایە ئەگەر وەسفی ئەم جیهانەت بۆ بکردنایە کە ئێستا تێیدادەژین، بە شارە زەبەلاحەکانی، کارگە گەورەکانی،

فڕۆکە و گەشتە فەزاییەکانی، تەنانەت سیستەمی هێڵە ئاسنینەکانیش. هەموو ئەمانە لە سەروی خەیاڵیانەوە بوو.

خەڵکی کۆن لە کۆمەڵگەیەکدا دەژیان کشتوکاڵ باڵی بەسەرداکێشابوو، زۆرینەیان تەنانەت (10 میل) لە گوندەکەی خۆیان دوورنەدەکەوتنەوە، شێوازی ژیانیان پەیوەستبوو -هەزاران ساڵ ئەم جۆرە ژیانە بەرقەراربوو- بە گۆڕان و یەکبەدواییەکدا هاتنی وەرزەکان.

بەڵام (700 - 800 ساڵ) لە مەوپێش، بەرەوپێشچوونێك لە کۆمەڵگەدا روویدا، کە لە ئەنجامەکانی بریتیبوو لە بەرهەڵستیکردنی کۆی سیستمی باڵادەست. گروپی پیشەکار و بازرگانەکان دەستیانکرد بە بونیادنانی داهاتووی خۆیان لە ناو شارەکاندا، ئیدی بێبەرانبەر خزمەتەکانیان پێشکەش دەرەبەگ و ئاغاکان نەدەکرد، وەك ئەوەی خەڵکەکەی دی دەیانکرد، بەڵکو ئاڵوگۆڕی بەرهەمەکانیان دەکرد لەگەڵ ئاغاکان و کۆیلەکان لە بەرانبەر خۆراکدا. پاشان بە رێژەیەکی زۆر دەستیانکرد بە بەکارهێنانی کانزای بەنرخ وەك پێوانەیەك بۆ ئەم ئاڵوگۆڕە. بەمجۆرە ئەمە بە هەنگاوێکی گەورەی پێشکەوتن دانانرێت، بەڵکو وەك هەلێك بۆ بەدەستخستنی ژمارەیەکی زیاتر لەو کانزا بەنرخانە و بەدەستهێنانی قازانج تەماشای ئەو ئاڵوگۆڕە دەکرا.

لە سەرەتادا توانای مانەوەی شارەکان لەسەر ململانێ و دژایەتیی ئاغاکان لەگەڵ یەکتردا راوەستابوو، بەڵام بە باشبوونی

کارامەیی پیشەکارەکان، توانیان سامانێکی زیاتر پێکەوەبنێن، بەوجۆرەش کاریگەرییان زۆر زیادیکرد. «بۆرژوازییەکان» و «چینی ناوەڕاست» دەستیان بە دەرکەوتن کرد وەك چینێك لە چوارچێوەی پێکهاتەی کۆمەڵگەی فیودالیی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، بەڵام رێگەی دەوڵەمەندبوونیان تەواو جیاوازبوو لەو ئاغایانەی کۆمەڵگەیان کۆنترۆڵ کردبوو.

ئاغا (یان لۆردە فیودالەکە) راستەوخۆ لەسەر ئەو بەرهەمە کشتوکاڵییە دەژیا کە لە زەوییەکانیەوە بە هێزی کۆیلەکەی بەرهەمدەهات. هێزی کەسێتی خۆی بە کاردەهێنا تا ئەم کارە بە کۆیلەکان بکات، بە بێ ئەوەی ناچاربێت هیچ کرێیەکیشیان پێبدات. بە پێچەوانەی ئەم دۆخەوە، چینی دەوڵەمەندی ناوشارەکان لەسەر فرۆشتنی کاڵا ناکشتوکاڵییەکان (non-agricultural) دەژیان. لە بەرانبەر بەرهەمهێنانی ئەو کاڵایانەشدا کرێی رۆژانە یان هەفتانەیان بە کرێکارەکان دەدا.

زۆرینەی ئەم کرێکارانەش لە سێرفە هەڵهاتووەکان بوون، «ئازادبوون» لە هاتن و رۆیشتن بە ویستی خۆیان دوای تەواوکردنی ئەو کارەی کە لە بەرانبەریدا کرێکەیان وەردەگرت، بەڵام «تاکە ئیلتیزامێك» سەبارەت بە کارەکەیان ئەوەبوو کە ئەگەر لای کەسێك کارێك نەدۆزنەوە لە برسا دەمرن[1]. دەوڵەمەندەکانیش رۆژ بە رۆژ دەوڵەمەنتر دەبوون، چونکە ئەو کرێکارە «ئازادە» ناچاربوو - لەبری ئەوەی لە

برسا بمرێت- له‌ به‌رانبه‌ر کاره‌که‌یدا کرێیه‌کی که‌متر له‌ به‌های ئه‌و کاڵایه‌ وه‌ربگرێت که‌ خۆی به‌رهه‌میهێناوه‌.

دواتر ده‌گه‌ڕێینه‌وه‌ سه‌ر ئه‌و خاڵه‌، به‌ڵام خاڵی گرنگ ئێستا ئه‌وه‌یه‌ که‌ چینی ناوه‌ڕاستی بۆرژوازیی و ئاغاکان له‌ سه‌رچاوه‌گه‌لی ته‌واو جیاوازه‌وه‌ سامانه‌کانیان به‌ ده‌سته‌ده‌هێنا. ئه‌مه‌ش واده‌کات خواسته‌کانیان بۆ شێوازی رێکخستنی کۆمه‌ڵگه‌ جیاوازبێت.

کۆمه‌ڵگه‌ی ئایدیالیی بۆ ئاغا، کۆمه‌ڵگه‌یه‌که‌ تێیدا ده‌سه‌ڵاتێکی ره‌های به‌سه‌ر زه‌وییه‌ تایبه‌ته‌کانیدا هه‌بێت به‌ بێ کۆتکردنی به‌ یاسا نوسراوه‌کان و ده‌ستتێوه‌ردانی که‌سانی دیکه‌ له‌ کاره‌کانی، هه‌روه‌ها هه‌ڵنه‌هاتنی کۆیله‌کانی تێدا مسۆگه‌رکرابێت. ئه‌و ده‌خوازێت بارودۆخه‌که‌ به‌ هه‌مان چه‌شنی سه‌رده‌می بابوباپیرانی بمێنێته‌وه‌، به‌وجۆره‌ی هه‌موو تاکێك ئه‌و دۆخه‌ کۆمه‌ڵایه‌تییه‌ قبوڵبکات که‌ تێیدا له‌ دایك ده‌بێت.

به‌ڵام چینی بۆرژوازیی تازه‌ ده‌وڵه‌مه‌ندبوو، کاروباره‌کان به‌ شێوه‌یه‌کی جیاوازتر ده‌بینێت. ده‌خوازێت هێزی فیودال و پادشاکان سنورداربکرێت، ئیدی ده‌ستبخاته‌ کاروباری بازرگانییه‌که‌یان و سامانه‌که‌یان له‌ چنگ ده‌ربهێنێت. ئه‌م چینه‌ ده‌یه‌وێت خه‌ونه‌که‌ی له‌ رێگه‌ی رێسایه‌کی جێگیر له‌ یاسا نوسراوه‌کانه‌وه‌ بهێنێته‌دی، که‌ به‌ هۆی نوێنه‌ره‌کانیانه‌وه‌ ئاماده‌ده‌کرێت و ده‌سه‌پێنرێت. لایان گرنگه‌ چینه‌ هه‌ژاره‌که‌

له کۆیلایەتی رزگاربکەن هەتاوەکو ئەو چینە بتوانن له شارەکاندا کاربکەن(و سامانی بۆرژوازییەکان زیاتربکەن).

سەبارەت بە خودی بۆرژوازییەکان کە بابوباپیرانیان لە ژێردەستی ئاغاکاندا نەهامەتی زۆریان چەشتووە، بێگومان لە ئێستادا ناخوازن هەمان بارودۆخ بەردەوام بێت. بە کورتییەکەی بۆرژوازییەکان دەیانەوێت شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی رووبدات. خەباتیان بەرانبەر سیستەمە کۆنەکە تەنها لەسەر هۆکارە ئابورییەکان نییە، بەڵکو پاڵنەری ئایدۆلۆژی و سیاسییشیان هەیە. ناکۆکییە ئایدۆلۆژییەکانیان لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە هۆکاری ئاینییەوە - لە کۆمەڵگەیەکی زۆرینە نەخوێندەواردا - چونکە سەرچاوەی سەرەکی ئایدیا گشتییەکان سەبارەت بە کۆمەڵگە بریتییە لە وتاری کڵێسا.

لە بەرئەوەی کڵێسا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە لایەن قەشە و راهیبەکانەوە بەڕێوەدەبرا، کە مەیلیان بۆ چینی ئاغاکان هەبوو، هەربۆیە بانگەشەی بۆ بیروباوەڕەکانی ئەو چینە دەکرد و هێرشی زۆری دەکردەسەر کارەکانی بۆرژوازییە شارنشینەکان بەوپێیەی «تاوانکارن[2]».

هەر لە بەرئەمە دەبینین لە هەردوو سەدەی 16 و 17 لەوڵاتانی ئەڵمانیا، هۆڵەندا، ئینگلتەرا و فەرەنسادا چینەکانی ناوەڕاست بانگەشەیان بۆ ئاینێکی تایبەت بە خۆیان کرد:

پرۆتستانتیزم؛ ئایدۆلۆژیایەکی ئاینییە بانگەشەدەکات بۆ باش بەڕێوەبردن و یەکسانی و کاری قورس (بە تایبەت بۆ

کرێکاران!)، هەروەها سەربەخۆبوونی چینەکانی ناوەڕاست لە هێزی قەشە و راهیبەکان.

لە بەرانبەر ئەو خودایەیی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەبوو، چینی ناوەڕاست لە ئەندێشەی خۆیاندا خودایەکیان دروستکردبوو.

ئەمڕۆش، لە قوتابخانە و لەسەر تەلەفزیۆنەکان دەربارەی جەنگە گەورە ئاینییەکان یان جەنگە ناوخۆییەکانی ئەو سەردەمە قسەمان بۆدەکەن وەك ئەوەی تەنها دەرئەنجامی جیاوازیی ئاینی بووبێت، وەك ئەوەی خەڵك شەڕیانکردبێت و خۆیان بە کوشتدابێت تەنها لەسەر جیاوازییان دەربارەی رۆڵی جەستە یاخود خوێنی مەسیح لە خوانی رەبانییدا، بەڵام لە راستیدا گەلێك دۆخی ترسناك هەبوون، بە تایبەت پێکدادانی نێوان دوو فۆڕمی تەواو جیاوازی کۆمەڵگە، کە لەسەر دوو رێگەی جیاواز بۆ رێکخستنی بەرهەمهێنانی سامان بناغەیان داکوتابوو.

لە بەریتانیادا بۆرژوازییەکان شەڕەکەیان بردەوە. سەرەڕای ئەوەی لەو سەروبەندەدا روویدا، بەڵام ترسێنەرە بۆ چینی فەرمانڕەوای ئەمڕۆ، چونکە بابوباپیرانیان بە پەڕاندنی سەری پادشاکان گەیشتوونەتە دەسەڵات، بەڵام لە شوێنەکانی دیکە، لە خولی یەکەمدا فیودالیزم سەرکەوتنی بە دەستهێنا. لە فەرەنسا و ئەڵمانیا، شۆڕشگێڕەکان دوای زنجیرەیەك جەنگی مەدەنیی تاڵ، بۆرژوازییە پڕۆتستانتەکانیان لە ناوبرد

(سەرەڕای ئەوەی ئەو ئاینەی لە باکوری ئەڵمانیا مابووەوە نموونەیەك بوو لە فیودالیزمی پڕۆتستانتی). بۆرژوازییەکان ناچاربوون دوو سەدە یاخود زیاتر چاوەڕێبکەن هاتاوەکو سەرکەوتن بە دەستبهێنن، ئەمەش لە گەڕی دووەمی جەنگەکاندا لە ساڵی 1789 لە پاریس، بە بێ ئەوەی بەرگی ئاینی بە بەردا بکرێت.

## سەرمایەگوزاری و زیادەبەها

لە کۆمەڵگەی کۆیلەداریی و فیودالیدا، چینەکانی سەرەوە دەبوو یاسا دابڕێژن بۆ کۆنترۆڵکردنی جەماوەری کارکەر. ئەگەر ئەوەیان نەکردایە، ئەو کەسانەی لە لای ئاغاکان و کۆیلەدارەکان کاریاندەکرد دەیانتوانی هەڵبێن و ئەو چینە خاوەن ئیمتیازە جێبهێڵن و کەس نەمێنێتەوە کاریان بۆ بکات.

بەڵام سەرمایەداری هیچ کات پێویستی بەوجۆرە کۆنترۆڵکردنە یاساییە نییە بەسەر تاکی کارکەردا. پێویستی بەوە نییە خاوەنداریێتی کرێکار بکات، بەڵکو کرێکارەکە لەوە دڵنیادەکاتەوە کە ئەگەر کارکردن بۆ سەرمایەدار ڕەتبکاتەوە، ئەوا لە برسا دەمرێت. لە بری خاوەنداریێتیی «کرێکارەکە»، سەرمایەدار گەشە و پێشکەوتنی خۆی لە کۆنترۆڵکردن و خاوەنداریێتی کردنی «سەرچاوەی ژیانی کرێکارەکە»دا دەبینێتەوە-یاخود بڵێین ئامێر و کارگەکان.

پێداویستییە ماتریاڵییەکانی ژیان بەهۆی کارکردنی

مرۆڤەوە بەرهەمدێن، بەڵام ئەم کارە بێهودە دەبێت بە بێ ئامرازەکانی کێڵانی زەوی و دروستکردنی کەرەستەی خاو. ئەم ئامرازانە هەمەچەشنییەکی گەورەیان بە خۆوەبینیوە، هەر لە ئامێرە سەرەتاییە کشتوکاڵییەکانی وەك گاسن و تەورەوە، تا ئامێرە ئاڵۆزەکانی نێو کارگە هاوچەرخەکان. بەمجۆرە، تەنانەت کارامەترین کرێکارەکانیش بە بێ ئامێرەکان ناتوانن هیچ کام لەو شتانە بەرهەمبهێنن کە مرۆڤ پێویستی پێیەتی بۆ مانەوەی لە ژیاندا.

گەشەکردنی ئەو ئامێرانە - کە وەك باوە پێیاندەوترێت «ئامرازەکانی بەرهەمهێنان»- بووە هۆکارێك بۆ جیاکردنەوەی مرۆڤی سەردەمی نوێ لە باپیرە کۆنەکانمان لە چاخی بەردین. سەرمایەداری پشتدەبەستێت بە خاوەندارێتیکردنی ئەم ئامرازانەی بەرهەمهێنان بە هۆی کۆمەڵە کەسێکی کەمەوە. بۆ نموونە لە بەریتانیای ئەمڕۆدا، (1%)ی دانیشتوان خاوەنی (84%)ی پشك و قەباڵە پیشەسازیەکانن. هەروەها میکانیزمە کاریگەرەکانی کۆنترۆڵکردنی زۆرینەی هەرەزۆری ئامرازەکانی بەرهەمهێنانیان لە دەستدا کۆبۆتەوە، وەك ئامێرەکان، کارگەکان، کێڵگە نەوتییەکان، باشترین زەوییە کشتوکاڵییەکان. زۆرینەی جەماوەریش تەنها کاتێك دەتوانن بژێوییان دابین بکەن، ئەگەر سەرمایەدارەکان ڕێگەیان پێبدەن کار لەو ئامرازانەی بەرهەمهێناندا بکەن و بە کاریانبهێنن. ئەمە هێزێکی گەورە دەدات بە سەرمایەدارەکان بۆ سوودوەرگرتن

لە کاری مرۆڤەکانی دیکە، تەنانەت ئەگەر «هەموان یەکسانیشبن» لە بەردەم یاسادا.

سەرمایەدارەکان چەندین سەدە چاوەڕێیانکرد هەتاوەکو مۆنۆپۆل و کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا بسەپێنن. بۆ نموونە لە ئینگلتەرا، لە سەدەکانی 17 و 18 پەرلەمان یەکەمین کاری بریتیبوو لە تێپەڕاندنی زنجیرەیەك پرۆژەیاسای توند، کە جوتیارەکانی ناچارەکرد بە دەرچوونیان لەو زەویانەی چەندین سەدەیە دەیکێڵن و کشتوکاڵی تێدا دەکەن -واتە لە دەستدەرهێنانی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانیان. ئیدی ئەو زەویانە بوون بە موڵکی دەستەیەك لە چینی سەرمایەداریی، دانیشتوانی لادێکان بە زۆرەملێ ناچارکران کە یان کارەکانیان بفرۆشن بە سەرمایەدارەکان، یاخود لە برسا بمرن.

کاتێکیش سەرمایەدارەکان گەیشتنە ئەم مۆنۆپۆڵکردنەی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، جۆرێك لە ئازادی و یەکسانیی رووکەشییان بەخشییە جەماوەر لە پراکتیزەکردنی مافە سیاسییەکانیان لەگەڵ سەرمایەدارەکاندا. ئیدی کرێکاران هەرچەندێك «ئازاد»بن، لەسەریانە کاربکەن بۆئەوەی بە زیندوویی لە ژیاندا بمێننەوە.

ئەو ئابووریناسانەی پشتگیریی لە سەرمایەداریی دەکەن راڤەیەکی سادەیان بۆ رووداوەکانی ئەو قۆناغە هەیە. دەڵێن بە پێدانی کرێ، سەرمایەدار کاری کرێکارەکە

دەکرێت. پێویستیشە نرخێکی شایستەی پێبدات، دەنا کرێکارەکە وازیلێدەهێنێت و دەچێتە لای سەرمایەدارێکی دیکە کاردەکات. بەمجۆرە سەرمایەدار «کرێیەکی رۆژانەی شایستە» دەدات، لە بەرانبەریشدا کرێکار پێویستە «کارێکی رۆژانەی شایستە» بکات.

ئەوان چۆن پێناسەی قازانج دەکەن؟ دەڵێن قازانج پاداشتێکە (Reward) بۆ سەرمایەدار، لە بەرانبەر «قوربانیدانەکەی» کاتێك رێگەدەدات بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی (سەرمایەکەی). ئەم تێزە بڕواپێکەر نییە بۆ هەر کرێکارێك کە تەنها ساتێك بیر لە بابەتەکە بکاتەوە.

نموونەی کۆمپانیایەك وەربگرە، «تێکڕای قازانجی پوخت»ی بە (10%) رادەگەیەنێت. وەك خۆیان دەڵێن ئەگەر تێچوونی ئامێرەکان و کارگەکە و شتەکانی دیکەشی هەمووی (100 ملیۆن پاوەند) بێت [لەکاتی دامەزراندنیدا]، ئەوا (10 ملیۆن پاوەند)ی وەك قازانج بۆ دەمێنێتەوە پاش لێدەرکردنی کرێ و تێچوونی کەرەستەی خاو و گۆڕینی ئامێرە لە کارکەوتووەکان لە ساڵەکەدا.

پێویستناکات تۆ بلیمەت بیت تا بزانیت کە دوای 10 ساڵ کۆمپانیاکە کۆی قازانجەکەی دەگاتە (100 ملیۆن پاوەند) - واتە کۆی تێچوونی سەرمایەگوزارییەکەی لە سەرەتادا.

ئەگەر «قوربانیدانەکە» ئەو «پاداشتە» بێت، ئەوا بە

دڵنیاییەوە دوای 10 ساڵی یەکەم «کۆی قازانجکردنەکەی» کۆتاییدێت. لەم خاڵەدا، سەرمایەدارەکان تەواوی ئەو بڕە بە دەستدەهێننەوە کە لە سەرەتادا وەك سەرمایە بە گەڕیانخستبوو، بەڵام لە راستیدا ئێستا سەرمایەدارەکە دووهێندەی پێشووتر دەوڵەمەندترە. خاوەنی سەرمایەگوزارییە بنەڕەتییەکە و قازانجە کەڵەکەبووەکانییەتی.

لەم کاتەدا سەبارەت بە کرێکاران، هەموو وزەیەکی خۆیان بەخشیوە بۆ مانەوەیان لە ژیاندا، ئەویش بە کارکردنی رۆژانەی 8 کاتژمێر لە کارگەدا، واتە 48 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا. ئایا ئەم کرێکارانە لە کۆتایی 10 ساڵەکەدا دووقاتی سەرەتای کارکردنەکەیان دەوڵەمەندتر بوون؟ بێگومان نەخێر. تەنانەت ئەگەر کرێکارەکە بە شێوەیەکی بەردەوام پاشەکەوتیش بکات، هێشتا ناتوانێت لە تەلەفزیۆنێکی رەنگاوڕەنگ یاخود سیستەمێکی گەرمکەرەوەی مەرکەزیی هەرزان یان سەیارەیەکی بە کارهاتوو زیاتر بکڕێت. هەرگیز کرێکار ناتوانێت پارەیەکی وەها پاشەکەوتبکات کە توانای کڕینی ئەو کارگەیەی هەبێت کە کاری تێدادەکات.

بەمشێوەیە «کاری رۆژانەی شایستە بەرانبەر کرێی رۆژانەی شایستە»، سەرمایەی سەرمایەدارەکە چەندهێندە دەکات، بەڵام کرێکارەکە بێسەرمایە و بێهەر ئەڵتەرناتیڤێکی دی جگە لە کارکردن بە نزیکەیی هەمان کرێ، جێدەهێڵێت. «مافە یەکسانەکان»ی سەرمایەدار و کرێکار بە شێوەیەکی «نابەرانبەر» زیاد دەکەن.

یەکێك لە گەورەترین دۆزینەوەکانی کارل مارکس بریتییە لە لێکدانەوەی بۆ ئەم ناکۆکییە ئاشکرایە. لێرەدا هیچ میکانیزمێك نییە سەرمایەدار ناچاربکات بە پێدانی کرێی تەواو بە کرێکارەکانی لە بەرانبەر کارەکانیان. بۆ نموونە ئەو کرێکارەی ئەمڕۆ لە پیشەسازییە ئەندازەییەکاندا کار دەکات، لە وانەیە بەهای بەرهەمهێنانی لە هەفتەیەکدا بریتیبێت لە (400 پاوەند)، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە هەمان بڕ وەك کرێ بە دەستدەهێنێت، (99%)ی حاڵەتەکان، کرێکارەکە زۆر کەمتر لەو بڕە بە دەست دەهێنێت.

بەڵام ئەڵتەرناتیڤی کرێکارەکە ئەوەیە کە یان برسی بێت (یان لەسەر ئەو پارە کەمە بژیت کە دڵنیایی کۆمەڵایەتی [سۆشیال] پێیدەدات). لە بەرئەمە کرێکاران داوای بەهای تەواوی ئەوە ناکەن کە بەرهەمیانهێناوە، بەڵکو هێندەی ئەوەی ژیانێکی ئاسایی یاخود کەمتر لە وەشیان بۆ فەراهەم بکات، داوادەکەن. کرێکار کرێیەك وەردەگرێت کە تەنها بەشی ئەوە دەکات رۆژانە بتوانێت تەواوی هەوڵ و تواناکانی خۆی لە کارکردندا بخاتەگەڕ (ئەوەی مارکس پێیدەڵێت «هێزی کار[3]») بۆبەرژەوەندی سەرمایەدارەکەی.

لە روانگەی سەرمایەدارەوە، ئەگەر کرێیەکی دا بە کرێکارەکان کە بەشی بەردەوامبوون لە کار و بەخێوکردنی منداڵەکانیان وەك نەوەیەکی نوێی کرێکاران بکات، ئەوا کرێکار بڕی شایستەی هێزی کارەکەی بە دەستهێناوە.

بەڵام بەهای ئەو سامانەی سەرمایەدار پێویستیەتی بۆ پارێزگاریکردن لە بەردەوامبوونی کرێکاران لە کار، زۆر کەمترە لە بەهای ئەو سامانەی کرێکارەکان لە میانەی کارەکەیانەوە بەرهەمیدەهێنن - واتە بەهای «هێزی کار»ەکەیان زۆر کەمترە لەو بەهایەی لە میانەی کارەکەیانەوە بەرهەمیدەهێنن.

ئەو جیاوازییەش دەچێتە گیرفانی سەرمایەدارەکەوە. مارکس بە مە دەڵێت «زیادە بەها- surplus value».

## فراوانبوونی خودیی سەرمایە

ئەگەر نوسینی هاوسۆزەکانی سیستەمی باڵادەست بخوێنیتەوە، تێبینی ئەوە دەکەیت کە بەشدارن لە بڵاوکردنەوەی باوەڕێکی نامۆدا. لای ئەوان پارە تایبەتمەندییەکی ئەفسوناویی هەیە، دەکرێت وەك رووەك و ئاژەڵ گەشە بکات.

کاتێك سەرمایەدارێك پارەکانی لە بانکدا دادەنێت، چاوەڕێیە بڕەکەیان زیاد بکات. کاتێکیش دەیانخاتە سەرمایەگوزارییەوە، بۆ نمونە لە کڕینی پشکەکانی کۆمپانیای (Unilever)، چاوەڕێدەکات هەموو ساڵێك بەخششەکەی بچنێتەوە بە وەرگرتنی بڕە پارەی نوێ لەو دەستەیەی سودەکان دابەشدەکەن. مارکس تێبینی ئەو دیاردەیەی کردووە و بە «فراوانبوونی خودیی سەرمایە» ناوی بردووە و لە لێکدانەوەکانیدا جێگەیکردۆتەوە. وەك پێشتر بینیمان،

لێکدانەوەکانی مارکس لە خاڵی «پارە»وە سەرچاوە ناگرن، بەڵکو لە «کار» و «ئامرازەکانی بەرهەمهێنان»ەوە.

لە کۆمەڵگەی ئێستاماندا، ئەوانەی خاوەنی سامانی پێویستن دەتوانن ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بکڕن، پاشان بەسەر کەسەکانی دیکەیدا دەسەپێنن کاریان پێبفرۆشن کە پێویستە بۆ بە کارخستنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان. [واتە تەنها سەرمایەدار خاوەن ئامرازەکانی بەرهەمهێنانە، کرێکاریش بۆ دەستکەوتنی کار ناچارە هێزی کاری خۆی بفرۆشێت بە سەرمایەدارەکان، هەتاوەکو بتوانێت کار بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بکات].

نهێنی «فراوانبوونی خودیی سەرمایە»، یاخود توانای پەرجوئاسای گەشەکردنی پارە لای ئەوانەی بڕێکی زۆریان هەیە، بریتییە لە کڕین و فرۆشتنی ئەم «کار»ە.

با نموونەی کرێکارێك وەربگرین، ناویدەنێین (جاك). جاك لای یەکێك لە سەرمایەدارەکان کارێك دەدۆزێتەوە، با ئەویش ناوبنێین بەڕێز (براونینگ براون). ئەو کارەی کە جاك دەتوانێت لەماوەی هەشت کاتژمێر کارکردندا زۆرترین سامانی لێبەرهەمبهێنێت - یەکسانە بە بەهای (48 پاوەند)، بەڵام جاك ئامادەیە بە کەمتر لەو بەهایە کار بکات، لە بەرئەوەی ئەڵتەرناتیڤەکەی بریتییە لە پشتبەستن بە پارەی سۆشیال. لە ملاشەوە ئەو پەرلەمانتارانەی پشتگیریی لە سەرمایەداریی دەکەن لە هەوڵدان تا بە هەر ڕێگەیەك

بووە (جاك) لە سۆشیال رۆژانە تەنها (12 پاوەند) وەربگرێت هەتاوەکو ئەو بڕە بە زەحمەت بتوانێت خۆی و خێزانەکەی بژێنێت. لێکدانەوەیان بۆ ئەمە ئەوەیە ئەگەر بڕێکی زیاتری پێبدرێت ئەوا «پاڵنەری بۆ کارکردن نامێنێت».

کەواتە ئەگەر (جاك) بخوازێت لە رۆژێکدا (12پاوەند) زیاتر بە دەستبهێنێت، پێویستە لەسەری هێزی کارەکەی بفرۆشێت تەنانەت ئەگەر بە کەمتر لە (48 پاوەند) بێت، کە نرخی راستەقینەی ئەو سامانەیە لە ماوەی (هەشت کاتژمێر) کارکردندا بەرهەمیدەهێنت. تەنانەت پێدەچێت (جاك) ئامادەبێت بەرانبەر ناوەندە کرێیەك بە بڕی (28 پاوەند) لە رۆژێکدا کاربکات، بەڵام ئەو (20پاوەند) جیاوازییەی لە نێوان ئەو دوو بڕەدایە دەچێتە گیرفانی بەڕێز (براونینگ)ەوە، ئەمەش بە «زیادە بەها» دادەنرێت بۆ (براونینگ).

ئێستا چونکە سامانی پێویستی لە بەردەستدایە بۆ کڕینی کۆنترۆڵکردنی ئامڕازەکانی بەرهەمهێنان لە پلەی یەکەم، ئەوا بەڕێز (براونینگ براون) لە میانەی ئەو (20 پاوەند)ەی رۆژانە لە هەر کرێکارێکی گلدەداتەوە، دەوڵەمەندبوونێکی زیاتر مسۆگەردەکات. بەمجۆرە پارەکانی گەشەدەکەن و سەرمایەکەشی فراواندەبێت، ئەمەش بە هۆی یاسایەکی سروشتییەوە نا، بەڵکو بە هۆی ئەوەی کۆنترۆڵکردنی ئامڕازەکانی بەرهەمهێنان رێگەیپێداوە کاری کەسێکی دیکە بە دەستبهێنێت بە نرخێکی هەرزانتر.

بێگومان بەڕێز (براونینگ) بە زەرووری ئەو (20 پاوەند)ە هەمووی بۆ خۆی نابێت، پێدەچێت ئەویش کارگەکە یان زەوییەکەی بە کرێ گرتبێت، یان لە وانەیە لەسەرەتادا بەشێکی سەرمایەکەی لە کەسانی دیکەی چینی دەسەڵاتدار قەرزکردبێت، بۆیە داوایلێدەکەن بەشێك لە زیادە بەهاکەی بە دەستیهێناوە ببڕێت بۆ ئەوان، بە مەبەستی پڕکردنەوەی قەرزەکە. بەمجۆرە لە وانەیە (10 پاوەند) بدات بۆ دانەوەی قەرزەکانی یاخود کرێی موڵکانە و سوود و پشکە داراییەکان، تەنها (10 پاوەند)ەکەی کە دەمێنێتەوە وەك قازانج بۆخۆی هەڵدەگرێت.

ئەوانەی لەسەر داهاتی پشك و قەباڵەکان دەژین، زۆرینەیان لە ژیانیاندا (جاك)یان نەبینیوە. سەرەڕای ئەوەش «هێزی رۆحیی پاوەند» نییە کە داهاتییان بۆ دابیندەکات، بەڵکو «جاك هێزی جەستەیی» دابینکردووە. داهاتی پشکەکان و سوود و قازانج هەمووی لە زیادە بەهاکەوە هاتوون.

کەواتە چی شتێك دیاریدەکات کە دەبێت (جاك) چەندە وەربگرێت بەرانبەر کارەکەی؟ خاوەنکار تا بتوانێت هەوڵدەدات کەمترین بڕی پێبدات، بەڵام لە پراکتیکدا سنور گەلێك هەن ناتوانێت بیانبڕێت. یەکێك لەو سنورانە بریتییە لە توانای جەستەیی، هیچ سودێك لەو جەستەیە نابینێت ئەگەر کرێیەکی خراپ بدات بە کرێکارەکان و وایانلێبکات نەتوانن بە

تەندروستییەوە بژین و توشی گرفتی خراپیی خۆراك و نەمانی تواناى كاركردن بن. كرێكاران پێویستە توانایەكی جەستەیی وەهایان هەبێت كە رۆژانە بچنە سەركار و بگەڕێنەوە، هەروەها شوێنێكیان هەبێت شەوانە تێیدا بحەوێنەوە، هەتاوەكو بە رۆژ لە كارگەدا بەسەر ئامێرەكانەوە خەویان لێنەكەوێت.

لەم روانگەیەوە، وا باشترە كرێیەك بدرێت بە كرێكار كە «هەندێك سەرگەرمی» پێ دابین بكات، وەك خواردنەوەی چەند بیرەیەك لە ئێواراندا، تەماشاكردنی تەلەفزیۆن، یاخود ناوبەناو پێدانی مۆڵەتی پشوو. ئەم شتانە وا لە كرێكار دەكەن زیاتر چالاكبێت و تواناى زیاتری هەبێت بەسەر كاردا؛ چونكە ئەو بە پڕكردنەوەی بە پارە كاردەكات بۆ بەرزكردنەوەی هێزی كارەكەی. راستییەكی گرنگ هەیە؛ ئەگەر «كرێ زۆر نزمكرایەوە» دەبێتەهۆی نزمبوونەوەی بەرهەمی كار.

هەندێك شتی دیكە هەن سەرمایەدار دڕۆدۆنگ دەكەن. كۆمپانیاكەی دەكرێت چەندین ساڵی درێژ لە بازاڕدا بمێنێتەوە، درێژتر لە تەمەنی گریمانەیی ئەم دەستە كرێكارەی ئێستا. ئیدی كۆمپانیا پێویستی بە كاری منداڵەكانیانە، بۆیە پێویستە لەسەر خاوەنكار كرێیەكی وەها بدات بە كرێكارەكان كە بەشی گەورەكردنی منداڵەكانیان بكات. هاوكات دەبێت دڵنیاببنەوە لە وەی دەوڵەت كارامەیی دیاریكراو بۆ ئەو منداڵانە فەراهەم دەكات، (وەك خوێندنەوە و نوسین) لە رێگەی سیستەمی پەروەردەوە.

لە پراکتیکدا، شتێکی دیکەی گرنگ هەیە: ئەویش ئەوەیە کرێکار بڕوابێنێت کە «کرێیەکی گونجاو» وەردەگرێت. کاتێك کرێکار کرێیەکی کەمتر لە وە وەردەگرێت کە پێیوایە گونجاوە، لە وانەیە کارەکەی پشتگوێبخات و گرنگی بە لە دەستدانی نەدات کاتێك دەگاتە ئەو بڕوایەی «سودی نییە».

گشت ئەو هۆکارانەی کرێی کرێکار دیاری دەکەن، شتێکی هاوبەشیان لە نێواندایە، هەمووی بەو ئاڕاستەیەن کە دڵنیاببنەوە لە وەی کرێکار وزەی پێویستی هەیە، یان هێزی کار - کە سەرمایەدار بە کاتژمێر لێیدەکڕێت. کرێکاران کرێیەکی وەها بە دەستدەهێنن کە خۆیان و خێزانەکەیان بتوانن لە ژیاندا بمێننەوە و توانای کارکردنیان هەبێت.

لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریی ئێستادا، خاڵێك هەیە دەبێت لێیبڕوانین. بڕێکی گەورەی سامان بۆ هەندێك شتی وەك هێزی پۆلیس و چەك خەرجدەکرێت، ئەم شتانەش لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ بەرژەوەندیی چینی سەرمایەدار بەکاردەهێنرێن. لە راستیدا ئەو شتانەش دەگەڕێنەوە بۆ چینی سەرمایەدارەکان، سەرەڕای ئەوەی بە هۆی دەوڵەتەوە کاردەکات. ئەو بەهایەی لەو شتانەدا خەرجدەکرێت کە دەگەڕێنەوە بۆ سەرمایەدارەکان نەوەك کرێکارەکان. هەربۆیە بە بەشێك لە «زیادەبەها» دادەنرێت.

زیادەبەها = قازانج + کرێ(موڵکانە) + سودەکان + خەرجی پۆلیس و سوپا و هاوچەشنەکانیان.

## پەراوێزی:

1. کاتێک کۆیلە نائازاد بوو لەبرسا نەدەمرد، چونکە خاوەن کۆیلەکە نەیدەویست بمرێت و هێزێکی کارکردن لەدەستبدات، بۆیە لەهەموو بارودۆخێکدا خۆراکی پێدەدا. بەڵام ئەم کرێکارانەی لای خاوەن پیشەکان کاریان دەکرد و «ئازادبوون» دەبوو لەسەر ئەو کرێیەی وەریدەگرن خۆیان بژێنن، ئەگەر نا خاوەن پیشەکان وەک خاوەن کۆیلەکان ناچارنەبوون لەهەموو بارودۆخێکدا ژیانی کرێکارەکانیان دابینبکەن.

2. مەبەست لە تاوانی ئاینیی و بێفەرمانی خودایە!

3. (قوة العمل) بریتییە لە توانای کارکردنی تاکە کەسێک، واتە ئەو هێز و توانایەی کە مرۆڤ لە کارکردندا بەخەرجی دەدات و دەیفرۆشێت بە خاوەن کار و سەرمایەدار، لە بەرامبەر کرێ یاخود موچەیەکدا. ئەم هێزی کارە (labour power) جیاوازە لە دەستی کاری کۆمەڵگە (work force) کە بریتییە لە کۆی ژمارەی کرێکاران، وەک ئەوەی بەو کەسانە دەگوترێت دەستی کار لە کۆمەڵگەدا کە تەمەن و توانای کارکردنیان هەیە، بەڵام بێکارن.

## بەشی 5
## تیۆریی کاری بەها

«بەڵام ئامێرەکان و سەرمایە هەروەك کار بەرهەمهێنی کاڵان. لە بەرئەوە یەکسانیی لە وەدایە کە هەریەك لە سەرمایە و کار بەرکەوتەی خۆیان لە سامانی بەرهەمهاتوو بە دەستبهێنن. هەموو (فاکتەرێکی بەرهەمهێنان) پێویستە پاداشتی خۆی وەربگرێت.»

هەندێك کەس کە شتێکی کەم لە ئابوریی سەرمایەداریی دەزانن بەوشێوەیە وەڵامی شیکاریی مارکسیستی بۆ سەرمایەگوزاریی و زیادەبەها دەدەنەوە. لە روانینی یەکەمدا

ئەم بەرهەڵستییە تاڕادەیەك لۆژیكییە. بە دڵنیاییەوە تۆ ناتوانیت بە بێ سەرمایە هیچ كاڵایەك بەرهەمبهێنیت.

ماركسیستەكانیش هەرگیز بانگەشەی ڕەوایی ئەمەیان نەكردووە، بەڵام خاڵی سەرەتا لای ئێمە جیاوازە. ئێمە بەم پرسیارە دەستپێدەكەین: سەرمایە لە كوێوە دێت؟ لە بنەڕەتەوە ئامڕازەكانی بەرهەمهێنان چۆن بۆ یەكەمجار دەركەوتن؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە گران نییە. مرۆڤ لە مێژوودا هەموو شتێكی بۆ بەرهەمهێنانی سامان بە كارهێناوە - هەر لە تەورێكی چاخی بەردینەوە بۆ كۆمپیوتەرێكی سەردەمی هاوچەرخ- خودی ئەو شتانە بەرهەمی كاری مرۆڤن. تەنانەت خودی ئەو كەلوپەلانەی لە دروستكردنی تەورەكەدا بە كارهێنراون، بەرهەمی كاری پێشوتر بوون.

ئەمە وەهای لە ماركس كردووە بە ئامڕازەكانی بەرهەمهێنان بڵێت «كاری مردوو». كاتێك بزنسمانەكان شانازیی بەو سامانەوە دەكەن كە هەیانە، لە ڕاستیدا شانازیی بەوەوە دەكەن كە دەستیانگرتووە بەسەر قەبارەیەكی گەورە لە كاری نەوەكانی ڕابردوو -ئەمە بە مانای كاری باپیرانی خۆیان نایەت- كە بە هەمان ڕادەی كاركردنی ئێستای نەوەكانیان كاریانكردووە.

ئەو بۆچوونەی دەڵێت كار سەرچاوەی سامانە -كە وا باوە پێیدەگوترێت «تیۆریی كاری بەها»- لە بنەڕەتدا

دۆزینەوەی مارکس نەبووە. بەڵکو گشت گەورە ئابوریناسە بۆرژوازییەکان تا ئەو دەمە ئەم تیۆرییەیان قبوڵبوو.

دەبینین کەسانی وەك ئابوریناسی سکۆتلەندی (ئادەم سمیس) و هاوپیشە ئینگلیزیەکەی (دەیڤد ریکاردۆ) خەریکی نووسین بوون لەو دەمەی سیستەمی پیشەسازیی سەرمایەداری هێشتا نوێ بوو -لە سالانی سەروبەندی شۆڕشی فەرەنسی. سەرمایەدارەکان چینی باڵادەست نەبوون، بەڵکو پیویستیان بەوە بوو بگەن بە سەرچاوەیەکی راستەقینەی سامان کە بتوانن کۆنترۆڵی بکەن. (سمیس و ریکاردۆ) خزمەتیان بە بەرژەوەندیی سەرمایەدارەکان کرد بە باوەڕپێهێنانیان بە وەی کار سامان بەرهەمدەهێنێت، بەمشێوەیە ئەگەر دەیانەوێت سامانەکانیان پێکەوەبنێن، پێویستە لەسەریان (کار) لە ژێر کۆنترۆڵی فەرمانڕەوا کۆنەکانی پێش سەرمایەداریی «ئازاد بکەن».

بەڵام پاش ماوەیەکی کەم، بیرمەندەکانی نزیك لە چینی کارکەر ئەم تیۆرییەیان رووبەڕوی هاوڕێکانی (سمیس و ریکاردۆ) کردەوە و پێیانوتن: ئەگەر کار سامان بەرهەمبهێنێت، ئەوا هەر کار سەرمایەش بەرهەمدەهێنێت. بەمجۆرە «مافەکانی سەرمایە» هیچ نییە جگە لە مافە زەوتکراوەکانی کرێکار. پاش ماوەیەکی کەم ئەو ئابوریناسانەی پشتگیرییان لە سەرمایە دەکرد رایانگەیاند کە تیۆریی کاری بەها جگە لە قسەیەکی بەتاڵ هیچی دیکە نییە، بەڵام وەك پیشەی

هەمیشەیی (حەقیقەت) ئەگەر لە دەرگای پێشەوە دەرتکرد، لە دەرگای پشتەوە دەگەڕێتەوە.

رادیۆکە بکەرەوە و کەمێك گوێڕادێرە، دەبیستیت گەلێك لە رەخنەگرەکان بانگەشەی ئەوەدەکەن کێشەی ئابوریی بەریتانی خۆی لە وەدا دەبینێتەوە کە «تاکەکان بە جدیەتی پێویستەوە کارناکەن»، یاخود بە شێوەیەکی دی هەمانشت دەڵێنەوە «تێکڕای بەرهەمهێنان زۆر نزمە». تەنها خولەکێك لە وەگەڕێ کە ئەم تێزە راستە یان نا، لە بری ئەوە بە قوڵی بیر لە ناوەڕۆکەکەی بکەرەوە. ئەوان هەرگیز ناڵێن کە «ئامێرەکان بە توانایەکی بەرز کارناکەن». نەخێر، بەڵکو لۆمەکردنەکە هەمیشە روو لە مرۆڤەکەیە (کرێکارەکە).

بانگەشەی ئەوەدەکەن ئەگەر کرێکاران بە توانایەکی زیاترەوە کاربکەن، ئەوا سامان زیاد دەکات و ئەوەش دەبێتەهۆی وەبەرهێنانی گەورەتر لە ئامێرە نوێیەکان. ئەو کەسانەی ئەو ئارگومێنتە بە کاردەهێنن لە وانەیە واتاکەشی نەزانن، بەڵام دەڵێن کاری زۆر سەرمایەی زیاتر بەرهەمدەهێنێت. کار سەرچاوەی سامانە.

بۆ نموونە ئەگەر من (5 پاوەند)م لە گیرفاندابێت، سودی چییە بۆ من؟ دواجار جگە لە کاغەزێکی چاپکراو هیچی دیکە نییە، بەڵام کاتێك بەهای بۆ من هەیە کە بتوانم - بە ئاڵوگۆڕکردنی- شتێکی بە سوودی پێبەدەستبهێنم کە کەسێکی دیکە بە هۆی کارکردنییەوە دروستیکردووە. لە راستیدا ئەم

(5پاوەند)ە تەنها ئامرازێکە بۆ بە دەستهێنانی کاڵایەك کە کارێکی زۆری تێدا بە خەرجدراوە. و ئەگەر (10 پاوەند)م پێبێت ئەوا واتە دەتوانم دووهێندە کاری بەخەرجدراو بە دەستنهێنم، هەروەها بەوجۆرە.

کاتێك سامان دەپێوین، ئەوا لە راستیدا ئەو کارە دەپێوین کە لە بەرهەمهێنانیدا بە خەرجدراوە.

بێگومان، هەموو کەسەکان لە هەمان کاتدا و بە هەمان بڕ بەرهەمهێن نین. بۆ نموونە ئەگەر من بە مەوێت مێزێك دروستبکەم، پێدەچێت پێنج یان شەش هێندە کاتی زیاتر بخایەنێت لە کاتی پێویست بۆ دارتاشێکی کارامە کە هەمانشت بەرهەمبهێنێت، بەڵام هەرگیز کەسێك بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەوەی من دروستمکردووە نرخەکەی پێنج یان شەش هێندەی بەهای مێزێکە کە دارتاشێکی کارامە دروستی دەکات. بەهای مێزەکە بە بڕی ئەو کارە دەپێورێت کە دارتاشەکە پێویستیەتی بۆ دروستکردنی، نەوەك کارەکەی من.

بۆ نموونە دارتاشەکە کاتژمێرێکی پێویستە بۆ دروستکردنی مێزەکە، لەم کاتەدا بەهای مێزەکە بۆ ئەوان [دارتاشەکان] یەکسانە بە کاتژمێرێك کارکردن. ئەمە کاتی پێویستە بۆ دروستکردنەکەی، بە لەبەرچاوگرتنی هەمان ئاستی ئاسایی لە پیشەسازی و تەکنەلۆژیا و لێهاتوییە بە کارهێنراوەکان لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا.

لە بەر ئەم هۆیە، مارکس سوورە لەسەرئەوەی

پێوەری بەهای شتێك تەنها بریتی نییە لەو کاتەی تاك لە دروستکردنیدا بە خەرجی دەدات، بەڵکو ئەو کاتە پێویستەیە کە بە کاردەبرێت لە لایەن ئەو تاکەی لە ئاستێکی ناوەندی تەکنەلۆژیا و لێهاتوویدا کاردەکات -ئەمە ئەوەیە کە مارکس پێیدەڵێت «کاتی کاری زەروریی کۆمەڵایەتییانە[1]». ئەمە بە خاڵێکی گرنگ دادەنرێت، چونکە گەشەکردنی تەکنەلۆژیای سەرمایەداری لە بەرەوپێشچونێکی بەردەوامدایە، ئەمەش بەو مانایە دێت کە بەرهەمهێنانی کاڵا پێویستی بە کاتی کەمتر و کەمتر دەبێت.

بۆ نموونە کاتێك رادیۆ لە لولەکی (تێرمۆنیکی) دروست دەکرا نرخێکی گرانی هەبوو، لە بەرئەوەی کارێکی ناڕەحەتی دەویست بۆ دروستکردنی لولەکان و گەیاندنی بە وایەرە کارەباییەکان و ...هتد. پاشان (ترانزستەر) دۆزرایەوە، کە دروستکردن و گەیاندنەکەی کارکردنێکی زۆر کەمتری دەویست. لە ناکاو، گشت ئەو کرێکارانەی لە کارگەکاندا هێشتا بە لولەکان رادیۆیان دروستدەکرد رووبەڕوی دابەزینی بەهای ئەو کاڵایە بوونەوە کە دروستیدەکەن. ئیدی بەهای رادیۆ بە پێی ئەو کاتە نەدەپێورا کە پێویستیبوو بۆ دروستکردنی بە لولەکان، بەڵکو بە کاتی بەخەرجدراو لە دروستکردنی ترانزستەرەکان دەپێورا.

خاڵی کۆتایی دەربارەی ئەم بابەتە، نرخی هەندێك کاڵا بە شێوەیەکی بەرچاو لە بەرزونزمیدایە - لە رۆژێکەوە بۆ

رۆژێکی دی، لە هەفتەیەکەوە بۆ هەفتەیەکی دی. ڕوودانی ئەم گۆڕانکاریانەش دەرئەنجامی گەلێك شتن، هاوشانی گۆڕانکاری لە بڕی کاتی بە خەرجدراو لە دروستکردندا.

کاتێك لە بەرازیل زوقم سەرجەم بەرهەمی رووەکی قاوەی لە ناوبرد، نرخی قاوە بە رێژەیەکی زۆر بەرزبووەوە بە هۆی ڕوودانی کورتهێنانی ئەو بەرهەمە لە هەموو جیهاندا، لەگەڵ ئەوەی خەڵك ئامادەبوون پارەی زیاتریشی پێ بدەن. بۆ نموونە ئەگەر سبەینێ کارەساتێکی سروشتی سەرجەم تەلەفزیۆنەکانی بەریتانیای لە ناوبرد، بە هەمان شێوە بێگومان نرخی تەلەفزیۆن بەرزدەبێتەوە. ئەمەی ئابووریناسەکان پێیدەڵێن «خواست و خستنەڕوو»، بەردەوام دەبێتەهۆی هەڵگەڕانەوەی لەم چەشنە لە نرخەکاندا.

لە بەر ئەم هۆکارە، گەلێك لەو ئابووریناسانەی پشتگیریی لە سەرمایەداری دەکەن دەڵێن تیۆریی کاری بەها هیچ مانایەکی نییە، بەڵکو ئەوەی مانای هەیە تەنها بریتییە لە خواست و خستنەڕوو، بەڵام لە راستیدا ئەمەیە قسەی بەتاڵ. ئەم ئارگومێنتە ئەوەی لە بیرکردووە کە کاتێك شتەکان هەڵدەگەڕێنەوە، هەمیشە بە رێژەیەکی دیاریکراو هەڵدەگەڕێنەوە. دەریا بە هۆی هێزی هەڵکشان و داکشانەوە بەرزدەبێتەوە و نزمدەبێتەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە نەتوانین بڵێین کە ئاستێکی جێگیر بۆ جوڵەکەی هەیە، بەڵکو هەیە و پێیدەگوترێت «ئاستی رووی دەریا».

به هەمان ڕێگە، لە ڕاستیدا نرخەکان لە ڕۆژێکەوە بۆ ڕۆژێکی دی بەرزونزم دەبنەوە، بەڵام بەو مانایە نایەت کە بەهایەکی جێگیر نەبێت لە دەوری ئەم هەڵگەڕانەوەیەدا. هەر بۆ نموونە، ئەگەر هەموو تەلەفیزۆنەکان لە ناوچوون، ئەوا دواتر یەکەم بەرهەمی نوێ خواستێکی زۆری لەسەردەبێت و نرخەکەی بەرزدەبێت، بەڵام پاش ماوەیەکی کورت تەلەفیزۆنی زیاتر و زیاتر لە بازاڕدا بەرهەمدێت و کێبڕکێ لەگەڵ یەکتریدا دەکەن هەتاوەکو نرخەکەی دێتەخوارەوە بۆ نزیکەی بەهایەیەك بە پێی کاتی کاری بە خەرجدراو لە دروستکردنیدا.

## کێبڕکێ و کەڵەکەکردن

کاتێك هەیە بۆ دەستپێکی سەرمایەداری وەك سیستەمێکی دینامیکی و پێشکەوتنخواز. بە درێژایی سەرتاپای مێژووی مرۆڤ، ڕەنجدان و چەوساندنەوە باڵی بەسەر ژیانی زۆرینەی ژنان و پیاواندا کێشاوە. سەرمایەداریی پیشەسازیش ئەم دۆخەی نەگۆڕی کاتێك لە هەردوو سەدەی (18 و 19)دا دەرکەوت.

بەڵام سەرمایەداری دەستیکرد بە ئاڕاستەکردنی ئەم ڕەنج و چەوساندنەوەیە بۆ ئامانجێکی سوودبەخشی خۆی. لە بری بە هەدەردانی بڕێکی گەورەی سامان بۆ خۆشگوزەرانیی هەندێك لە ئەرستۆکراتە مشەخۆرەکان، یان بونیادنانی گۆڕی

رازاوە بۆ پادشا مردووەکان، یاخود جەنگە بێسوودەکان کە تێیدا کوڕی یەکێك لە پادشاکان خواستی فەرمانڕەواییکردنی ناوچەیەکی هەیە، لە بری هەموو ئەمانە سەرمایەداری هەستا بە بە کارهێنانی سامان لە پێناو بەرهەمهێنانی سامانێکی گەورەتردا. ماوەی گەشەکردنی سەرمایەداریی، هاوکات گەشەکردن بوو بۆ پیشەسازی و شارەکان و ئامرازەکانی گەیاندن کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بێپیشینە بوون.

ئەوەی لە ئەمڕۆدا سەیر دیارە، شوێنگەلی وەك (ئۆڵدهام و هاڵیفاکس و بێنلی[2]) مۆڵگەی موعجیزەکانن. مرۆڤایەتی لەوەوپێش هەرگیز ئەو بڕە لە لۆکە و خوریی خاوی بە خۆوە نەبینیوە کە بە خێراییەکی زۆر دەگۆڕدرێن بۆ قوماش و جلوبەرگی ملیۆنان کەس فەراهەمدەکات. ئەمەش بە هۆی چاکەی تایبەتی سەرمایەدارەکانەوە دروستنەبووە. ئەوان زۆرینەیان قەومێکی زیانبەخشن، تەنها خاوەن ئارەزویەکن بۆ بە دەستهێنانی گەورەترین سامان بۆخۆیان، ئەمەش بە پێدانی کەمترین کرێ بۆ ئەو کارەی بە کاریدەهێنن.

لە مەدا بە تەواوی وەك گەلێك لە چینە فەرمانڕەواکانی پێشترن، بەڵام ئەوان ئامانجی بونیادنانی پیشەسازییان نەبوو. سەرمایەدارەکان لە دوو خاڵی بنەڕەتیدا لەوان جیاوازترن.

خاڵی یەکەم پێشتر خستمانەڕوو، کە لە وەدا کورتدەبێتەوە ئەمان خاوەنداریێتیی کرێکارەکان ناکەن، بەڵام لە بری ئەوە لەسەر بنەمای توانای کارکردنیان لە کاتژمێرێکدا

کرێیان پێدەدەن، واتە هێزی کارەکەیان. وەك ئەوەی کۆیلەی کرێگرتە بە کاربهێنن، نەوەك خودی کۆیلە.

خاڵی دووەم ئەوەیە کە ئەمان [سەرمایەدارەکان] ئەو کاڵایانە بە کارنابەن کە کرێکارەکانیان بەرهەمیدەهێنن، بەڵام دەرەبەگەکان راستەوخۆ لەسەر ئەو گۆشت و نان و پەنیر و شەرابە دەژیان کە کۆیلەکانیان بەرهەمیاندەهێنا، بەڵام سەرمایەدارەکان لەسەر داهاتێك دەژین کە لە رێگەی فرۆشتنی ئەو کاڵایانەوە [فرۆشتنی بە خەڵکی کڕیار] دەستیان کەوتووە کە کرێکارەکانیان بەرهەمیانهێناوە.

ئەمە ئازادییەکی کەمتر لە وەی خاوەن کۆیلەکان و دەرەبەگەکان هەیانبوو دەدات بە سەرمایەدارەکان لە هەڵسوکەتکردن بەوشێوەیەی دەیانەویت. لە پێناو فرۆشتنی کاڵادا، پێویستە لەسەر سەرمایەدارەکان تا بتوانن بە کەمترین نرخ بەرهەمیبهێنن. سەرمایەدار خاوەنی کارگەکەیە و گەلێك بە هێزیشە تیایدا، بەڵام ناتوانێت وەك ئەوەی دەیەوێت هێزەکەی بە کاربهێنێت، دەبێت سەر دانەوێنێت لە بەرانبەر داخوازییەکانی کێبڕکێ کردن لەگەڵ کارگەکانی دیکەدا.

با جارێکی دی بگەڕێینەوە لای هاوڕێ سەرمایەدارەکەمان بەڕێز (براونینگ براون). هەوڵدەدات گریمانەی ئەوەبکات کە بڕی بەرهەمهێنراوی قوماشی لۆکە لە کارگەکەیدا (10 کاتژمێر) کارکردنی کرێکارەکانی دەوێت بۆ بەرهەمهێنانی، بەڵام کارگەیەکی دیکە هەیە دەتوانێت

هەمان بڕ بە (5 کاتژمێر) کارکردنی کرێکاران بەرهەمبهێنێت. بەڕێز (براونینگ) ناتوانێت کاڵاکانی بە نرخی (10کاتژمێر کارکردن) بفرۆشێت. هیچ کەسێکیش بیر لەوەناکاتەوە بە نرخێکی گرانتر لێیبکڕێت، لە کاتێکدا لە دوکانێکی نزیك لەو جلوبەرگی هەرزانتر هەیە.

هەر سەرمایەدارێك بخوازێت لە بزنس بەردەوام بێت، دەبێت گرەنتی ئەوە بکات کرێکارەکانی تا دەتوانن بەوپەڕی خێراییەوە کاربکەن، بەڵام ئەمە کۆتایی چیرۆکەکە نییە، بەڵکو دەبێت گرەنتیی ئەوەش بکات کرێکارەکانی هاوشانی تازەترین ئەو تەکنیکانەی لە بەردەستیاندایە کاربکەن، هەتاوەکو کارکردنەکەیان لە کاتژمێرێکدا زۆرترین بڕی کاڵا بەرهەمبهێنێت، وەك ئەوەی سەرمایەدارەکانی دیکە بەرهەمیدەهێنن. سەرمایەدارێك بخوازێت لە بزنس بەردەوامبێت، دەبێت گرەنتی ئەوە بکات کە خاوەنی گەورەترین بڕ لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بێت -یان وەك مارکس دەڵێت؛ سەرمایە کەڵەکە بکات!

کێبڕکێی نێوان سەرمایەدارەکان هێزی سیستەمی بازاڕی خوڵقاندووە، کە هێزێکە بە تەواوی باڵ بەسەر هەمواندا دەکێشێت. هێزێکی ناچارکەرە بۆ پەلەکردن لە کردەی بەرهەمهێنان بە درێژایی کات، هەروەها بۆ وەبەرهێنانی هەموو تواناکانیان لە کڕینی ئامێری نوێدا. تەنها کاتێکیش دەتوانن ئامێری نوێ بکڕن (بێگومان کڕینی هۆکارەکانی

خۆشگوزەرانییان لەولاوە بوەستێت)، تا لە توانایاندابێت کرێی کرێکارەکان نزمبکەنەوە.

مارکس لە مەزنترین کاری خۆیدا (سەرمایە) نووسیویەتی سەرمایەدارەکان لە چاوچنۆکێك دەچن کە ئارەزوی بە دەستهێنانی زیاتر و زیاتری سامان بەسەریدا زاڵدەبێت، بەڵام:

«ئەوەی لە چاوچنۆکدا دەیبینین تایبەتمەندییەکی کەسێتییە، بەڵام ئەوەی لە سەرمایەداردا دەبینرێت کاریگەریی ئەو میکانیزمە کۆمەڵایەتییەیە کە ئەو تاکە قەڵغانێکە تێیدا... گەشەسەندنی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، ناچارانە بە بەردەوامی زیادبوون لە قەبارەی وەبەرهێنراو لە پیشەسازییەکی دیارییکراودا دەخولقێنێت، کێبڕکێ وا لە هەر تاکێکی سەرمایەدار دەکات کە یاسا گرنگەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، وەك یاساگەلێکی زۆرەملێ هەستپێبکات کە لە دەرەوە بە سەریدا سەپێنراون. هەربۆیە ناچارە بە بەردەوامی سەرمایەکەی فراوانبکات لە پێناو پارێزگاریکردن لێی. ناشتوانێت سەرمایەکەی زیادبکات ئەگەر بە ئامرازی کەڵەکەکردنی زیاتر نەبێت».

«کەڵەکەکردن، کەڵەکەکردن! ئەمەیە وشە نهێنییەکە!»

بەرهەمهێنان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە مرۆییەکان نییە -تەنانەت پێداویستییە مرۆییەکانی چینی سەرمایەداریش- بەڵکو بۆئەوەیە سەرمایەدار لە کێبڕکێدا بژی لەگەڵ سەرمایەدارێکی دی. ئەو کرێکارانەی لە لای هەریەك لەو

سەرمایەدارانە کاردەکەن، دەبینن کە ئارەزوی خاوەنکارەکان بۆ بە دیهێنانی کەڵەکەکردنی خێرا هەتاوەکو پێش رکابەرەکەیان بکەونەوە باڵی بەسەر ژیانیاندا کێشاوە.

وەك مارکس لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا دەنوسێت:

«لە کۆمەڵگەی بۆرژوازیدا، کاری زیندوو ئامرازێکە بۆ کەڵەکەکردنی کاری مردوو... سەرمایەدار بە سەربەخۆیی و تاکایەتییدا دەناسرێتەوە، بەڵام مرۆڤی زیندوو پشت بە ئەوانی دیکەش دەبەستێت و خۆی بە تاکایەتییەوە نابەستێتەوە».

ئەو پاڵنەرەی سەرمایەدارەکانی ناچاری کەڵەکەکردن و کێبڕکێکردن کرد لەناو یەکتریدا، گوڕێکی بەهێزبوو بەرەوپێشەوە لە پیشەسازیدا، ئەمەش لە ساڵەکانی سەرەتای سیستەمەکە، بەڵام ئەنجام شتێکی دی بوو -قەیرانی یەك لە دوای یەکی ئابوری. قەیران شتێکی نوێ نییە، بە رادەی کۆنی سیستەمەکە کۆنە.

### پەراوێز:

1. the socially necessary labour time، واتە کارێک لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە زەرووریيە.

2. (Oldham, Halifax, Bingley)چەند شارێکی بەریتانیین، هۆکاری دروستبوونیان زیاتر ڕەهەندێکی ئابووریی هەیە.

## بەشی 6
## قەیرانی ئابوری

**«کەڵەکەکردنی سامان لە لایەك، هەژاریی لە لاکەی دیکە»**

بەمجۆرە مارکس ئاڕاستەی سەرمایەداریی پوختکردۆتەوە. هەموو سەرمایەدارێك لە کێبڕکێی ئەوانی دیکە دەترسێت، لە بەرئەوە کارمەندەکانی بەوپەڕی توانایانەوە کارپێدەکات، کەمترین کرێش دەدات کە بتوانێت پێی دەربازببێت.

ئەنجامەکەشی بریتییە لە نایەکسانی لە نێوان گەشەی گەورەی ئامڕازەکانی بەرهەمهێنان لە لایەك، گەشەی دیاریکراوی کرێ و ژمارەی کرێکاری بە گەڕخراو (لە کاردابوو)

لە لایەکی دیکەوە. وەك مارکس جەختی لێکردۆتەوە ئەمە هۆکاری سەرەکی قەیرانی ئابورییە.

ئاسانترین ڕێگە بۆ ڕوانین لەمە ئەوەیە بپرسین: کێ بە زۆری بڕێکی زیاد لە کاڵا دەکڕێت؟ کرێی نزمی کرێکار بەو مانایە دێت کە توانای کڕینی ئەو کاڵایانەی نییە کە کارکردنی خۆیان بەرهەمیهێناوە. سەرمایەدارەکانیش ناتوانن کرێ زیادبکەن، چونکە ئەوە قازانج لە ناودەبات؛ هێزی بزوێنەری سیستەم.

بەڵام ئەگەر کۆمپانیاکان نەتوانن ئەو کەلوپەلانە بفرۆشن کە بەرهەمیدەهێنن، پێویستە کۆمپانیاکانیان دابخەن و کرێکارەکان دەربکەن. بە مەش کۆی گشتی کرێ بە شێوەیەکی زۆر دادەبەزێت، بەم پێیەش زۆرێك لە کارگەکان ناتوانن کاڵاکانیان بفرۆشن. [چونکە کاتێک کۆمپانیاکان کرێکار دەردەکەن و کرێ کەمدەکەنەوە، پارە لە دەست خەڵکدا نامێنێت بۆ کڕینی کاڵای هیچ کۆمپانیایەک]. ئیدی «قەیرانی زیادە بەرهەمهێنان» سەرهەڵدەدات، کاڵاکان لە بازاڕدا کەڵەکە دەبن، خەڵکیش توانای کڕینیانی نییە.

ئەمە سیمایەکی دووبارە بووەوەی کۆمەڵگەی سەرمایەدارییە لە ماوەی 180 ساڵی ڕابردوودا.

بەڵام هەر تێگەیشتنێکی سادە و خێرا لە سیستەمەکە پێماندەڵێت کە دەکرێت ڕێگەیەکی ئاسان بۆ دەرچوون لەم قەیرانە بوونی هەبێت. هەموو ئەوەی پێویستمانە ئەوەیە کە

سەرمایەدارەکان قازانجەکانیان لە کارگە و ئامێرە نوێیەکاندا وەبەربهێنن. ئەمە کار بۆ کرێکاران دابیندەکات، کە ئەوکات ئەوانیش توانای کڕینی کاڵا نەفرۆشراوەکانیان دەبێت. ئەمەش بەو واتایە دێت هەرکاتێك وەبەرهێنانی تازە بوونی هەبێت، هەموو کاڵا بەرهەمهاتووەکان دەفرۆشرێن و سیستەمەکەش دەتوانێت کارپێدانی تەواوەتی دابین بکات.

مارکس گێل نەبووە و درکی بەمە کردووە. بێگومان وەك بینیمان، درکی بەوەکردووە کە فشاری کێبڕکێ لەسەر سەرمایەدارەکان هەتاوەکو وەبەرهێنان بکەن، خاڵێکی جەوهەرییە بۆ سیستەمەکە. بەڵام ئەو دەپرسێت ئایا ئەمە مانای ئەوەیە سەرمایەدارەکان هەموو کاتێك و هەموو قازانجەکانیان دەخەنە وەبەرهێنانەوە؟

سەرمایەدار تەنها کاتێك وەبەرهێنان دەکات ئەگەر لەو بڕوایە دابێت کە بەدەستهێنای قازانجێکی گونجاو مسۆگەرە.

ئەگەر لەو بڕوایەدا نەبێت کە قازانجێکی لەوجۆرە بە دەست دەهێنێت، ریسك بە پارەکانییەوە ناکات لە وەبەرهێناندا. دەیانخاتە بانکەوە و لە وێ بەجێیان دەهێڵێت.

ئەگەر سەرمایەدار وەبەرهێنان بکات یاخود نا، پەیوەستە بە چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی بۆ دۆخە ئابوورییەکە. ئەگەر پێیوابوو گونجاوە، ئەوکات هەموو سەرمایەدارەکان پەلە دەکەن بۆ وەبەرهێنان لە هەمان کاتدا. ململانێ لەگەڵ یەکتردا دەکەن بۆ گەڕان بە دوای شوێن بۆ پڕۆژەکانیان، ئامێر

دەکرێن، زەوی هەڵدەکۆڵن بۆ گەڕان بە دوای کانزای خاودا، پارەی زیاتر دەدەن لە پێناو کرێکاری کارامەدا. وا باوە بەم دۆخە دەوترێت بوژانەوە (Boom).

بەڵام کێبڕکێی شێتانە لەسەر زەوی، کەرەستەی خاو، کرێکاری کارامە، نرخی ئەم شتانە بەرزدەکاتەوە. لە نەکاو دەگەن بە خاڵێك، هەندێك کۆمپانیا ئاشکرایدەکەن کە خەرجییەکانیان زۆر بەرزبۆتەوە، بە جۆرێك هەموو قازانجەکەیانی شاردۆتەوە.

بەمجۆرە بوژانەوەی سەرمایەگوزاری دەستبەجێ دەبێتە بێبازاڕیی سەرمایەگوزاری. هیچ کەسێك ئامێرە نوێیەکانی ناوێت، ئیدی پیشەسازیی کانزاکان و ئامێرەکان دەکەوێتە قەیرانەوە. هیچ کەس هەموو ئەو ئاسن و پۆڵایەی ناوێت کە بەرهەمدەهێنرێت -کتوپڕ پیشەسازیی پۆڵا بە کەمتر لە توانای خۆی کاردەکات و بێ قازانج دەبێت، راوەستان لە کار و داخستن لە پیشەسازییەکەوە بۆ پیشەسازییەکی تر بڵاودەبێتەوە، ئیشەکان (Jobs) لە ناودەچن - لەگەڵیشیدا توانای کرێکاران بۆ کڕینی بەرهەمەکانی پیشەسازییەکەیان لە ناودەچێت.

مێژووی سەرمایەداری بریتییە لە مێژووی لەمجۆرە شکستە خولییانە، کە دەبێتە هۆی برسێتیی کرێکارە بێکارکراوەکان لە دەرەوەی کارگە خاڵییەکان، هاوکات کۆگای کاڵا نەویستراوەکان خراپبوون و بۆگەنیانکردووە.

سەرمایەداری بە شێوەیەکی خولیی قەیرانی زیاد بەرهەمهێنانی لەمجۆرە دەخوڵقێنێت، چونکە پلاندانان نییە، لە بەرئەوە رێگەیەك نییە بۆ وەستاندنی لە دەستدەرچوونی هەموو سەرمایەکە بە یەکجار بۆ سەرمایەگوزاری، یاخود دەرچوونی لە سەرمایەگوزاری.

خەڵکی بەو بڕوایە راهاتوون کە دەوڵەت ناتوانێت لە رێگەی دەستتێوەردانی ئابورییەوە ئەمە رابگرێت، زیادبوونی سەرمایەگوزاریی دەوڵەتی لەو کاتەی سەرمایەگوزاریی کەرتی تایبەت دابەزیوە، پاشان دابەزاندنی لەو کاتەی سەرمایەگوزاریی کەرتی تایبەت پێیدەگاتەوە. دەوڵەت بە شێوەیەکی یەکسان لە بەرهەمهێنان بەردەوام دەبێت، بەڵام لە رۆژگاری ئەمڕۆدا سەرمایەگوزاریی دەوڵەتیش بەشێکە لەو شێتییە.

سەیری پۆڵای بەریتانی بکەن. چەندساڵی رابردوو کاتێك کۆمپانیاکەی سەر بە کەرتی گشتی بوو، بە کرێکارانی پۆڵا گوترا ئیشەکانیان بەرتەسکدەکرێتەوە [بەشێکیان لە کار دەردەکرێن] بۆ رێگەخۆشکردن لە بەردەم کورە ئۆتۆماتیکییە نوێیەکان کە دیزاینکراوە بۆ بەرهەمهێنانی پۆڵای زیاتر بە نرخی زۆر نزمتر. ئێستاش پێیاندەوترێت کە هێشتا گەلێك کرێکاری دیکە ماون کە دەبێت ئیشەکانیان لە دەستبدەن، هەربۆیە بەریتانیا تاکە دەوڵەت نییە کە دەستیکردووە بەم پلانە گەورەیەی سەرمایەگوزاری. فەرەنسا، ئەڵمانیا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەرازیل، ئەوروپای رۆژهەڵاتیی و تەنانەت کۆریای باشور، هەموویان هەمان شتیان کردووە.

لە ئێستادا زیادەیەکی جیهانی لە پۆڵا هەیە -قەیرانی زیادە بەرهەمهێنان. هەربۆیە سەرمایەگوزاریی حکومی دادەبەزێنرێت، بێگومانیش کرێکارانی پۆڵا لە هەردوو بارەکەدا زەرەرمەندن.

ئەمە ئەو نرخەیە کە تا ئێستا مرۆڤایەتی دەیدات بۆ سیستەمێکی ئابوری، کە تێیدا گروپێکی بچوکی خاوەن ئیمتیاز کۆنترۆڵی بەرهەمهێنانی سامانێکی زەبەلاحیان کردووە، کە تاکە شتی گرنگ لە لایان تەنها قازانجە. گرنگ نییە کە ئەم گروپە بچوکە خاوەن ئیمتیازە راستەوخۆ خاوەندارێتی پیشەسازییەکە دەکەن، یاخود بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کۆنترۆڵیانکردوە لە رێگەی دەستڕۆیشتناین لە حکومەتدا (وەك لە دۆخی پۆڵای بەریتانیدا). لە هەمانکاتدا ئەم کۆنترۆڵکردنە بۆ کێبڕکێکردن لەگەڵ یەکتردا لەسەر بە دەستهێنانی زۆرترین قازانج، ئینجا لۆکاڵی بێت یاخود جیهانی، ئەوا هەر کرێکارانن کە گیرۆدەن.

دواهەمین شێتیی سیستەمەکە ئەوەیە کە قەیرانی زیادە بەرهەمهێنان، بە هیچ جۆرێك زیادە بەرهەمهێنان نییە. بۆ نموونە هەموو ئەو زیادەی پۆڵایە، دەکرێت هاوکاربێت لە چارەسەرکردنی کێشەی برسێتی لە جیهاندا. جوتیاران لەسەرانسەری جیهاندا ناچارن بە ئاموری دار زەویەکانییان بکێڵن -لە کاتێکدا دەکرێت بە هۆی ئامێری پۆڵایینەوە بەرهەمهێنانی خۆراك زیادبکرێت. جوتیارەکانیش بە هیچ جۆرێك پارەیان نییە، لە بەرئەوە سیستەمی سەرمایەداری گرنگییان پێنادات، چونکە هیچ قازانجێکیان لێنابینێت.

## بۆچی قەیرانەکان ڕوو لە خراپتربوونن؟

قەیران تەنها بە ڕێکخستنێکی ڕێکوپێك ڕوونادات. مارکس پێشبینیی ئەوەی کردبوو کە قەیرانەکان بە تێپەڕینی کات بەرە بەرە خراپتر دەبن. تەنانەت ئەگەر سەرمایەگوزاری بە تێکڕایەکی یەکسانیش ئەنجامبدرێت بە بێ ناڕێکخراوی، هێشتا ناتوانێت ئاڕاستەی گشتی بەرەو قەیران رابگرێت. ئەمەش بە هۆی ئەوەی کێبڕکێی نێوان سەرمایەدارەکان (و وڵاتە سەرمایەدارییەکان) ناچاریاندەکات بە سەرمایەگوزاری کردن لەو ئامێرانەی کاری کرێکار ئەنجام دەدەن.

لە بەریتانیای ئەمڕۆدا نزیکەی هەموو سەرمایەگوزارییە نوێیەکان بە ئاڕاستەی نزمکردنەوەی ژمارەی کرێکارە کارپێدراوەکان دەڕۆن. لە بەرئەوە لە ئێستادا کرێکاری کەمتر لە 10 ساڵ پێش ئێستا لە پیشەسازیی بەریتانیدا کاردەکەن، سەرەڕای ئەوەی لەم ماوەیەدا بەرهەم زیادیشی کردووە.

تەنها لە ڕێگەی «بە عەقڵانیکردنی بەرهەمهێنان»ەوە، واتە بە «زیادکردنی بەرهەمهێنان» و کەمکردنەوەی ژمارەی هێزی کارەوە، سەرمایەدار دەتوانێت پشکێکی گەورە لە کێکەکە بە دەستبهێنێت بەراورد بە ئەوانیتر، بەڵام ئەنجامەکە بۆ کۆی سیستەمەکە وێرانکەرە. چونکە ئەمە بەو واتایە دێت کە ژمارەی کرێکاران بە هەمان خێرایی زیادبوونی سەرمایەگوزاری زیادناکات.

لەگەڵ ئەوەشدا کاری کرێکاران سەرچاوەی قازانجە، قازانج؛ سووتەمەنی هێشتنەوەی سیستەمەکە لەسەر ڕێکردن.

ئەگەر هەستایت بە ئەنجامدانی سەرمایەگوزاریی گەورە، بە بێ زیادبوونێکی هاوشانی قازانج لە بەرانبەریدا، ئەوا بە دڵنیاییەوە بەرەو هەرەس دەڕۆیت - وەك ئەوەی پێشبینی ئەوە بکەیت کە دەتوانیت سەیارەیەکی جاگوار لێبخوڕیت بە هەمان ئەو بڕە بەنزینەی پێویستە بۆ لێخوڕینی سەیارەیەکی بچوك.

لە بەرئەم هۆکارەیە (100 ساڵ) پێش ئێستا مارکس لە مشتومڕی ئەوەدابوو کە سەرکەوتنی سەمایەداری لە ئەنجامدانی سەرمایەگوزارییەکانی لەسەر بناغەی ئامێرە نوێیەکان، دەبێتەهۆی دابەزینی تێکڕای قازانج، ئەمەش واتە قەیرانەکە زیاتر قوڵدەبێتەوە.

ئەم بۆچوونەی مارکس دەکرێت بە ئاسانی بەسەر سەرمایەداری ئەمڕۆدا جێبەجێبکەین. جیاواز لەو وێنە کۆنەی کە «کاتە خراپەکان» گۆڕاوە بۆ «کاتە بەشەکان»، کە «وەستاوی» دەگۆڕێت بۆ «بوژانەوە»، وەدەردەکەوێت کە ئێمە لە وەستاوییەکی بێ کۆتاداین. هەر ماوەیەکی بەرزبوونەوە، هەر نزمبونەوەیەکی بێکاریی، سنوردار و کورتماوە دەبێت.

بەرگریکارانی سیستەمەکە دەڵێن ئەمە بە هۆی ئەوەوەیە کە سەرمایەگوزاری بە پێی پێویست گەورە نییە. بە بێ سەرمایەگوزاریی نوێ، ئیشی نوێ بوونی نییە، بە بێ ئیشی نوێش، هیچ پارەیەك نییە بۆ کڕینی کاڵای نوێ. هەتا ئێرە پێدەچێت لەگەڵیان هاوڕابین، بەڵام لەگەڵ لێکدانەوەکەیان هاوڕا نین کە بۆچی ئەمە روودەدات.

ئەوانە لۆمەی کرێ دەکەن؛ کرێ زۆر بەرزە، وەك دەڵێن بۆتەهۆی دابەزاندنی قازانجەکان بۆ نزمترین ئاست. سەرمایەدارەکان لە سەرمایەگوزاری دەترسن، چونکە «پاداشتی تەواو» بە دەستناهێنن.

بەڵام قەیرانەکان بە درێژایی چەنین ساڵ بەردەوامبوون، لە ماوەی ئەم ساڵانەدا سیاسەتەکانی حکومەت سەبارەت بە کرێ بەرەو دابەزاندنی ئاستی بژێوی کرێکاران و بەرزکردنەوەی قازانجەکان رۆیشتووە. ساڵانی (1975-1978) گەورەترین نزمکردنەوەی ئاستی بژێویی کرێکارانی بە خۆیەوەبینی لەم سەدەیەدا، بەڵام دەوڵەمەندەکان بەرەو دەوڵەمەندتر رۆیشتن- (10%)ی ئەوانەی لە لوتکە بوون، پشکی خۆیان لە کێکە نیشتیمانییەکە بەرزکردەوە لە (57.8%) لەساڵی (1974) بۆ (60%) لەساڵی (1976).

هێشتا سەرمایەگوزاریی تەواو بۆ کۆتاییپێهێنانی قەیرانەکە بوونی نییە -ئەمە تەنها هەر لەسەر بەریتانیا جێبەجێنابێت، بەڵکو هەموو ئەو دەوڵەتانەش کە کرێیان دابەزاندووە، وەك فەرەنسا، ژاپۆن، ئەڵمانیا.

باشتروایە گوێ لە مارکس بگرین بزانین (100 ساڵ) پێش ئێستا چی گووتوە، وەك لەوەی گوێ لەوانە بگرین کە لە ئەمڕۆدا بەرگری لە سەرمایەداری دەکەن[1].

مارکس پیشبینی کردبوو کە هەرچەندێك تەمەنی سەرمایەداری درێژتربێت، قەیرانەکانی قوڵتر دەبن، لە بەرئەوەی سەرچاوەی قازانج واتە (کار)، نزیکەی هەمان

خێرایی گەشەی «سەرمایەگوزاریی پێویست بۆ بە گەڕخستنی کرێکاران» گەشە ناکات. مارکس کاتێك ئەمەی نوسیوە کە بەهای ئامێرەکان بۆ بە گەڕخستنی هەر کرێکارێك، تاڕادەیەك نزمبوو. لەوکاتەوە بۆ ئەمڕۆ لە (20000 پاوەند)ەوە بۆ (30000 پاوەند) بەرزبۆتەوە. کێبڕکێی نێوان پڕۆژە سەرمایەدارییەکان، سەرمایەدارەکانی ناچارکرد بۆ بە کارهێنانی ئامێری گەورەتر و گرانتر. ئیدی گەیشتۆتە خاڵێك لە گشت پیشەسازییەکان کە شتێکی باوەڕپێکراوە؛ ئامێری نوێ بە واتای کرێکاری کەمتر دێت.

ڕێکخراوی هاریکاری و پەرەپێدانی ئابوریی نێونەتەوەیی پێشبینی ئەوەی کردبوو کە ئابورییە سەرەکییەکان لە جیهاندا دەکەون، تەنانەت ئەگەر موعجیزەیەکیش رووبدات و باڵ بە وەبەرهێنانەکانیش بگرێت. کە ئەمە روونادات، چونکە سەرمایەدارەکان بایەخ بە قازانجەکانیان دەدەن، ئەگەر سەرمایەگوزارییەکانیان چوارهێندە زیادبکات، بەڵام قازانجەکانیان دووهێندە زیادبکات، ئەوا لە راستیدا سەرمایەدارەکان دڵتەنگ دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئەمە رووبدات، ئەگەر پیشەسازی زۆر خێراتر لە سەرچاوەی قازانج (کار) گەشەی کرد.

وەك مارکس روونیکردۆتەوە، تێکڕای قازانج بەرەو نزمبوونەوە دەڕوات. هەروەها پێشبینیکردووە کە لە کۆتاییدا دەگات بە خاڵێك کە تێیدا هەر سەرمایەگوزارییەکی نوێ ریسکێکی مەترسیدارە. بازنەی خەرجی پێویست بۆ کڕینی

ئامێر و ئامرازی نوێ زۆر فراوان دەبێت، بەڵام تێکڕای قازانج لە هەر کاتێکی دیکە کەمتر دەبێت. کاتێك دۆخەکە بەم خاڵە دەگات، هەموو سەرمایەدارێك و دەوڵەتێکی سەرمایەداری خەون بە پڕۆگرامی سەرمایەگوزاریی نوێ و گەورەوە دەبینێت -بەڵام سڵدەکاتەوە لە جێبەجیکردنی، لەترسی شکست و پەشیمانی.

ئابوری جیهانیی لە ئەمڕۆدا زۆر لەوە دەچێت. «رۆڤەر» پلانی هێڵە نوێیەکانی بەرهەمهێنان دادەنێت، بەڵام دەترسێت پارەکانی لە دەستبدات. پۆڵای بەریتانی خەون بەو کارگە گەورانەوە دەبینێت کە پلانی بۆ داناوە، بەڵام ئەم خەون و پلانانە ناچار بە سڕکردن دەکرێن، چونکە ناتوانن بەرهەمەکانی ئێستایان بفرۆشن. کەشتی دروستکەرە ژاپۆنییەکان وەبەرهێنانیان لە کەشتیگە (shipyard) نوێیەکاندا راگرت -تەنانەت بەشێك لە کەشتیگە کۆنەکانیان داخست.

سەرکەوتنی سەرمایەداری لە بونیادنانی ئامێری گەورەتر و بەرهەم زۆرتر سیستەمەکەی گەیاند بە خاڵێك، کە قەیرانێکی هەمیشەیی بە روونی تێیدا دەبینرێت.

کۆمەڵگە کۆیلەدارییەکانی جیهانی کۆن و کۆمەڵگە فیودالییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، دەگەیشتن بە خاڵێك کە یان شۆڕشێك بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە بەرپادەبوو، یاخود دەکەوتنە قەیرانێکی بەردەوامەوە کە بەرەودواوەی لێدەکەوێتەوە. لە حاڵەتی رۆمادا، روونەدانی شۆڕش بووە

هۆی وێرانکردنی شارستانییەتی رۆمانی و گەڕانەوە بۆ سەدە تاریکەکان. لە حاڵەتی بەشێك لە کۆمەڵگە فیودالیەکاندا -بەریتانیا و دواتریش فەرەنسا- شۆڕش سیستەمە کۆنەکەی لە ناوبرد و ئەگەری روودانی بەرەوپێشچوونێکی کۆمەڵایەتیی تازەی هێنایە کایەوە لە ژێر سایەی سەرمایەداریدا.

ئێستا خودی سەرمایەداری رووبەرووی هەڵبژاردن بۆتەوە لە نێوان؛ قەیرانی بەردەوام، کە دواجار بە هۆی هەژاریی و جەنگەوە دەبێتەهۆی سەرنگومکردنی مرۆڤایەتی بۆ جارێکی دیکە لە بەربەریزمدا. یاخود هەڵبژاردەی دووەم؛ شۆڕشی سۆسیالیستی.

**پەراوێز:**

1. مەبەستی هارمەن لەوە نییە کە تەنها گوێ لە مارکس بگرین و یەک ڕوانینمان بۆ ڕووداوەکان هەبێت، بەڵکو مەبەست لەو زەمەنە جیاوازەیە کە لەنێوان مارکس و بەرگریکارەکانی سەرمایەداریدا هەیە، بەو مانایەی کاتێک مارکس لەسەر ئەم بابەتەی نووسیوە کە دۆخەکە بەمجۆرە نەبووە، واتە بە تەواوی بۆچونێکی ئابووریانە  و دوور لە لایەنگری بووە، تەنها پشت بەستبووە بە خویندنەوە قوڵەکانی بۆ دۆخەکە. بەڵام، ئەوانەی لە ئەمڕۆدا دەدوێن بە تەواوی لەژێر کاریگەری و لایەنداریی سەرمایەداریدان و خۆیان لە قوڵایی قەیرانەکاندان، بۆیە زەحمەتە لێکدانەوەیەکی بەجێیان هەبێت.

## بەشی 7
## چینی کارکەر

مارکس لە دەستپێکی مانیفێستی کۆمۆنیزمدا ئەم رستەیە دەنووسێت: «مێژووی هەموو ئەو کۆمەڵگەیانەی تائێستا هەبوون، بریتییە لە مێژووی خەباتی چینایەتی».

پرسی یەکلاکەرەوە بریتیبوو لە وەی چۆن چینی دەسەڵاتدار توانیویەتی چینی چەوساوە ناچاربکات بە بەردەوامبوون لە بەرهەمهێنانی سامان بۆی. بەم هۆیەوە، لە هەموو کۆمەڵگەیەکی پێشووتردا، گەلێك ململانێ لە نێوان چینەکاندا هەبووە، کە هەمیشە لە شەڕی ناوخۆدا دەگاتە لوتکە: راپەڕینی کۆیلەکان لە رۆمای کۆندا، راپەڕینی جوتیاران

له ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست، جەنگە ناوخۆییە گەورەکان وشۆڕشەکانی سەدەی 17 و 18.

له هەموو ئەم ململانێ گەورانەدا، گروپی هێزە شۆڕشگێڕەکان له چینە هەرە چەوساوەکەی کۆمەڵگه بووە. بەڵام وەك مارکس بە خێرایی ئاماژەیپێداوە، له کۆتایدا هەموو ئەو هەوڵانەیان لە گۆڕینی کەمینەیەکی خاوەن ئیمتیازی فەرمانڕەوا بە دانەیەکی دی کۆتاییهاتووە. له بەرئەوە -بۆ نموونە لە وڵاتی چینی کۆندا- گەلێك شۆڕشی جوتیاریی سەرکەوتوو دەبینین، بەڵام تەنها ئیمپراتۆرێکیان گۆڕیوە بە دانەیەکی دی. بە هەمانشێوە، ئەوانەی زۆرترین تێکۆشانیان هەبوو لە شۆڕشی فەرەنسیدا بریتیبوون له (bras nus[1])، بەڵام لە کۆتایدا فەرمانڕەوایی کۆمەڵگەیان نەکرد، ئەوەی فەرمانڕەوایی گرتەدەست بریتیبوو لە پیاوانی بانك و پیشەسازی لە بری پادشا و دەستوپێوەندەکانی.

دوو هۆکاری سەرەکی هەیە بۆ ئەم شکستەی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگه لە پارێزگاری لەو دەسەڵاتەی لە ئەنجامی ئەو شۆڕشەی بۆی جەنگاون هاتۆتەئاراوە.

یەکەم: ئاستی گشتی سامان لە کۆمەڵگەدا تاڕادەیەك نزمبوو. ئەمەش لە بەرئەوەی بەشی زۆری خەڵکی کەوتبوونە هەژارییەکی تەواوەوە. کەمینەیەکی بچووك کاتی بە تاڵی هەبوو بۆ پەرەپێدانی هونەر و زانستەکان بە مەبەستی پارێزگاریکردن لە شارستانیەت. بە دەربڕینێکی دی؛ پێشکەوتنی کۆمەڵگه دابەشبوونی چینایەتیی دەکاتە شتێکی زەروورییی.

دووەم: ژیانی چینە چەوساوەکانی کۆمەڵگە ئامادەی نەکردبوون بۆ فەرمانڕەواییکردنی کۆمەڵگە. بە گشتی زۆرینەیان نەخوێندەواربوون، بیرکردنەوەیەکی لاوازیان هەبوو دەربارەی ئەوەی لە دەرەوەی سنوورەکەیان دەگوزەرێت. لەسەروو هەموو ئەوانەشەوە ژیانی رۆژانەیان دابەشیکردبوون بۆ دژایەتی یەکتر. هەموو جوتیارێك پەرۆشی چاندنی پارچە زەوییەکەی خۆی بوو. هەموو پیشەکارێك لە شارەکاندا کارە بچوکەکەی خۆی بەڕیوەدەبرد، و تاڕادەیەکیش لە کێبڕکێی پیشەکارەکانی دیکەدا بوو. یەکگرتوو نەبوون لەگەڵ یەکتردا.

شۆڕشی جوتیارەکان بە رابوونی ژمارەیەکی فراوان لە خەڵك بۆ دابەشکردنی زەویی خانەدانە دەرەبەگە ناوخۆییەکان دەستیپێدەکرد، بەڵام هەتاوەکو جوتیارەکان خەریکی شەڕی لابەلا بن لەگەڵ یەکتر دەربارەی چۆنیەتی دابەشکردنی زەوییەکان، خانەدان ناڕوخێت. وەك مارکس روونیکردۆتەوە، جوتیارەکان وەك «پەتاتەی ناو تورەکە» وەهان، بە هۆی هێزێکی دەرەکییەوە بەریەکدەکەون، بەڵام ناتوانن بەشێوەیەکی بەردەوام پێکەوە پەیوەستبن بۆ گوزارشتکردن لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان.

ئەو کرێکارانەی لەژێر سایەی سەرمایەداریی مۆدێرندا سامان بەرهەمدەهێنن، لە هەموو چینە نزمەکانی پێشوو جیاوازترن.

یەکەم، دابەشکردنی کۆمەڵگە بۆ چینەکان چیتر پێویست

نییە بۆ پێشکەوتنی مرۆڤ [لەسەردەمی سەرمایەداریی مۆدێرندا]. سامانێکی زۆر بەرهەمدێت، تەنانەت ئەگەر خودی کۆمەڵگەی سەرمایەداری بە شێوەیەکی خولیی بڕی زەبەلاح لەو سامانە لە جەنگەکان و قەیرانە ئابورییەکانیشدا بە فیڕۆبدات. دەکرێت ئەو سامانە بە یەکسانی دابەشبکرێت و کۆمەڵگە گەشانەوەی هونەر و زانست و ...هتد بە خۆیەوە ببینێت.

دووەم، ژیان لە ژێر سایەی سەرمایەداریدا، کرێکاران بە ڕێگەی جیاواز ئامادەدەکات بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە. بۆ نموونە، سەرمایەداری کرێکاری بەهرەمەند و پەروەردەکراوی دەوێت. هەروەها سەرمایەداری هەزاران کەس ناچاردەکات بە بوونیان لە شوێنی کاری گەورە، کە تێیدا لە پەیوەندیی نزیکدا دەبن بە یەکترەوە، دەتوانن ببنە هێزێکی کاریگەر بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە.

سەرمایەداری وا لە کرێکارەکان دەکات لە بەرهەمهێنانی ناو کارگەدا یارمەتیدەری یەکتربن، کاتێکیش کرێکاران لە ناو ڕێکخراوەکاندا خۆیان ڕێکدەخەن، دەکرێت زۆر بە ئاسانی ئەم توانستە هەرەوەزییە لە دژی سیستەمەکە بە کاربهێندرێتەوە. لە بەرئەوەی کاتێك لە ئاپۆرا و کۆڕ و کۆمەڵی گەورەدا پێکەوە کۆدەکرێنەوە، بەراورد بە چینە مافخوراوەکانی پێشووتر کرێکاران زۆر ئاسانتر دەتوانن لە چوارچێوەی دەستەکانی خۆیاندا بە شێوەیەکی دیموکراسییانە بڕیاربدەن.

سەرەڕای ئەوەش، سەرمایەداری بە شێوەیەکی بەرچاو

کاردەکات بۆ گواستنەوەی ئەو کۆمەڵە کەسانەی کە خۆیان لەسەرو کرێکارە ئاساییەکانەوە دەبینن (وەك کارمەندی نووسین و تەکنیککارەکان) بۆلای کرێکارەکان، بۆ ناچارکردنیان بە دروستکردنی ڕێکخراو بۆ بەرگریکردن لێیان، وەك کرێکارەکانی دیکە دەیکەن[2].

لە دوایدا، گەشەسەندنی هۆکارەکانی پەیوەندیکردن (Communication) - هێڵە ئاسنیەنەکان، ڕێگەوبانەکان، گواستنەوەی ئاسمانی، سیستەمی پۆستە، تەلەفۆن، رادیۆ و تەلەفزیۆن- ڕێگە بۆ کرێکاران خۆشدەکەن بۆ پەیوەندیکردنیان بە دەرەوەی بازنە لۆکاڵی و پیشەسازییەکە. بە مەش خۆیان ڕێکدەخەن وەك چینێك لەسەر ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی، کە ئەمە شتێکە لەسەروی خەیاڵی چینە چەوساوەکانی رابردووەوە بووە.

هەموو ئەم راستیانە پێمان دەڵێن کە کرێکاران دەتوانن نەك هەر هێزێك بن بۆ یاخیبوون بە رووی کۆمەڵگە باوەکە [واتە وەك پێشتر هەر نەبن بە هێزێك بۆ شۆڕشکردن رووبەڕوی کۆمەڵگەی باو، دواتر کۆمەڵێك کەس بێن و بەرهەمی ئەم شۆڕشەیان لێبسەنێت]، بەڵکو دەتوانێت خۆی ڕێکبخات، هەڵبژاردن بکات و لە ڕێگەی نوێنەرەکانییەوە دەسەڵات کۆنترۆڵ بکات، تەنانەت گۆڕینی کۆمەڵگە لە بەرژەوەندیی خۆی، نەوەکو تەنها بۆ دانانی ئیمپراتۆرێکی دیکە یاخود کۆمەڵێك لە پیاوانی بانك. وەك مارکس دەڵێت:

«هەموو بزوتنەوە مێژووییەکانی پێشووتر، بزوتنەوەی

کەمینەیەك بوون بۆ بەرژەوەندیی کەمینەیەك. خودی بزوتنەوەی پرۆلیتاریی بزوتنەوەیەکی هۆشیاری سەربەخۆی زۆرینەیەکی فراوانە، کە بەرژەوەندیی زۆرینەیەکی فراوان لەخۆدەگرێت».

**پەراوێز:**

1. وشەکە لە بنەڕەتدا فەڕەنسییە (bras nus)، لە زمانی ئینگلیزیدا کراوە بە (bare arms)، لە عەرەبیشدا کراوەتە (عاري الأكمام) ئەگەر بەشێوەیەکی حەرفی بیکەین بە کوردی دەبێتە (سەربازی ڕووت، یان چەکداری هەژار و نەدار و نەبوو، جۆرێک لە میلیشیا)، بەڵام ئەوەی مەبەستە ئەم گروپە، یان ئەم چینە لە سەروبەندی شۆڕشی گەورەی فەڕەنسییدا دژبەری سەرسەختی بۆرژوازییەکان بوون، لێرەدا کریس هارمەن بەو مەبەستە بەکارییهێناوە، کە ئەو چینەی زۆرترین ڕەنجی داوە لە شۆڕشی فەڕەنسییدا، دواتر بەری ئەو ڕەنجەی چینێکی دیکە دەیخوات.

2. کاتێک سەرمایەداری هەست دەکات کرێکارە چەوساوەکان کاری ڕیکخراوەیی دەکەن و ترسی ئەوەی لێدەنیشێت ڕووبەرووی خۆی ببنەوە، ئیدی ئەویش کۆمەڵە کرێکارێکی (هونەریی و نووسەر) دەخاتە ناویانەوە بە مەبەستنی کۆکردنەوەی کۆمەڵە کرێکارێک بە ناوی بەرگری لە مافی کرێکاران، بەڵام لە بنەڕەتدا بۆ بەڕوودا وەستانەوەی ڕێکخراوە کرێکارییە ڕاستەقینەکانە.

## بەشی 8
## کۆمەڵگە چۆن دەگۆڕێت؟

لە بەریتانیا، زۆرینەی زۆری سۆسیالیست و سەندیکاییەکان بە شێوەیەکی گشتی جەخت لە وە دەکەنەوە کە دەتوانرێت بە بێ شۆڕشێکی توندوتیژ کۆمەڵگە بگۆڕدرێت. وەك دەڵێن، هەموو ئەوەی پێویستمانە بریتییە لە وەی سۆسیالیستەکان پشتگیریی پێویستیی میللی بە دەستبهێنن لەپێناو کۆنترۆڵکردنی دامەزراوە سیاسییە تەقلیدییەکان -پەرلەمان و ئەنجومە لۆکاڵییەکان. ئیدی ئەو کاتە سۆسیالیستەکان لە بارێکدا دەبن کە رێگەیان پێدەدات بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە لە

ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی دەوڵەتی باڵادەست- خزمەتگوزاریی مەدەنی، دەسەڵاتی دادوەریی، پۆلیس، هێزی چەکدار بۆ سەپاندنی یاساکان لە بەرژەوەندیی هێزی کارکەر.

بانگەشەیاندەکرد کە دەکرێت سۆسیالیزم لەم ڕێگەیەوە بچێتە نێو بازنەی بەڕێوەبردنەوە بەرەبەرە و بە بێ زەبروزەنگ، لە ڕێگەی ریفۆرمکردنی دۆخی ئێستا.

ئەم ڕوانگەیە بە ریفۆرمیزم(Reformism ) ناودەبرێت، سەرەڕای ئەوەی جاروبار گوێت لە وشەی دیکەی نزیك لە وە دەبێت، وەك پێداچوونەوە (Revisionism) (چونکە پێداچونەوە و دەستکارییەکی تەواوی ئایدیاکانی مارکس لە خۆدەگرێت، زۆرجار دەبێتە دژە مارکسیستییش)، یان «سۆسیال دیموکرات» (سەرەڕای ئەوەی تا ساڵی 1914 بریتیبوو لە سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕیی)، یاخود «فابیانیزم[1]» (ئاماژەیە بۆ کۆمەڵگەی فابی کە ڕوانگە ریفۆرمیستەکانی بەریتانیا بانگەشەیان بۆ دەکرد). ئەم ڕوانگەیە لە لایەن چەپەکان و هەروەها ڕاستەکانی پارتی کاری بەریتانییەوە قبوڵکراوە.

ریفۆرمیزم لە یەکەم ڕوانیندا زۆر گونجاو دیارە. هاوشانە لەگەڵ ئەوەی لە قوتابخانە و ڕۆژنامە و تەلەفزیۆنەکاندا پێماندەڵێن کە «پەرلەمان وڵات بەڕێوەدەبات» یاخود «پەرلەمان بە پێی خواستە دیموکراسییەکانی گەل هەڵدەبژێردرێت».

سەرەڕای بە شکست کۆتایهاتنی سەرجەم هەوڵەکان بۆ هێنانەناوەوەی سۆسیالیزم لە ڕێگەی پەرلەمانەوە، بەڵام لە ساڵانی نێوان (1945-1979) سێ حکومەتی کرێکاریی بە زۆرینە پێکهاتوون لە بەریتانیا - زۆرینەی گەورە لە (1945) و (1966)- سەرەڕای هەموو ئەمانەش هێشتا بەو ئاستەی ساڵی (1945) لە سۆسیالیزمەوە نزیك نین.

ئەزموونەکانی دەرەوەی بەریتانیاش بە هەمانشێوە بوون. ساڵی (1970) لە چیلی (سلڤادۆر ئالندە) بە سەرۆك هەڵبژێردرا. خەڵکی بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئەمە «ڕێگەیەکی نوێیە» بەرەو سۆسیالیزم. دوای سێ ساڵ ئەو ژەنەڕاڵانەی ئالندە داوایلێکردبوون بێنە حکومەتەکەیەوە، (ئالندە)یان لابرد و بزوتنەوەی کرێکاریی چیلی لە ناوبرا.

لێرەدا سێ هۆکاری پێکەوەگرێدراو هەن کە بۆچی هەمیشە ریفۆرمیزم شکستدەهێنێت.

هۆکاری یەکەم، وەهای دانێ زۆرینەی سۆسیالیستی لە پەرلەمانەکاندا وردە وردە سەرقاڵی هێنانەناوەوەی پرۆژە سۆسیالیستییەکان دەبن، بەڵام لە لایەکی دیکەوە هێزە ئابورییە راستەقینەکە لە دەستی چینە فەرمانڕەوا کۆنەکەدا ماوەتەوە. دەتوانن ئەم هێزە ئابورییە بە کاربهێنن بۆ داخستنی سەرجەم بەشەکانی پیشەسازی بۆ دروستکردنی بێکاریی، بۆ بەرزکردنەوەی نرخ لە میانەی مانگرتن و هەڵگرتنی کاڵا لە کۆگاکاندا، بۆ ناردنەدەرەوەی پارە و دروستکردنی قەیران لە

«تەرازوی پارەدان»دا، پاشان بەرپاکردنی هەڵمەتێکی میدیایی بۆ لۆمەکردنی حکومەتی سۆسیالیستی وەك تاوانبارێك لەسەر هەموو ئەمانە.

هەر لەبەرئەمەش بوو حکومەتە کرێکارییەکەی (هارۆڵد ویڵسۆن) لە ساڵی 1964، جارێکی تریش لەساڵی 1966، ناچاربوو دەستبەرداری ئەو رێوشوێنانە ببێت کە دەکرا سودێکیان بۆ کرێکاران هەبێت، ئەمەش بە هۆکاری لێشاوی بردنەدەرەوەی پارە لە لایەن کۆمپانیا و تاکە دەوڵەمەندەکان. ویڵسۆن خۆی لە بیرەوەرییەکانیدا باسی دەکات:

«ئێستا گەیشتوینەتە دۆخێك کە تێیدا مانگرە نێودەوڵەتییەکان بە حکومەتە تازە هەڵبژێردراوەکە دەڵێن کە ئەو سیاسەتەی لە هەڵبژاردنەکەدا دژایەتیی ئێمەت پێکرد، ناتوانیت جێبەجێیبکەیت... وەزیری یەکەمی شاژن داوایکرد پەردە لەسەر دیموکراسیی پەرلەمانی دابدرێتەوە و ئەو تێزە قبوڵبکرێت کە هەڵبژاردنەکان لە بەریتانیا شانۆگەرییەکی کۆمیدییە، گەلی بەریتانی توانای هەڵبژاردنیان نییە لە نێوان دوو سیاسەتدا».

پێویستە ئەوەش زیادبکەین کە سەرەڕای هاوارە ناڕەزاییەتییەکانی ویڵسۆن، بەڵام بە درێژای شەش ساڵی داهاتوو، بە کردەوە بووە شوێنکەوتەی ئەو سیاسەتانەی مانگرەکان داوایاندەکرد.

بە هەمانشێوە بە ئەنقەست دروستکردنی قەیران لە

تەرازوی پارەداندا، حکومەتە کرێکارییە هەڵبژێردراوەکەی ساڵی (1974)ی ناچارکرد بە ئەنجامدانی سێ کۆمەڵەی یەك بە دوای یەکی کەمکردنەوەی خەرجی گشتی لە نەخۆشخانەکان، قوتابخانەکان و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان.

حکومەتەکەی ئالندە لە چیلی رووبەڕوی لێکهەڵوەشانێکی گەورەتر بووەوە لەسەردەستی پڕۆژە گەورەکان. دووجار بە تەواوی گشت بەشە پیشەسازییەکان داخران بە هۆی مانگرتنی خاوەنەکانیانەوە، مانگرتنەکە نرخەکانی بە ئاستێکی گەورە بەرزکردەوە و هەڵگرتنی کاڵاش لە لایەن بزنسمانەکانەوە بووە هۆی درێژبوونەوەی ریزی سەرەگرتن بۆ بە دەستهێنای پیداویستییەکانی ژیان.

هۆکاری دووەم بۆ نەبوونی ئەگەری ریفۆرمکردن لە سەرمایەداریدا، بریتییە لە بێلایەن نەبوونی دەزگاکانی دەوڵەتی باڵادەست (existing state)، بەڵکو سەرتاپا بۆ پارێزگاری لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری دیزاینکراون. نزیکەی هەموو ئامرازەکانی بەکارهێنانی فشار و ئامرازەکانی زەبروزەنگ، لە لایەن دەوڵەتەوە کۆنترۆڵکراون. ئەگەر دامەزراوەکانی دەوڵەت بێلایەن بن، هەر شتێك لە لایەن هەرجۆرە حکومەتێکەوە -سەرمایەداری یان سۆسیالیستی- داوایلێبکرێت دەستبەجێ جێبەجێیبکات، ئەوا دەوڵەت دەتوانێت بە کاربهێنرێت بۆ راگرتنی وێرانکاریی پرۆژە ئابوریيە گەورەکان، بەڵام ئەگەر تەماشابکەیت لەو رێگەیەی

کە دەزگاکانی دەوڵەت کارییپێدەکەن، هەروەها لەو کەسانەی فەرمانەکانی پێدەدەن، ئەوسا دەزانیت کە بێلایەن نییە.

دەزگای دەوڵەت تەنها بریتی نییە لە حکومەت، بەڵکو رێکخستنێکی فراوانە و چەندین لقی جیاوازی لێدەبێتەوە؛ پۆلیس، سوپا، دەسەڵاتی دادوەری، بەڕێوەبردنی مەدەنی، ئەو خەڵکانەی پیشەسازییە نیشتیمانییەکان بەڕێوەدەبەن و هتد. زۆرێك لە وانەی لەم لقە جیاوازانەدا کاردەکەن، لە چینی کرێکارانەوە هاتوون - چەشنی کرێکاران موچەکانیان وەردەگرن و دەژین.

بەڵام ئەو کەسانە لە بڕیاربەدەستەکان نین. سەربازێکی ئاسایی بڕیارنادات کەی شەڕ ئەنجامبدرێت، ئەگەر مانگرتن روویدا بچن بیشکێنن. کارمەندێکی ژمێریار لە نوسینگەی دڵنیایی کۆمەڵایەتی (سۆشیال) بڕیار لەسەر قەبارەی ئەو هاوکاریانە نادات کە دەیدات بە خەڵك. گشت مەکینەکانی دەوڵەت لەسەر ئەو پرەنسیپە چڕبوونەتەوە کە ئەوانەی لەسەر پلەیەکی پەیژەکەن، دەبێت گوێڕایەڵی ئەوانە بن کە لەسەر بەرزترین پلەن.

بە ناچاری ئەمە دۆخەکەیە لە گشت بەشەکانی مەکینەی دەوڵەت، کە زەبروزەنگی فیزیکی پراکتیزە دەکەن؛ سوپا، هێزی دەریایی، هێزی ئاسمانی، پۆلیس. یەکەم شت کە سەربازەکان پاش میلیتاریزەکردنیان فێریدەبن -ماوەیەکی زۆر پێش ئەوەی رێگەیان پێبدرێت دەستیان بەر چەك بکەوێت-

بریتییە لە گوێڕایەڵیی فەرمانەکان. لە بەر ئەمە فێری کۆمەڵە مەشقێکی عەبەسی (Absurd) دەکرێن. ئەگەر توانییان لە ناو گۆڕەپانی نمایشدا گوێڕایەڵی فەرمانە شێتانەکان بن بە بێ بیرکردنەوە، ئەوا دەتوانن فیشەکیش بتەقینن کاتێك فەرمانیان پێدەکرێت، بە هەمانشێوە بە بێ بیرکردنەوە.

گەورەترین تاوان لە هەموو سوپایەکدا بریتییە لە گوێڕایەڵیی نەکردنی فەرمانەکان (یاخیبوون). زۆر بە جدییەوە سەیری ئەم تاوانە دەکەن، هەتاوەکو ئێستاش لە بەریتانیا یاخیبوون لە کاتی جەنگدا، سزاکەی لە سێدارەدانە.

کێ فەرمانەکان دەدات؟ ئەگەر تەماشایەکی زنجیرەی فەرماندانەکان لە سوپای بەریتانی یان هەر سوپایەکی دیکە بکەین، ئەو فەرمانانە بە پێی زنجیرەی پلە سەربازییەکان دەڕوات (ژەنەڕاڵ، لیوا، سەرتیپ، ئەفسەر، سەرباز، هتد...). لە هەموو ئەو قۆناغانەی فەرمان دەرکردندا، نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان و راوێژکارە ناوخۆییەکان چاودێری فەرمانەکان ناکەن. تەنانەت گوێڕایەڵیکردنی کۆمەڵە سەربازێك بۆ پەرلەمانتارێك لە جیاتی ئەفسەرەکەی خۆیان، بە یاخیبوون دادەنرێت. سوپا بریتییە لە ماکینەیەکی گەورەی کوشتن. ئەو کەسانەی بەڕێوەی دەبەن -هاوکات دەسەڵاتی بەرزکردنەوەی ئەفسەری دیکەیان هەیە بۆ پۆستە باڵاکانی سوپا- بریتین لە ژەنەڕاڵەکان.

بێگومان بە شیوەیەکی تیۆریی ژەنەڕاڵەکان بەرپرسیارن

بەرانبەر حکومەتی هەڵبژێردراو، بەڵام ئەفسەرەکان لەسەر گوێڕایەڵیی ژەنەڕاڵەکان راهێنراون نەك سیاسییەکان. ئەگەر ژەنەڕاڵەکان فەرمانێکیاندا بە ئەفسەرەکانیان کە جیاوازبوو لە خواستەکانی حکومەتی هەڵبژێردراو، بە هیچ جۆرێك حکومەت ناتوانێت ئەم فەرمانانە هەڵبوەشێنێتەوە. تەنها ئەوەندەی پێدەکرێت هەوڵبدات باوەڕ بە ژەنەڕاڵەکان بهێنێت کە بۆچونەکانیان بگۆڕن.

ئەمە بەو مانایە نییە کە ژەنەڕاڵەکان هەمیشە، یاخود بە گشتی چاو لەو شتانە دەپۆشن کە حکومەت پێیان دەڵێت. بە گشتی لە بەریتانیادا دۆزینەوەی ئەوان زۆر ئاسانترە بەراورد بەوەی زۆربەی جار حکومەت پێشنیاری دەکات. بەڵام لە دۆخی مەرگ و ژیاندا، ژەنەڕاڵەکان دەتوانن ماکینەی کوشتن بە گەڕ بخەن بێ ئەوەی بە هیچ جۆرێك گوێ لە حکومەت بگرن، و حکومەت دەتوانێت تەنها کەمێك کاریگەریی لەسەریان هەبێت. ئەمەش ئەوەبوو کە دواجار ژەنەڕاڵەکان لە شیلی پێیهەستان و (سلڤادۆر ئالندە)یان رووخاند.

کەواتە با پرسین: «کێ سوپا دەجوڵێنێت؟ یان لە راستیدا، ژەنەڕاڵەکان کێن؟». لە بەریتانیا نزیکەی لە 80%ی ئەفسەرانی پلەباڵا لە خوێندنگە گشتییەکان (بێ کرێ) خوێندویانە – ئەمە هەمان رێژەی 50 ساڵ پێش ئێستایە (و 17 ساڵی حکومڕانیی پارتی کار، نەیتوانیوە ئەمە بگۆڕێت). ئەوان خاوەن کار و پێگەی کاری گەورەن، سەر بە یانە شیك و راقییەکان و مۆدە

تازەکانن، تێکەڵەیەکن لە وەزیفە کۆمەڵایەتییەکان، کۆمەڵێك ئایدیا لە نێو خۆیاندا بڵاودەکەنەوە (ئەگەر ئێوە گومانتان لەوە هەیە، سەیری نوسینەکانی ستوونی هەر ژمارەیەکی رۆژنامەی دەیلی تەلگراف بکەن). ئەمەش هەر ئەو شتەیە کە لای بەرپرسانی خزمەتی مەدەنی، دادگاکان و سەرۆکی پاسەوانەکان خۆی دووبارە دەکاتەوە.

باوەڕدەکەن کە ئەو کەسانە ملکەچیی فەرمانەکانی حکومەت دەبن تاکو بگەن بە دەسەڵاتێکی ئابوری دوور لە هاوڕێیان و نزیکەکانی خۆیان لە بازرگانی و بزنسی گەورەدا، ئەویش تەنها بە خاتری گەیشتنی 330 کەس بە ئەنجومەنی گشتی (پەرلەمانی بەریتانیا)؟ ئایا نەدەکرا ئەوان رێك و راست نمونەی ژەنەراڵەکانی شیلی، دادگاکان و کارمەندانی دەوڵەتیی کۆپی بکەنەوە، کە بۆ ماوەی سێ ساڵ فەرمانەکانی حکومەتیان پشتگوێخست و پاشان لە کاتی خۆیدا وێرانی بکەن و هەڵی بگەڕێننەوە؟

لە پراکتیکدا، بە شیوەیەکی تایبەتیی ئێمە لە بەریتانیا بەوجۆرە تەماشای «دەستوور» دەکەین کە ئەوانەی کۆنترۆڵی دەزگای دەوڵەتیان بە دەستەوەیە دەتوانن بیکەنە ئاستەنگ لە بەردەم ئیرادە و ئیدارەی حکومەتی چەپی هەڵبژێردراودا، نەك ئەوەی بە شێوەیەکی فیزیکیی وێرانیان بکات و لە ناویان بەرێت. ئەگەر [لەو کاتەدا] حکومەتێکی وەها هەڵبژاردنەکان بباتەوە، رووبەڕوی وێرانییەکی فراوانی ئابوری دەبێتەوە لە

بەرانبەر چینی فەرمانبەر (داخستنی کارگە، رۆیشتنی پارە بۆ دەرەوەی وڵات، قۆرخکردنی پێداویستییە زەرورییەکان، بەرزبوونەوەی نرخەکان بە هۆی هەڵاوسانەوە). ئەگەر حکومەت لە رێگەی «ئامرازە دەستورییەکان»ەوە -بۆ نموونە تێپەڕاندنی یاساکان- رووبەڕوی ئەم شتانە ببوایەتەوە، ئەوا دەستی لەپشت خۆیەوە بە کۆتکراوی دەبینییەوە.

بێگومان ئەنجومەنی لۆردەکان پەسەندکردنی هەموو یاسایەکی لەو جۆرە رەتدەکاتەوە –یان دواخستنی لانی کەم بۆماوەی 9 مانگ. دادگا ئاوا بابەتەکەی راڤەکردووە «دانانی هەر یاسایەك بەمشێوەیە بریتییە لە سنوردار کردنی دەسەڵاتی دادگا». بەرپرسانی خزمەتگوزارییە مەدەنییەکان، ژەنەڕاڵەکان و سەرۆکی پۆلیس بڕیارەکانی دادگا و ئەنجومەنی لۆردەکان بە کاردەهێنن بۆ پاساودانەوەی ئەو بڕیارانەی وەزیرەکان پێیاندەدەن، بەڵام دڵخوازی ئەمان نییە. لە رووی کردارییەوە پاڵپشتیی میدیای هەیە، کە ئەویش لای خۆیەوە دەتوانێت هاوار بکات کە حکومەت بە شێوەیەکی «نادەستوریی» و «نایاسایی» مامەڵەدەکات. ئیدی ژەنەڕاڵەکانیش زمانێکی لەوچەشنە بە کاردەهێنن بۆ پاساودانەوەی ئامادەکارییەکان بۆ خستنی حکومەتی «نایاسایی».

حکومەت دەستەوەستان دەبێت لە رووبەڕوبوونەوە لەگەڵ ئاژاوە و شڵەژانە ئابورییەکان، مەگەر ئەوەی لە راستیدا بە شێوەیەکی نادەستوریی مامەڵە بکات و پلە باڵاکان

و پۆلیس و سەربازان و خزمەتگوزارییە مەدەنییەکان دژ بە سەرۆکەکانیان هانبدات.

دەشێت کەسێك لەو باوەڕەدا بێت ئەمانە کۆمەڵە فەنتازییایەکی ترسناکن، دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین کە لێرەدا شتێك هەیە لانیکەم دووجار لە مێژووی نوێی بەریتانیادا روویداوە، کاتێك کە ژەنەڕاڵەکان ئەو بڕیارانەی حکومەتییان پەکخستووە کە بە دڵییان نەبووە.

لە 1912دا، ئەنجوومەنی گشتی پڕۆژەیاسایەکی ئاڕاستەی پەڕلەمان کرد بۆ پەسەندکردنی «حکومی زاتی» بە مەبەستی هێنانەئارای ئێرلەندایەکی یەکگرتوو. راستەوخۆ سەرکردەی پارتی پارێزگاران (بۆنار لاو) دژ بە حکومەتی (لیبراڵەکان!) دەوەستێتەوە و وەك «حکومەتێکی سەربازی» نایاسایی باسیان دەکات، کە هەستاون بە «فرۆشتنی دەستور». ئەنجومەنی لۆردەکان بە شێوەیەکی سروشتی یاسای هەڵپەسارد، هەتاوەکو ئەو کاتەی کە دەتوانێت -واتا دوای دوو ساڵ- دۆخەکە رابگرێت، ئەمە لە کاتێکدا وەزیری پێشووی پارتی پارێزگاران (ئیدوارد کارسۆن)، هێزێکی نیمچەمیلیتاریی لە باکوری ئیرلەندا رێکخست بۆئەوەی لە بەرانبەر یاسادا بووەستێتەوە.

بۆ نموونە، ئەو جەنەراڵانەی سەرکردایەتی سوپای بەریتانییان دەکرد لە ئیرلەندا، هەڕەشەی دەست لە کارکێشانەوەیان دەکرد و رەتیانکردەوە رێنماییەکانی

حکومەتی هەڵبژێردراو جێبەجێبکەن بە جوڵاندنی هێزەکانیان بەرەو باکور بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو هێزە، دەرئەنجامی ئەم هەڵوێستەش کە هەمیشە بە «یاخیبوون» ناسراوە، ئیرلەندا بە باکور و باشورەوە، نەبووە خاوەنی پەرلەمانێکی یەکگرتوو لە ساڵی 1914دا، هەر بە دابەشکراوی مایەوە هەتاوەکو لە ساڵی 1974.

ساڵی 1974 سیناریۆی رووداوەکانی 1914 لە فۆڕمێکی بچوککراوەدا دووبارە بوەوە. باڵی راستڕەوی لایەنگری تائیفی لە ئیرلەندای باکور، مانگرتنێکی گشتیی لە کەرتی پیشەسازیدا راگەیاند، بە دانانی بەربەست و سەنگەر بە مەبەستی رێگرتن لە خەڵك کە بچن بۆسەر کار، ئەمەش وەك ناڕەزایەتییەك بەرانبەر پێکهێنانی حکومەتی پرۆتستانتی-کاسۆلیکیی هاوبەش لە ئیرلەندای باکور. ئەنجومەنی وەزیرانی بەریتانی فەرمانیکرد بە سوپای بەریتانی و پۆلیسی ئیرلەندای باکور و هێزی شاهانەی ئیرلەندی، بۆ هەڵوەشاندنەوەی سەنگەرەکان و کۆتایهێنان بە مانگرتنەکە، بەڵام گەورە لێپرسراوانی سوپا و بەرپرسانی پۆلیس بە حکومەتەکەیان راگەیاند کە ئەمە مەحاڵە، هەربۆیە نە سەربازەکان و نە پۆلیس دژ بە لۆیالیستەکان (مەوالییەکان) نەجوڵانەوە، یەکگرتنی حکومەتی پرۆتستانت-کاسۆلیك تەسلیمبوونێك بوو بە زەبری هێز، لای ئەفسەرانی سوپا ئەوە پشتڕاستکرایەوە کە ئەوان بە هێزتر و دەسەڵاتدارترن نەك حکومەتی بەریتانیا.

ئەگەر بگونجێت ئەمە لە ساڵانی (1914 و 1974) و لەگەڵ حکومەتە میانڕەوەکاندا رووبدات کە هەوڵدەدەن بە رێوشوێنی میانڕەوانە و لەسەرخۆ کاربکەن، وێنای ئەوە بکە چی رووەدات ئەگەر حکومەتێکی سۆسیالیستی خەباتگێڕ هەڵبژێردرێت. هەر زۆرینەیەکی ریفۆرمخوازی راستەقینەی ناو پەرلەمان، راستەوخۆ ناچاردەکرێت بە بڕیاردان لەسەر دوو بژاردە: یان دەستبەرداری چاکسازییەکانی ببێت لە پێناو قایلکردنی خاوەن پیشەسازییەکان و ئەوانەی کۆنترۆڵی کاروبارە سەرەکییەکانی دەوڵەتیان کردووە. یاخود خۆی ئامادە بکات بۆ ململانێیەکی خۆنەویستانە، بەو مانایەی لە کۆتایدا پەنابرێتە بەر بەکارهێنانی جۆرێك لە جۆرەکانی هێز بەرانبەر خاوەن پۆست و خاوەن هێزەکان.

هۆکاری سێیەم سەبارەت بەوەی کە چاکسازی رێگەیەکی داخراوە، ئەوەیە کە دیموکراسیی پەرلەمانی کۆمەڵێك میکانیزمی ناوخۆیی لە خۆدەگرێت بۆ بەرگرتن لە هەر بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێر کە بیەوێت لەناویدا خۆی دەربڕێت.

بەشێك لە ریفۆرمیستەکان گفتوگۆی ئەوە دەکەن کە باشترین رێگە بۆ وەرگرتنی دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی پۆستە سەرەکییەکانی دەوڵەت بریتییە لە وەی کە چەپەکان پێش هەموو شتێك زۆرینەیەکی پەرلەمانی بە دەستبهێنن. بە تاڵیی ئەم ئارگومێنتە لەوەدایە کە هەمیشە لە نێوان پەرلەمانەکان و ئاگایی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵانی خەڵکدا، کەلێنێکی گەورە هەیە.

کۆمەڵانی خەڵك تەنها کاتێك لەوباوەڕەدا دەبن کە دەتوانن خۆیان کۆمەڵگە بەڕێوەبەرن، کە بە شێوەیەکی پراکتیکیانە لە میانەی خەباتێکەوە دەستبکەن بە گۆڕینی کۆمەڵگە، کاتێك کە ملیۆنان کەس هەڵدەستن بە داگیرکردنی کارگەکان و بەشداردەبن لە مانگرتن لە کار، ئیدی کتوپڕ ئایدیا سۆسیالیستییە شۆڕشگێڕییەکان دەبنە شتێکی واقیعی.

بەڵام ئەم ئاستە لە خەبات بۆ هەتا هەتایە ناتوانرێت پارێزگاریی لێبکرێت، ئەگەر چینە فەرمانڕاوە کۆنەکە لە دەسەڵات لانەدرێت، ئەگەر بەردەوامبێت ئەوا چاوەڕێدەکات هەتاوەکو شەپۆلی مانگرتنەکان و دەستبەسەراگرتنی کارگەکان خامۆشدەبن، پاشان دەسەڵاتی خۆی لە پۆلیس و سوپادا بە کاردەهێنێت بۆ لە ناوبردنی کۆی خەباتەکە. هەرئەوەندە مانگرتن و ناڕەزایەتییەکان دەستیان بە پاشەکشەکرد، ئیدی وردە وردە هەستکردنی کرێکاران بە یەکگرتوویی و متمانە کەم دەکات و رۆحی مەعنەوییان دادەڕوخێت، تەنانەت چینە باشترەکانیش ئەو هەستە بە سەریاندا زاڵدەبێت کە گۆڕانی کۆمەڵگە تەنها خەونێکە، لە بەرئەوە خاوەنکارەکان پێیانباشترە هەمیشە کرێکاران لە ناو ماڵەکانیاندا دەنگ لەسەر بڕیاری مانگرتن بدەن، چونکە دەبنە وەرگری ئەو بەرنامانەی تەلەفزیۆنەکان پەخشیدەکەن و ئەو وتارانەی رۆژنامەکان بڵاویدەکەنەوە، کە هەمووی لە لایەن بزنسمانەکانەوە کۆنترۆڵکراون، نەوەك کاتێك کە

کرێکاران یەکگرتوون لە کۆبونەوە جەماوەرییەکان و دەتوانن گوێبیستی گفتوگۆ و تێڕوانینی کرێکارانی دیکەش بن.

لە بەرئەوە یاساکانی دژ بە یەکێتییە کرێکارییەکان، کۆمەڵە خاڵێکیان تێدایە کە کرێکاران ناچاردەکەن بە کۆتایهێنان بە مانگرتنەکانیان، لە بری ئەوە بە نهێنی و لە ڕێگەی پۆستەوە دەنگیان بگەیەنن، وەك ئەم دەستەواژەیە کە بە وردی دەڵێت «کاتەکانی هێوریی»، کە ڕێك بۆئەوەیە ئاوێکی سارد بکرێت بە متمانە و یەکگرتوویی کرێکاراندا.

سیستەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کۆمەڵە دەنگدانێکی نهێنی و ماوەی هێوریی لە خۆیدا هەڵگرتووە. بۆ نموونە ئەگەر یەکێك لە حکومەتەکان بە هۆی مانگرتنێکی گەورەوە دەستی لەکارکێشایەوە، ئەگەر زۆربە بڵێت: «ئۆکەی، سێ هەفتە چاوەڕێبکەن هەتاوەکو دەتوانین هەڵبژاردنی گشتی ئەنجامبدەین و بە شێوەیەکی دیموکراسییانە چارەسەری کێشەکە دەکرێت». بەو هیوایەی لەو ماوەیەدا مانگرتنەکان کۆتاییان پێبێت، کاتێکیش یەکگرتوویی و متمانە بە خۆبوونیان لە دەستدەدەن، ئیدی خاوەنکارەکان دەتوانن کرێکارە خاباتگێڕەکان بخەنە لیستی ڕەشەوە، لەو دەمەی میدیای سەرمایەداریی و تەلەفزیۆنەکان جارێکی دی دەگەڕێنەوە بۆ کارکردنی ئاسایی خۆیان و دووبارەکردنەوەی ئایدیاکانیان بۆ پشتگیری لە حکومەت، لەسەر بنەمای ئەمە پۆلیس دەتوانێت «ئاژاوەگێڕان» دەستگیر بکات.

کاتێکیش هەڵبژاردن ئەنجامدەدرێت، بە شێوەیەکی سروشتی دەنگدان ڕەنگدانەوەی دوا ئاستی دەستکەوتەکانی کرێکاران نییە کە بە خەباتی چینایەتی پێیگەیشتوون، بەڵکو ڕەنگدانەوەی نزمترین ئاستە کە لە دوای کۆتاییهێنانی مانگرتنەکان هاتۆتەئاراوە.

ساڵی (1968) لە فەرەنسا حکومەتەکەی شارل دیگۆل پەنایبردە بەر هەمان ئەم ڕێگەیە. ئەوەبوو داوایان لە پارتە کرێکارییە ریفۆرمیستەکان و سەندیکاکانی کرێکاران کرد کۆتایی بە مانگرتنەکانیان بهێنن، پاشان هەڵبژاردن ئەنجامدرا و دیگۆل توانی هەڵبژاردنەکان بباتەوە.

سەرۆك وەزیرانی بەریتانی (ئیدوارد هیس) هەوڵیدا پەنا بۆ هەمان فێڵ ببات کاتێك لە ساڵی (1974) رووبەڕوی مانگرتنێکی گەورە و سەرکەوتووی کرێکارانی کانەخەڵوزەکان بووەوە، بەڵام کرێکاران ئەمجارە هەڵنەخەڵەتان، مانگرتنەکەیان بەردەوام بوو (هیس)یش هەڵبژاردنەکانی دۆڕاند.

بە کورتی: ئەگەر کرێکاران چاوەڕێی هەڵبژاردنەکان بکەن بۆ دیاریکردنی هەڵوێستیان لە پرسە سەرەکییەکانی خەباتی چینایەتی، ئەوە هەرگیز ناگەن بەو خاڵە بڵندە لە ئاگایی و متمانەبەخۆبوون کە لە میانەی بەرزکردنەوەی ئاڵای نارەزایەتی لە نێو شوێنی کارەکانیان پێیدەگەن.

## دەوڵەتی کرێکاران

هەریەکە لە (مارکس، لە نامیلکەی جەنگی ناوخۆیی فەرەنسا) و (لینین، لە کتێبی دەوڵەت و شۆڕش)دا، دوو روانینی تەواو جیاوازیان دیاریکردووە بۆ چۆنیەتی سەرکەوتنی سۆسیالیزم، هیچ کامێکیان لە بیرکردنەوەیەکی ئەبستراکتەوە بەم ئایدیایانە نەگەیشتوون، بەڵکو هەریەکەیان بە وردبوونەوە لە رووداوە گەورەکانی مێژووی خەباتی چینایەتی گەشەیان بە روانینەکانیان داوە -مارکس بە روانین لە کۆمۆنەی پاریس، لینینیش بە گەڕانەوە بۆ سۆڤیەتەکانی روسیا (ئەنجومەنەکانی کرێکاران) لە ساڵانی 1905، 1917.

بەڵام مارکس و لینین جەخت لەوە دەکەنەوە کە چینی کرێکار ناتوانێت ببێتە دەستپێکێك بۆ بونیادنانی سۆسیالیزم، پێشئەوەی یەکەم؛ هەستێت بە لە ناوبردنی ماکینەی دەوڵەتە کۆنەکە کە لەسەر زنجیرەیەك فەرمانی بیرۆکراتی دامەزراوە، دووەمیش؛ دەوڵەتێکی نوێ دابمەزرێنێت لەسەر کۆمەڵێك پرەنسیپی تەواو نوێ. لینین بە وردی ئەوە دیاری دەکات کە چۆن دەکرێت ئەم دەوڵەتە نوێیە بە شیوەیەکی تەواو لە کۆنەکە جیاوازبێت، کە پێیدەوترێت دەوڵەتی کۆمۆنە (Commune) دەوڵەتێك دوور لە وەی دەوڵەت بێت.

مارکس و لینین باس لە بوونی پێویستیی دەوڵەتێکی نوێ دەکەن، هەتاوەکو چینی کارکەر بتوانێت هەژموون و بڕیارەکانی خۆی بە سەر پاشماوەی چینەکانی فەرمانڕەوا

و ناوەڕاستی پێشوودا بسەپێنێت، ئەم دەوڵەتە بریتییە لە «دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا»، بە هۆیەوە چینی کارکەر دەستنیشانی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە دەکات، هەروەها بۆئەوەی بتوانێت بەرگری لە شۆڕشەکەی بکات دژ بە هێرشەکانی چینە فەرمانڕەواکەی پێشوو و چینە سەرمایەدارەکان لە سەرتاپای جیهاندا، پێویستە لەسەری هێزی چەکدار پێکبهێنێت وەك فۆڕمێك لە فۆڕمەکانی ڕێکخستن و پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگە، هەروەها پێویستە دادگا و تەنانەت بەندینخانەشی هەبێت.

بۆئەوەی کرێکاران گرەنتی ملکەچبوونی ئەم سوپا تازەیە و پۆلیس و سیستەمە یاساییەکە بۆ فەرمانەکانیان مسۆگەر بکەن و کودەتا بەسەر بەرژەوەندییەکانیاندا نەکات، ئەوا پێویستە کۆمەڵە پرەنسیپێکی تەواو جیاواز لە وانەی دەوڵەتی سەرمایەداریی پەیڕەوبکەن، پێویستە ئەم دامودەزگایانە ئامرازێك بن لە دەستی کرێکاراندا بۆ ڕێنیشاندانی تەواوی کۆمەڵگە، نەوەك دیکتاتۆریەتێك دژ بە زۆرینەی چینی کارکەر.

سەرەکیترین جیاوازییەکانی نێوان دەوڵەتی کرێکاریی و دەوڵەتی سەرمایەداریی:

دەوڵەتی سەرمایەداری خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی کەمینەیەکی بچوکی کۆمەڵگە دەکات، بەڵام دەوڵەتی کرێکاریی پێویستە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی زۆرینەی ڕەهای کۆمەڵگە بکات. لە دەوڵەتی سەرمایەداریدا هێز لە

لایەن کەمینەیەکی بکوژەوە پراکتیزە دەکرێت، کە دابڕاون لە کۆی کۆمەڵگە و ڕاهێنراون لەسەر گوێڕایەڵیکردنی ڕێنماییەکانی ئەفسەرانی چینی باڵادەست، بەڵام لە دەوڵەتی کرێکارییدا، پێویستبوون بە هێز تەنها بۆ ئەوەیە زۆرینە پارێزگاری لە خۆی بکات بەرانبەر ئەو کردەوانەی لە لایەن پاشماوەکانی چینە خاوەن ئیمتیازە کۆنەکەوە دژ بە کۆمەڵگە ئەنجامدەدرێت، کاری سوپا و پۆلیس لە دەوڵەتی کرێکارییدا دەکرێت کرێکارانی ئاسایی پێیهەستن، ئەوانەی بە ئازادیی خۆیان لەگەڵ هاوڕێ کرێکارەکەیان تیکەڵدەبن، هەمان ژیان و بیرکردنەوەی هاوبەشیان هەیە، بۆ گەرەنتی ئەوەی کۆمەڵێك سەرباز و پۆلیس بە جیا لە جەماوەری کرێکاریی گەشەنەکەن، پێویستە کە سەرباز و پۆلیس لە کرێکارانی کارگە و نوسینگە ئاساییەکان بن و بە نۆرە ئەم رۆڵە ببینن.

لە بری ئەوەی هێزە چەکدارەکان و پۆلیس لە لایەن گروپێکی بچووك لە ئەفسەرانەوە بەڕێوەببرێت، لە ڕێگەی نوێنەرانی جەماوەری کرێکارییەوە (کە ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێن) بەڕیوەدەبرێن.

نوێنەرانی پەرلەمان لە دەوڵەتی سەرمایەداریدا یاساکان تێدەپەڕێنن، بەڵام جێبەجێکردنەکەی جێدەهێڵن بۆ بیرۆکراتە بێئیشەکان و سەرۆکی پۆلیسەکان و دادگاکان. ئەمەش بەو واتایەی کە ئەندام پەرلەمان و راویژکارەکان هەمیشە دەتوانن لە پشت ملیۆنان پاساوەوە خۆیان قوتاربکەن، کاتێك ناتوانن

بەڵێنەکانیان جێبەجێبکەن. نوێنەرانی کرێکار لە دەوڵەتی کرێکاریدا پێویستە ئاگاداربن لە دۆخی جێبەجێکردنی یاساکان، کە خۆیان جێبەجێیان دەکەن، نەوەك بژاردەیەك لە بیرۆکراتەکان، پێویستە روونکردنەوەی تەواو بدەن بە کرێکاران دەربارەی خزمەتی مەدەنی و سوپا و هتد، چۆنیەتی بە دەستهێنانن شتەکان، هەروەها پێویستە لەسەر نوێنەرانی کرێکاران راڤەی یاساکانی ناو دادگاکان بکەن.

نوێنەرانی پەرلەمانی لە دەوڵەتی سەرمایەداریدا، بە هۆی وەرگرتنی موچەی بەرز لە دەوڵەتدا دابڕاون لەو کەسانەی کە دەنگیان پێداون. لە کاتێکدا نوێنەرانی کرێکاران لە ناوەندە کرێی کرێکارێك زیاتر وەرناگرن. هەمانشت بۆ ئەوانەش راستە کە کاتێکی تەواو لە پۆستە سەرەکییەکاندا کاردەکەن و بڕیارەکانی نوێنەرە کرێکارییەکان جێبەجێدەکەن (کە لە ئەمڕۆدا بریتین لەو کەسانەی لە خزمەتی مەدەنیدا کاردەکەن).

نوێنەرانی کرێکاران و هەموو ئەوانەی تایبەتمەندن بە جیبەجێکردنی بڕیارەکانی کرێکار، وەك ئەندام پەرلەمانەکان نین کە جێگەی خۆیان قایمکردووە و بۆ ماوەی 5 ساڵ لە پۆستەکەیان دوورناکەونەوە (یاخود بۆ ماوەی کۆتایی تەمەنیان، بە تایبەت لێپرساوانی خزمەتی مەدەنی)، بەڵکو بەرپرس دەبن لە ماوەی لانی کەم هەڵبژاردنی ساڵانە، یاخود لێپرسینەوەی خێرا لێیان لە لایەن ئەو کەسانەی هەڵیانبژاردوون ئەگەر خواستەکانیان بەدینەهێنان.

نوێنەرانی پەرلەمانیی لە ریگەی هەموو ئەو خەڵکانەوە هەڵدەبژێردرێن کە لە ناوچەیەکی دیاریکراودا دەژین؛ چینی باڵا، چینی ناوەڕاست، چینی کارکەر، خاوەن ماڵی گەڕەکە هەژارەکان و کرێچییەکان، دەڵاڵی پشکەکان و هەروەها کرێکارەکان. لە دەوڵەتی کرێکارییدا هەڵبژاردن و دەنگدان تەنها بۆ ئەوانەیە کە کاردەکەن، دەنگدانیش دوای گفتوگۆیەکی کراوە دێت دەربارەی کۆی پرسەکان، لەپێناو بەدیهێنانی ئەوەشدا (ئەنجومەنی کرێکاران) کە لە کارگەکان و کانەکان و کەشتییەکان و نوسینگە گەورەکان پێکدێت دەبێتە بڕبڕەی پشتی دەوڵەتە کرێکارییەکە. لەوەدەمەی گروپەکانی وەك ژنانی ماڵەوە، خانەنشینان، قوتابیانی قوتابخانە و خوێندکاران نوێنەری تایبەت بە خۆیان دەبێت.

بەم رێگەیە هەموو بەشەکانی چینی کارکەر نوێنەری تایبەت بە خۆیان دەبێت و دەتوانن راستەوخۆ بڕیاربدەن، ئیدی ئەگەر ئەم رێگەیە لەگەڵ بەرژەوەندی ئەم و ئەو بگونجێت یان نا. بەمشێوەیە دەوڵەتە نوێیەکە نابێتە دەسەڵاتێکی سەربەخۆ و دژ بە زۆرینەی چینی کارکەر وەك ئەوەی لە دەوڵەتانی بلۆکی رۆژهەڵاتیدا هەبوو و ناوی لە خۆی نابوو «کۆمۆنیست».

هاوکات سیستەمی ئەنجومەنی کرێکاران ئامڕازێك دابیندەکات کە دەتوانرێت لە رێگەیەوە کرێکاران هەوڵەکانیان یەکبخەن بۆ بەڕێوەبردنی پیشەسازیی

هاوشانی پلانی نیشتمانیی بە دیموکراسیی بڕیارلێدراو، کارەکەشیان لە بەڕێوەبردنی کارگەکانیاندا لە کێبڕکێکردن لەگەڵ یەکتریدا کورتنابێتەوە. بە ئاسانی دەبینی کە چۆن تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر لە ئەمڕۆدا کراوەیە بە پێدانی گشت زانیارییەکان بە کرێکار دەربارەی بژاردە ئابورییە جیاوازەکانی بەردەم کۆمەڵگە، هەروەها ئاڕاستەکردنی نوێنەرەکانیان بۆ هەڵبژاردنی ئەو بژاردەیەی زۆرینەی کرێکاران بە باشترین کۆمەڵە بژاردەی دەزانن، بۆ نموونە ئایا کەرەستەکان لە دروستکردنی فرۆکری کۆنکۆرددا خەرجبکرێن یاخود لە سیستەمێکی گەیاندنی گشتی هەرزاندا کە جێگەی پشتپێبەستن بێت، ئایا بۆمبی ئەتۆمی دروستبکەین یاخود ئامێری نوێ بۆ چارەسەری نەخۆشی گورچیلە، هەروەها بەوشێوەیە.

## پوکانەوەی دەوڵەت (withering away of the state)

لە بەرئەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت شتێکی جیاکراوە نییە لە جەماوەری کرێکاران، ئەوا بابەتی هەژموون و دەسەڵاتی زۆرەملێ [ی دەوڵەت] لە دەوڵەتی کرێکاریدا زۆر کەمترە لە وەی لە ژێر سایەی دەوڵەتی سەرمایەداریدا هەیە، بە تەسلیمبوونی پاشماوەکانی کۆمەڵگە کۆنەکە، کە ئەم داپڵۆسین و دەسەڵات سەپاندنە بۆ دژایەتیی ئەوان بوو بە

مەبەستی سەرخستنی شۆڕشەکە، ئیدی پێویستییەکی کەمتر و کەمتر بە زۆرەملێیی دەبێت، هەتاوەکو لە کۆتاییدا وەهای لێدێت پێویستناکات کرێکاران کاری خۆیان بفەوتێنن بۆ کارکردن لە ریزەکانی سوپا و پۆلیسدا.

ئەمە مەبەسەتی مارکس و لینین بوو کاتێك دەیانوت دەوڵەت دەپوکێتەوە، و لە بری پڕاکتیزەکردنی سەپاندن و زۆرەملێیی دژی خەڵك، دەوڵەت تەنها دەبێتە میکانیزمێك بە دەستی ئەنجومەنەکانی کرێکارانەوە بۆ دیارییکردنی چۆنیەتی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی بەرهەم و کاڵاکان.

دەرکەوتنی ئەنجومەنەکانی کرێکاران بە فۆڕمگەلی جیاواز دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەمەی کە ململانێی نێوان چینەکان لە ژێر سایەی سەرمایەداریدا دەگاتە ئاستێکی بەرز. بێگومان «سۆڤیەت» وشەیەك بوو کە رووسییەکان بۆ ئەنجومەنەکانی کرێکاران بە کاریاندەهێنا لە ساڵەکانی (1905، 1917).

پاشان لە ساڵی (1918) لە ئەڵمانیا ئەنجومەنەکانی کرێکاران تاکە هێز بوو لە وڵاتدا. هەروەها ساڵی (1936) لە ئیسپانیا مانگرتنە جیاوازەکانی کرێکاران و سەندیکاکان لە «ئەنجومەنی میلیشیاکان»دا یەکخرابوون و لە لایەن یەکە ناوخۆییەکانەوە بەڕێوەدەبران و تاڕادەیەکی زۆر لە ئەنجومەنەکانی کرێکاران دەچوو. هەروەها لە هەنگاریا ساڵی (1956) لەکاتی رووبەڕووبوونەوەی هێزە رووسییەکان، کرێکاران هەستان بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکان بۆ

بەڕێوەبردنی کارگەکان و یەکە ناوخۆییەکان. ساڵانی (1972 ، 1973) لە چیلی کرێکاران دەستیانکرد بە ڕێکخستنی «کۆردۆنەکان»، کە بریتیبوون لە لیژنەی کرێکاریی و ئەم کرێکارانە کارگە گەورەکانیان راگرت.

دەستپێکی ژیانی ئەنجومەنی کرێکاران وەك دەستەیەك دەبێت کە کرێکاران بە کاریدەهێنن بۆ ڕێکخستنی خەبەتەکانیان دژ بە سەرمایەداری، دەکرێت بە کاروباری سادە دەستپێبکەن، وەك کۆکردنەوەی پارە بۆ مانگرتنەکان، بەڵام لە بەرئەوەی ئەم دەستانە بە هەڵبژاردنی راستەوخۆی کرێکاران پێکدێن، نوێنەرانی کرێکاران ئامادەن بۆ بانگکردن و لێپرسینەوە و دەتوانن لە بەرزترین ئاستی ململانێکاندا هەوڵەکانی گشت چینی کارکەران ڕێکبخەن. هەربۆیە دەکرێت ببنە بناغەیەك بۆ دەسەڵاتی کرێکاران.

**پەراوێز:**

1. ڕەوتێکی سۆسیالیستییە و لەپێناو پڕەنسیپە سۆسیالیستییەکاندا تێدەکۆشێت، بەڵام بە ڕێگەی ئاشتییانە و ناتوندوتیژییانە. ئەم ئایدیایە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ کەسایەتییەک بە ناوی (فابیۆس کۆنکتاتۆرد ٢٧٥-٢٠٣ پ.ز)، پاشان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا کۆمەڵەیەک لە ئینگلتەرا دامەزرا بە ناوی «کۆمەڵەی فابیانیستەکان»، کە لە پێناو کۆمەڵگەیەکی فابییدا تێدەکۆشن.

## بەشی 9

## چۆن کرێکاران دەبنە شۆڕشگێڕ

لە پێناو گۆڕینی کۆمەڵگەدا، سەرنجی زۆربەی کرێکارانی بەریتانیا لەم سەدەیەدا رووەو پارتی کار و پەرلەمانە. کەمینەیەکی گەورەش پشتگیریی لە ئایدییا کۆنەخوازەکانی پارتی پارێزگاران (کۆنزەرڤاتیڤەکان) دەکەن، ئەوەی دەمێنێتەوە لایەنگرانی سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕیین، کە بە شیوەیەکی گشتی ژمارەیان کەمە.

کەمتەرخەمی کرێکاران و تەنانەت دژایەتیکردنیان بۆ ئایدیا سۆسیالیستییە شۆڕشگێڕییەکان بە هیچ جۆرێك مایەی

سەرسوڕمان نییە. هەموومان لە کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداریدا گەورە و تەسلیمی ئەوە بووین کە هەمووان خۆپەرستن، کۆمەڵگەیەك تێیدا تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان بە بەردەوامی بە گەل رادەگەیەنن کە ئەوە تەنها کەمینەیەکی دیارییکراون توانای بڕیاردانە چارەنوسسازەکانیان هەیە لە دەوڵەت و لە پیشەسازیدا. کۆمەڵگەیەك جەماوەری کرێکاریی هەر لە یەکەم ڕۆژی چوونە قوتابخانەوە فێری گوێڕایەڵی ئەو فەرمانانە دەکرێن کە «گەورەتر و باشتر لە خۆیان» پێیاندەدەن.

وەك مارکس روونیدەکاتەوە کە «ئایدیای باڵادەست بریتییە لە ئایدیای چینی باڵادەست».

سەرەڕای ئەوانەش مێژووی سەرمایەداری بەردەوام بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیی چینی کارکەری بە خۆوە بینیووە، کە یەك لە دوای یەك پایەکانی دەوڵەتی هەژاندووە: فەرەنسا 1871، روسیا 1917، ئەڵمانیا و هەنگاریا 1919، ئیتاڵیا 1920، ئیسپانیا و فەرەنسا 1936، هەنگاریا 1956، فەڕەنسا 1968، چیلی 1972، پورتوگال 1975، ئێران[1] 1979، پۆڵەندا 1980.

دەکرێت ئەم شڵەژان و ناسەقامگیرییانە لە نێو سروشتی خودی سەرمایەداریدا راڤەبکەین، سەرمایەداری سیستەمێکە بە شێوەیەکی بەردەوام قەیران بەرهەمدەهێنێت، هەروەها بۆ زەمەنێکی دوور سەرمایەداری ناتوانێت بە گەڕخستنی تەواوەتی بەدیبهێنێت، ناتوانێت خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان دابین بکات، ناشتوانێت گرەنتی ئاستی بژێویمان بکات لە بەردەم ئەو

قەیرانانەی کە سبەینێ هەرخۆی بەرهەمیان دەهێنێت. بەڵام لەو ماوەیەدا کە سەرمایەداری دۆخێکی خۆشگوزەرانی دابین دەکات، کرێکاران دەکەونە داوی باوەڕهێنان بەو شتانەی سەرەوە.

بۆ نموونە، لە پەنجاکان و سەرەتای شەستەکان، کرێکارانی بەریتانیا چاوەڕێی ئەوەیاندەکرد کە بە گەڕخستنێکی تەواوەتیی هەمیشەیی و دەوڵەتی خۆشگوزەران، چاکبوونی بەرە بەرە بێتەدی، بەڵام لە راستیدا چاککردنەکە لە خوار ئاستی ستانداردی ژیانەوە بوو، بەڵام لە بەرانبەردا، لە ماوەی دوو دەیەی رابردوودا [حەفتاکان و هەشتاکان] حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان رێگەیاندا بە زیادبوونی ژمارەی بێکاران بۆ 4 ملیۆن، دەوڵەتە خۆشگوزەرانەکە کۆتاییهات و جار لە دوای جاریش ئاستی بژێوی نزمتربووەوە.

لە بەرئەوەی دەزگا میدیاییە بۆرژوازییەکان ئامادەیان کردووین بۆ قبوڵکردنی گەلێك لە ئایدیا سەرمایەدارییەکان، ئێمەش گەلێك جار ئەو هۆکارانە قبوڵدەکەین کە حکومەت وەك پاساوی دەستدرێژییەکانی بۆ سەر مافەکانمان ئاڕاستەمان دەکات، بەڵام لە کۆتایدا کرێکاران دەگەنە خاڵێك کە ناتوانن لە وە زیاتر ئارامبگرن. لە نەکاو دەبنە زۆرینەیەك کە هیچ کەس پێشبینیی نەکردووە، ئاگری تووڕەییان کڵپە دەدات و بۆ دژایەتی خاوەنکار و حکومەت دەجوڵێن، دەشێت ئەو جوڵانەوەیە لە رێگەی مانگرتن، یاخود ریکخستنی خۆپیشاندانەوە بێت.

کاتێك ئەمە ڕوودەوات، کرێکاران دەستدەدەنە کاری وەها کە تەواو دژبەری ئەو ئایدیا سەرمایەداریانەیە کە پێشتر قبوڵیانکردووە، بە هاوکاریی و پێکەوەیی لەگەڵ یەکتردا مامەڵەدەکەن، وەك چینێك، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نوێنەرانی چینی سەرمایەدار.

لەم کاتەدا ئایدیا سۆسیالیستییە شۆڕشگێڕییەکان -کە ڕاهاتبوون بە ڕەتکردنەوەی- وەك ئایدیای گونجاو بۆ ئەو کردەیەی ئەوان پێیهەڵدەستن دەردەکەوێت، لانی کەم بەشێك لە کرێکاران ئەم ئایدیایەنە بە جدی وەردەگرن، بەو پێیەی گەیشتن بەم ئایدیایانە ئاسانە.

سنوری ڕوودانی ئەمە فراواندەبێت و لەگەڵ بازنەی تێکۆشاندا چڕ دەبێتەوە، نەوەك لەگەڵ ئەو ئایدیایانەی لە سەرەتاوە لە مێشکی کرێکارەکاندا هەبوون. سەرمایەداری ناچاریاندەکات بە چونەناو خەباتەوە، سەرەڕای ئەوەی بیرکرنەوەکانیان لە سەرەتادا لەژێر کاریگەریی سەرمایەداریدا بوو، ئیدی دوای ئەوە خەبات گومانیان لەو بیرکردنەوانە بۆ دروستدەکات.

هێزی سەرمایەداری لەسەر دوو تەوەری سەرەکی ڕاوەستاوە: کۆنترۆڵی ئامڕازەکانی بەرهەمهێنان و کۆنترۆڵی دەوڵەت. بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیی ڕاستەقینە لە نێو جەماوەری بەرینی کرێکاراندا دەستپێدەکات لەو دەمەی خەباتکردن لەسەر بەرژەوەندییە ئابورییەکانی ئێستایان دەیانبات بەرەو پێکدادان لەگەڵ دوو تەوەرەکەی دەسەڵاتی سەرمایەداری.

با نموونەی کۆمەڵێك کرێکار وەربگرین کە چەندین ساڵ

له یەك كارگەدا پێكەوە كاریانكردووە، سیستەمی ئاسایی ژیانە تاڵەكیان پشتبەستە بە ئیشكردنیان لەو كارگەیە، ڕۆژێك خاوەنكارەكە رایدەگەیەنێت كە كارگەكە دادەخات، لەم كاتەدا تەنانەت ئەو كرێكارانەش كە دەنگیانداوە بە كۆنزێرڤاتیڤەكان هەست بە ستەم دەكەن و دەخوازن شتێك بكەن. لە بێچارەیی خۆیاندا بڕیاردەدەن كە تاكە رێگە بۆ بەردەوامبوونی بژێوییەكەیان بەهەمان ئەو شێوازە ژیانەی كاتێك كاریان بۆ سەرمایەداریی دەكرد، بریتییە لە دەستبەسەرداگرتنی كارگەكە -واتە رووبەڕوبوونەوە لەگەڵ كۆنترۆڵكردنی ئامڕازەكانی بەرهەمهێنان لە لایەن خاوەنكارەكەوە.

لەم كاتەدا هەرزوو بە جۆرێك خۆیاندەبیننەوە كە هاوكات رووبەڕوی دەوڵەت وەستاونەتەوە، كاتێك خاوەنكارەكە داوە لە پۆلیس دەكات كۆنترۆڵی كارگەكەی بۆ بگێڕنەوە ژێردەستی خۆی، تەنانەت ئەگەر كرێكاران هەر هەلێكیشیان هەبێت بۆ پارێزگاری لە ئیشەكانیان، بەڵام پێویستە لەسەریان كە ئیتر رووبەڕوی پۆلیس ببنەوە؛ واتە رووبەڕوبوونەوەی ماكینەی دەوڵەت، هاوشێوەی خاوەنكارەكە.

بەمجۆرە خودی سەرمایەداری مەرجەكانی پێكدادانی چینایەتی دەخولقێنێت، كە دەبێتەهۆی كردنەوەی عەقلی كرێكاران بە رووی كۆمەڵێك ئایدیادا كە دژ بەو ئایدیایانەن سیستەمەكە فێریكردوون. ئەمە راڤەیەكە كە بۆچی مێژووی سەرمایەداری بە جوڵاندنێكی خولییانەی هەستی شۆڕشگێڕی

لە لای ملیۆنان کرێکار، دەناسرێتەوە، تەنانەت ئەگەر کرێکاران زۆرینەی کات ئەو ئایدیایانەیان قبوڵکردبێت کە سیستەمەکە دەرخواردی داون.

خاڵی کۆتایی، یەکێك لە گرنگترین ئەو شتانەی رێگرە لە وەی کرێکاران پاڵپشتی ئایدیا شۆڕشگێڕییەکان بکەن، بریتییە لە نەبوونی متمانە بە هاوهەڵوێستیی کرێکارانی دیکە لە گەڵیاندا ئەگەر دەستیانکرد بە جوڵە بۆ داواکردنی مافەکانیان، بەڵام کاتێك بۆیاندەردەکەوێت کە کرێکارانی دیکەش بە راستی دەجوڵێن، راستەوخۆ ئەو دوودڵی و بێباکییەیان نامێنێت. بە هەمانشێوە جەماوەری کرێکاری کە پێیانوایە توانای بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیان نییە، لە ناکاو دەگەنە ئەو بڕوایەی کە پێچەوانەکەی راستە، کاتێك لە رێگەی ململانێ گەورەکانی دژ بە کۆمەڵگەی باڵادەستەوە بۆیان دەردەکەوێت کە دەتوانن بەڕێوەبردنی بەشێکی گەورەی کۆمەڵگە بە لێهاتووییەوە بگرنەدەست.

لە بەرئەمە، تەنها دەستپێکردنی بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەکان بەسە هەتاوەکو بە خێراییەکی زۆرەوە هێز و کاریگەرییەکەی چەندین هێندە زیادبکات.

**پەراوێز:**

1. لەڕاستیدا شۆڕشی ئێران نەک شۆڕشی کرێکاریی نەبوو، بەڵکو ڕووداوێکی کۆنەپارێزانە و دژەشۆڕش بوو، تەنانەت سەرەتا لەلایەن خۆرئاواشەوە پشتگیریی لێکرا چونکە دەزانرا بەدیلی شا حکومەتی کرێکاریی نابێت.

## بەشی 10

## پارتی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕ

گریمانەی سەرەکی مارکسیزم بریتییە لەمە: گەشەکردنی سیستەمی سەرمایەداری پاڵ بە کرێکارەنەوە دەنێت بۆ شۆڕش و یاخیبوون دژ بە خودی ئەو سیستەم.

کاتێك لە مجۆرە یاخیبوونانە لە فۆڕمی خۆپیشاندانی جەماوەریی، یان یاخیبوونی چەکداریی و تەنانەت مانگرتنی فراواندا سەرهەڵدەدەن، ئاگایی چینی کارکەر بە شێوەیەکی سەرسامکەر دەگۆڕێت. هەموو ئەو وزە مێنتاڵییەی کە پێشتر کرێکار لە کاتبەسەربردن و پێشبڕکیی

ئەسپسواری و تەماشاکردنی تەلەفزیۆندا بە فیرۆیداوە، راستەوخۆ ئاڕاستەدەبن بەرەو هەوڵدان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی چۆنیەتی گۆڕینی کۆمەڵگە، ملیۆنان کەس لەوانەی دەستوپەنجەیان لەگەڵ ئەم گرفتانەدا نەرمکردووە، رێگەچارەی ناوازە و داهێنەرانە دەخەنە روو، لە هەمان کاتدا خودی شۆڕشگێڕە خاوەن مێژووە رێکخراوەکان هاوشێوەی چینە فەرمانڕەواکە توشی دۆشدامان دەبن بەو وەرچەرخانە گەورەیەی لە رێڕەوی رووداوەکاندا هاتۆتە ئاراوە.

لە بەرئەوە، بۆ نموونە لە شۆڕشی یەکەمی رووسیادا لە ساڵی (1905) فۆرمێکی تازە لە رێکخستنی کرێکاران دەرکەوت؛ لە میانەی مانگرتنی چاپخانەکانەوە لیژنەیەکی مانگرتوان سەریهەڵدا، ئەمەش بووە هۆی گەشەسەندنی سۆڤیەتەکان (ئەنجومەکانی کرێکاران)، لەسەرەتادا پارتی بەلشەفیك -کە لە نێو سۆسیالیستە شۆرشگێڕەکاندا لە هەموویان خەباتگێڕتر بوو- بە بێمتمانەییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکردن؛ باوەڕینەدەکرد جەماوەری کرێکاری بێ پێشێنەی سیاسی بتوانن ئامرازێکی راستەقینەی شۆرشگێڕیی دروستبکەن.

ئەمجۆرە ئەزموونانە لە گەلێك مانگرتندا بوونی هەبووە: کاتێك کرێکارە تێکۆشەرەکان بەڕێوەبەرو دەسەڵاتدارەکان توشی سەرسوڕمان دەکەن بە وەی پیشانیاندەدەن ئەو کرێکارانەی سەردەمانێکی زۆر گوێ بۆ هاوار و

داواكارییەكانیان نەگیراوە، ئێستا خۆیان كاری تێكۆشەرانە دەكەن.

ئەم عەفەویەتە خاڵێكی جەوهەرییە، بەڵام هەڵەیە بەو ئەنجامگیرییە دەربچین -وەك بەشێك لە ئەنارشیستەكان و نزیك لە ئەنارشیستەكان- كە بە هۆی خودكارییەوە (Automatism) پێویستیی بۆ بوونی پارتێكی شۆڕشگێڕ نییە.

لە دۆخێكی شۆڕشگێڕانەدا زۆرێك لە كرێكاران ئایدیاكانیان بە خێراییەكی بەرچاو دەگۆڕێن، بەڵام گشت ئایدیاكانیان بە جارێك ناگۆڕێن. لە نێو هەموو مانگرتنێك، خۆپیشاندانێك، هەموو راپەڕینێكی چەكدارییدا، هەمیشە مشتومڕی بەردەوام هەیە. بەشێكی كەم لە كرێكاران بڕوایانوایە ئەوەی پێیهەڵدەستن پێشەكییەكە بۆ كۆنترۆڵكردنی دەسەڵاتی كۆمەڵگە لە لایەن چینی كرێكارانەوە. ئەوانی دیكە دوودڵن و دژی ئەنجامدانی هەر كردەوەیەكن، چونكە دەبێتەهۆی شێواندنی «سیستمی سروشتیی شتەكان». لەو نێوەندەشدا جەماوەری كرێكاریی هەن، كە جارێك تێزەكانی گروپێك رایاندەكێشێت بۆلای خۆی، جارێكی دی تێزی گروپێكی دیكە.

لەسەر تایەكی تەرازووەكە، چینی فەرمانڕەوا بە تەواوی قورسایی ماكینەی پڕوپاگەندەی میدیاییەوە لە كاردایە بۆ ئیدانەكردنی كردەوەی كرێكاران، هەروەها هێزەكانیشی لە كاردایە بۆ شكاندنی مانگرتنەكان، هەر لە پۆلیس و سوپاوە بۆ رێكخراوە راستڕەوەكان.

لەسەر تای کرێکارانیش، پێویستە ڕێکخراوێك بوونی هەبێت، لەو سۆسیالستانە پێکهاتبێت کە وانەکانی خەباتی چینایەتی رابردوویان تەواوکردبێت، هەروەها بتوانن تێز و ئایدیاکان لە بارەی سۆسیالیزم بخەنە سەر تەرازووەکە. پێویستە ڕێکخراوێك هەبێت کە بتوانێت تێگەیشتنی خەملٚیوی کرێکاران لە خەباتێکدا کۆبکاتەوە، هەتاوەکو بتوانن پێکەوە کاربکەن بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە.

ئەم پارتە سۆسیالیستییە شۆڕشگێڕە پێویستە پێش دەستپێکردنی خەبات هەبێت، ڕێکخراوێکی لەوجۆرە بە خودکاریی لە دایك نابێت، بەڵکو لە میانەی کارلێکی بەردەوامی ئایدیا سۆسیالیستییەکان و ئەزموونی خەباتی چینایەتییەوە بونیاد دەنرێت، لە بەرئەوەی بە تەنها ناسینی کۆمەڵگە بەس نییە، بەڵکو جێبەجێکردنی ئەم ئایدیایانە لە خەباتی چینایەتی ڕۆژانەدا (وەك مانگرتنەکان، خۆپیشاندانەکان، کەمپینەکان) گرنگن، ئیدی لێرەوە کرێکاران دەتوانن درك بە هێز و توانای خۆیان بکەن بۆ گۆڕینی شتەکان و متمانە بە دەستدەهێنن بۆ ئەنجامدانی.

لە خاڵێکی دیاریکراودا دەکرێت هاتنەناوەوەی پارتی سۆسیالیستی یەکلاکەرەوە بێت. دەکرێت تای تەرازووەکە بخرێت بە لای گۆڕانکاریدا، بە لای گواستنەوەیەکی شۆڕشگێرانەی دەسەڵات بە ئاڕاستەی کرێکاران، بەلای کۆمەڵگەی سۆسیالیستیدا.

## کام جۆرە پارت (حزب)؟

پێویستە پارتی سۆسیالستی شۆڕشگێڕ دیموکراسی بێت. بۆ بەجێهێنانی رۆڵەکەی، پێویستە پارتێك بێت بەردەوام پەیوەستبێت بە خەباتی چینایەتییەوە، ئەمەش بەو مانایەی کە لەگەڵ ئەندام و لایەنگرەکانی لە شوێنی کارەکانیان کاتێك ئەم خەباتەی تێدا بەڕێوەدەچێت، ئامادەیی هەبێت. هەروەها دەبێت دیموکراسیی بێت، چونکە پێویستە لەسەر سەرکردایەتییەکەی هەمیشە رەنگدانەوەی ئەزموونی بە کۆمەڵی خەبات بێت. لە هەمان کاتدا ئەم دیموکراسییە تەنها بریتیی نییە لە سیستەمێك بۆ پڕۆسەی هەڵبژاردن، بەڵکو بریتییە لە دیبەیتی بەردەوامی ناو پارتەکە -واتە کارلێکی بەردەوامی ئەو ئایدیا سۆسیالیستیانەی پارتەکەی لەسەر راوەستاوە، لەگەڵ ئەزموونی خەباتی چینایەتیدا.

بەڵام پارتی سۆسیالستی شۆڕشگێڕ پێویستە سێنتراڵ (مرکزی) بێت. لە بەرئەوەی پارتێکی ئەکتیڤە و تەنها تاقمێك نین بۆ قسەکردن. پێویستە بە شێوەیەکی بە کۆمەڵ توانای دەستێوەردانی هەبێت لە خەباتی چینایەتیدا، وەڵامدەرەوەیەکی خێرای رووداوەکان بێت، لە بەرئەوە پێویستە خاوەن سەرکردایەتییەك بێت کە توانای بڕیاردانی رۆژانەی هەبێت بە ناوی پارتەکەوە.

ئەگەر بۆ نموونە حکومەت فەرمانیکرد بە دەستگیرکردنی مانگرتووەکان، ئەوا پێویستە لەسەر حزب بە شێوەیەکی

راستەوخۆ بکەوێتەخۆ، بە بێ پێویستی گەڕانەوە بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانس و کۆبوونەوە بۆ گرتنەبەری بڕیارەکان بە شیوەیەکی دیموکراسی، بەڵکو دەبێت بە شێوەیەکی سەنتراڵ بڕیارەکان وەربگیرێن و لەسەر ئەو بنەمایە بجولێنەوە. دیموکراسی پاش ئەوە دێت، کاتێك حزب گفتوگۆی ئەوەدەکات کە بڕیارەکە راستبووە یان نا، هەروەها دەکرێت سەرکردایەتیی حزب بگۆڕدرێت ئەگەر خۆگونجێن و وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی کرێکاران نەبوو.

پێویستە پارتی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕ پارێزگاری لە باڵانسێکی ورد بکات لە نێوان دیموکراسیی و سەنتراڵیزم دا، جەوهەری بابەتەکەش ئەوەیە کە بوونی حزبەکە لە پێناو خودی خۆیدا نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکاریی شۆرشگێڕانە بەرەو سۆسیالیزم، ئەمەش تەنها لە میانەی خەباتی چینایەتییەوە بەدیدێت.

هەروەها پێویستە لەسەر حزب کە هەمیشە دۆخی خۆی لەگەڵ تێکۆشاندا بگونجێنێت. کاتێك ئاستی تێکۆشان نزمە و ژمارەی ئەو کرێکارانەی باوەڕیان بە توانای گۆڕانی شۆرشگێرانە هەیە کەمن، ئەوا حزبیش بچوك دەبێت و پێویستە ئەمە قبوڵ بکات، بێمانا دەبێت ئەگەر لە پێناو زیادکردنی ئەندامەکانیدا ئایدیا سیاسییەکانی کاڵبکاتەوە، بەڵام کاتێك ئاستی تێکۆشان بەرزدەبێتەوە، ژمارەیەکی زۆر لەو کرێکارانە بە خێرایی بیرکردنەوەکانیان دەگۆڕێت،

کاتێك کە تواناکانی خۆیان لە ئەنجامدانی گۆڕاندا لە ڕێگەی تێکۆشانی ئایدیاکانیانەوە بۆ دەردەکەوێت، لەم دۆخەدا پێویستە لەسەر حزب کە دەروازەکانی واڵابکات، ئەگەرنا دەکەوێتە پەراوێزەوە.

نابێت حزب خۆی بکاتە جێگرەوەی چینی کارکەر، بەڵکو پێویستە بەشێك بێت لە خەباتی چینایەتی، هەمیشە لە هەوڵدابێت بۆ یەکخستنی زۆرترین کرێکاری هۆشیار بە مەبەستی دروستکردنی سەرکردایەتییەك لە تێکۆشاندا. نابێت حزب بڕیارەکانی بەسەر کرێکاراندا بسەپێنێت، یاخود خۆی وەك سەرکردەیان پیشانبدات، بەڵکو پێویستە ئەم پۆستە بقۆزێتەوە و ڕاستی و دروستی ئایدیا سۆسیالیستییەکان بسەلمێنێت لە پراکتیزەکردن و بەشدار بوون لە گشت جوڵانەوەکان هەر لە مانگرتنێکی بچوکەوە بۆ خودی شۆڕش.

هەندێك کەس وەك مژدەبەخشی سۆسیالیزم لە پارتی سۆسیالیستی شۆڕشگێر دەڕوانێت، ئەمە بیرکردنەوەیەکی تەواو هەڵەیە، سۆسیالیزم نایەتەبوون تا ئەودەمەی چینی کارکەر خۆی دەستدەگرێت بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنای سامانداو بەکاریدەهێنێت بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە.

ناتوانیت دوورگەیەك لە سۆسیالیزم لە دەریای سەرمایەداریدا بونیادبنێیت، هەوڵی گروپگەلی بچوك بۆ خۆدابڕین و ژیان لەسەر ئەو دورگەیە لەسەر بنەمای ئایدیا سۆسیالیستییەکان، هەمیشە بە شکستێکی خەفەتبارانە

کۆتاییان دێت، لە لایەکەوە فشارە ئابوری و ئایدۆلۆژییەکان دەمێننەوە، لە لایەکی دیکەشەوە کاتێك ئەوانە خۆیان لە سەرمایەداری دادەبڕن، ئەوا خۆیان لەو تاکە هێزە دادەبڕن کە دەتوانێت سۆسیالیزم بەدیبهێنێت، کە بریتییە لە چینی کارکەر.

بێگومان سۆسیالیستەکان هەموو رۆژێك دژی کاریگەرییە خراپەکانی سەرمایەداری ، دژی راسیزم، چەوساندنەوەی ئافرەت، ئیستغلالکردن، هەموو چەشنەکانی دڕندەیی و بەربەریزم تێدەکۆشن، ئەم رووبەڕوبوونەوەیە تەنها بە وەرگرتنی هێزی چینی کارکەر وەك بناغە بۆ تێکۆشانەکەمان، دەکرێت.

## بەشی 11

## ئیمپریالیزم و ڕزگاریی نەتەوەیی

به درێژایی مێژووی سەرمایەداری، چینی فەرمانڕەوا هەمیشە بە دوای سەرچاوەیەکی زیاتری ساماندا گەڕاوە: دەستبەسەراگرتنی ئەو سامانەی دەوڵەتانی دیکە بەرهەمیانهێناوە.

گەشەکردنی فۆڕمە سەرەتاییەکانی سەرمایەداری لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا، هاوکاتبوو لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی ئیمپراتۆرییە داگیرکراوە گەورەکانی (ئیسپانیا، پورتوگال، هۆڵەندا، فەرەنسا و بێگومان بەریتانیاش)

لە لایەن وڵاتە خۆرئاواییەکانەوە[1]. لەوکاتەدا ئاڕاستەی سامان بۆ نێو دەستی چینە فەرمانڕەواکانی ئەوروپای خۆرئاوا بوو، بەڵام ئەو کۆمەڵگەیانەی ئێستا بە «جیهانی سێ» ناودەبرێن، واتە وڵاتانی (ئەفریقیا، ئاسیا، ئەمریکای باشور)، بە تەواوی وێرانکران.

بەمشێوەیە، «دۆزینەوەی» ئەمەریکا لە لایەن ئەوروپیەکانەوە لە سەدەی 16دا، بوەهۆی هەڵقوڵینێکی فراوانی ئاڵتون بۆ ئەوروپا، بەڵام دیوی دووەمی ئەم دراوە خۆی لە وێرانکردنی چەند کۆمەڵگەیەك و بە کۆیلەکردنی چەند کۆمەڵگەیەکی دیکەدا دەبینێتەوە.

بۆ نموونە لە هایتی، کە کۆڵۆمبۆس یەکەم نشینگەی لێدروستکرد، ئەو «هندییە هارۆکیی»انەی بە درێژایی دوو نەوەی مرۆیی لە نیشتیمانی خۆیاندا دەژیان، دوو ملیۆن کەسیان لێ لە ناوبرا. لە مەکسیك، ژمارەی دانیشتوانە هندییەکان لە (20 ملیۆن کەس)ەوە لەساڵی 1520، دابەزی بۆ (2 ملیۆن) لەساڵی 1607.

بەڵام ئەو دانیشتوانە هندیانەی لە دورگە هیندییەکانی خۆرئاوا و دورگەکانی دیکەی کیشوەرەکە دەژیان، هەموویان گۆڕدرانەوە بەو کۆیلانەی لە ئەفەریقیاوە بە دیلگیرابوون و لە ڕێگەی زەریای ئەتڵانتیکەوە لە بارودۆخێکی نالەباردا گواسترابوونەوە.

ئەو کۆیلانەی لە زەریای ئەتڵانتیکەوە پەڕینەوە و بە

زیندوویی مانەوە بە (15 ملیۆن) دەخەملێنرێن، بەڵام لە میانەی ئەو گەشتەدا (9 ملیۆن) لە کۆیلەکان مردن. نیوەی کۆیلەکان بە کەشتییە بەریتانییەکان گواسترانەوە، ئەمەش بە یەکێك لە هۆکارەکانی یەکەمبوونی سەرمایەداریی بەریتانیی لە فراوانکردنی پیشەسازیدا دادەنرێت.

ئەو سامانەی لە بازرگانیی کۆیلەوە بە دەستدەهات، دەبووە هۆکارێك بۆ پارەدارکردنی پیشەسازی. وەك گوتەیەکی کۆن هەیە دەڵێت «دیوارەکانی شاری بریستۆڵ بە خوێنی زنجییەکان دروستکراون»، ئەم گوتەیە بەسەر بەندەرەکانی دیکەی ئینگلتەراشدا جێبەجێدەبێت. هەروەك کارڵ مارکس دەڵێت: «کۆیلایەتی شاراوەی کرێکارانی کرێ لە ئەوروپا، وەك رێسایەك پێویستیی بە کۆیلایەتییەکی تەواو پوخت و سادە هەیە لە جیهانێکی نوێدا».

بازرگانیی کۆیلە بە شێوەیەکی تەواو فەرهودیانە بوو، هەروەك داگیرکردنی هیندستان لە لایەن بەریتانیاوە. ئەودەم (بەنگال) گەلێك پێشکەوتووبوو پێشئەوەی میوانە ئینگلیزە سەرەتاییەکان لە شکۆی شارستانیەتەکە کەمبکەنەوە، بەڵام ئەم سامانە زۆر لە بەنگال نەمایەوە؛ وەك بارۆن (ماکولای[2]) لە بیۆگرافیای خۆیدا دەربارەی داگیرکردنی (کلایڤ) دەڵێت:

«لە زۆریی ژمارەی دانیشتوان رزگارمان بوو، بە پێشکەشکردنیان وەك نێچیرێك. بەمشێوەیە سامانێکی زۆر لە (کاڵکا) کەڵەکەکرا، لە کاتێکدا 30 ملیۆن کەس لە هەژارییەکی

بێکۆتادا دەژیان. لە مێژبوو راهاتبوون بە ژیان لە ژێر سایەی ستەمکارییدا، بەڵام هەرگیز ستەمکاریی لەم جۆرە نا».

لێرە بە دواوە، ئیدی بەنگال بە سامانەکەیدا نەدەناسرایەوە، بەڵکو بە هەژارییە کوشندەکەیدا دەناسرایەوە، کە هەر چەند ساڵ جارێك قاتوقڕیی ملیۆنان کەسی بەرەو مردن دەبرد، ئەمە هەژارییەکە تا ئێستاش بەردەوامە. لە هەمان کاتدا لە شەستەکانی سەدەی 17دا، لەودەمەی کۆی وەبەرهێنانی سەرمایە لە ئینگلتەرا لە 6-7 ملیۆن پاوەند زیاتری تێنەپەڕاندبوو، سەرانەی ساڵانەی ئینگلتەرا لە هندستان دەگەیشتە 2ملیۆن پاوەند.

هەمان ئەم قۆناغانە کۆنترین کۆلۆنیالی ئینگلیزیشی گرتۆتەوە، کە ئەویش (ئیرلەندا)یە. لە کاتی ئەو برسێتییە گەورەیەی لە کۆتایی چلەکانی سەدەی 18دا روویدا، بە هۆی لە برسا مردن و کۆچکردن ژمارەی دانیشتوانی ئیرلەندا بۆ نیوهێندە کەمبووەوە، ئا لەم کاتەدا بڕە گەنمێك وەك کرێ دەنێردرا بۆ خاوەن زەوییە ئینگلیزەکان، کە ئەو بڕە زۆر زیاتربوو لە بڕی پێویست بۆ تێرکردنی ئەو هاوڵاتیانەی لە ئینگلتەرا لە برسا دەمردن.

ئەمڕۆش وا راهاتووین جیهان دابەشبکەین بۆ دەوڵەتانی «پێشکەوتوو» و دەوڵەتانی «دواکەوتوو». بەرهەستی زاڵ ئەوەیە کە دەوڵەتە «دواکەوتووەکان» سەدان ساڵە بە هەمان ئاڕاستەی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان دەڕۆن، بەڵام بە خێراییەکی کەم.

بەڵام لە راستیدا دەکرێت یەکێك لە هۆکارەکانی «پێشکەوتنی» دەوڵەتە رۆژئاواییەکان بریتیبێت لە وەی کە دەوڵەتانی دیکە سامانەکانیان تاڵانکراوە و بەمەش پاڵیان پێوەنراوە بەرەو دواکەوتوویی. زۆرێك لە دەوڵەتانی جیهان ئێستا زۆر هەژارترن لە 300 ساڵ پێش ئێستا.

وەك مایکڵ بارات براون ئاماژەپێدەدات:

«تێکڕای سامانی تاك لە دەوڵەتە دواکەوتووەکانی ئێستادا -هەر تەنها لە هندستان نا، بەڵکو لە چین و ئەمەریکای لاتین و ئەفەریقیاش- زۆر زیاترە لە ئەوروپای سەدەی 17، دابەزینی سامان لەم وڵاتانەدا، هاوکاتبوو لەگەڵ گەشەکردنی سامان لە ئەوروپای خۆرئاوادا[3]».

هەبوونی ئیپراتۆریەتێکی لەو چەشنە لە لایەن بەریتانیاوە، زامنی گەشەکردنی ئەو وڵاتە بوو هەتاوەکو دواتر بووە هێزی یەکەمی پیشەسازی لە جیهاندا. بەریتانیا لە دۆخێکدا بوو دەیتوانی لە سێیەکی جیهان کە لە ژێردەستی دابوو، رێگری بکات لە دەستێوەردانی دەوڵەتانی سەرمایەداریی دیکە لە کەرەستەی خاو و بازاڕ و ناوچە پڕقازانجەکانی وەبەرهێنان، بەڵام بە گەشەکردنی هێزی پیشەسازیی دیکە، وەك ئەڵمانیا، ژاپۆن و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئەم دەوڵەتانەش خواستی ئەوەیان هەبوو هەمان خێروبێر بە دەستبهێنن. لە بەرئەوە هەستان بە دروستکردنی ئیمپراتۆریەتی رکابەر، یاخود دەتوانین ناویبنێین «ناوچەی هەژموون و

قەڵەمڕەویی». هەروەها بە هۆی توشبوونی قەیرانی ئابوری، هەریەك لەم هێزە سەرمایەدارییە سەرەکیانە هەوڵیاندەدا کێشەکانیان لە رێگەی دەستبردن بۆ ناوچەی قەڵەمڕەویی رکابەرەکانیان چارەسەربکەن. لە کۆتایدا ئیمپریالیزم بووە هۆی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی.

ئەمەش لای خۆیەوە بووە هۆی گۆڕانکارییەکی گەورە لە نێو سیستەمی ناوخۆیی سەرمایەداریدا، هەربۆیە ئامڕازی هەڵگیرساندنی جەنگ، کە بریتیبوو لە دەوڵەت، گرنگی زیاتری پەیداکرد. ئیدی دەوڵەت زۆر لە جاران زیاتر هەوڵی نزیکبوونەوەو کارکردنی دەدا لەگەڵ کۆمپانیا زەبەلاحەکان بۆ دووبارە رێکخستنەوەی پیشەسازی، بە ئامانجی کێبڕکێی دەرەکی و جەنگ. بە واتایەکی دی، ئیدی سەرمایەداری بووە سەرمایەداریی مۆنۆپۆلکردنی دەوڵەت.

گەشەسەندنی ئیمپریالیزم بەو مانایە دێت کە سەرمایەدارەکان هەر بە تەنها چینی کارکەری وڵاتەکەی خۆیان ناچەوسێننەوە، بەڵکو هەڵدەستن بە کۆنترۆڵکردنێکی روون و ئاشکرای فیزیکیی دەوڵەتانی دیکە و چەوساندنەوەی دانیشتوانەکەی. سەبارەت بە زۆرینەی چینە چەوساوەکانی دەوڵەتانی ژێردەستی کۆڵۆنیالیزم، لە لایەك لە لایەن کۆلۆنیالیستە بێگانەکانەوە دەچەوسێنرێنەوە، لە لایەکی دیکەش لە لایەن چینە فەرمانڕەواکەی خۆیانەوە، واتە دووجار دەچەوسێنرانەوە.

هەروەها بەشێك لە چینی فەرمانڕەوای دەوڵەتە کۆلۆنیالەکان گرفتاربوون، هەستیان بەوەکرد کە چەندین هەلی چەوساندنەوەی دانیشتوانە ناوخۆییەکانیان هەیە، بەڵام لە لایەن ئیمپریالیزمەوە لە دەستیان دەرهێنراوە. بە هەمانشێوە چینی ناوەندی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکانیش گرفتاربوون، خواستی فراوانبوونێکی خێرای پیشەسازییان هەبوو، کە لە ناوخۆدا بەڕێوەببرێت و خزمەتێکیان پێبگەیەنێت بە مەبەستی رەخساندنی هەلی نوێ بۆ داهاتوو.

60 ساڵی رابردوو رابونێکی سەرجەم ئەم چینە جیاجیایانەی بە خۆوەبینی، هەم لەدەوڵەتە داگیرکەرەکان و هەم لە پێشتر داگیرکراوەکان، دژ بە کاریگەرییەکانی ئیمپریالیزم. هەندێك لەو بزوتنەوانەی هەوڵی یەکخستنی سەرجەم خەڵکیان دەدا دژ بە دەسەڵاتی ئیمپریالیستە بێگانەکان گەشەیانکرد و فراوانبوون، داواکارییەکانیان ئەم خاڵانەی لە خۆدەگرت:

«دەرکردنی هێزە داگیرکەرە بێگانە ئیمپریالیستییەکان».

«یەکخستنی وڵات لەژێر یەك ئاڵای حکومەتێکی نیشتیمانییدا، ئەمەش بۆ قوتاربوون لە دابەشکردنی وڵات لە نێوان هێزە ئیمپریالیستییەکاندا».

«دووبارە گەڕاندنەوەی پایەی زمانی رەسەن لە ژیانی رۆژانە، ئەمەش بۆ رووبەڕوبوونەوەی ئەو زمانانەی فەرمانڕەوا بێگانەکان سەپاندبوویان».

«بە کارهێنانی ئەو سامانەی وڵات بەرهەمیدەهێنێت بۆ فراوانکردنی پیشەسازیی ناوخۆیی، لە پێناو (پێشخستن) و (نوێکردنەوە)ی وڵات».

ئەمانە داواکاریی بزوتنەوە شۆڕشگێڕییە یەك لە دوای یەکەکان بوو، لە وڵاتانی (چین 1912، 1923-1927، 1245-1948)، (ئێران 1905-1912، 1917-1921، 1941-1953)، (تورکیا لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم)، (دوورگە هندییەکانی خۆرئاوا لە 1920 بە دواوە)، (هندستان 1920-1948)، (ئەفەریقیا لە دوای ساڵی 1945)، (ڤێتنام تاوەکو شکستهێنانی ئەمەریکییەکان لەساڵی 1975)، تا ئێستاش لە باشوری ئەفەریقیا.

زۆربەی کات، ئەم بزوتنەوانە لە لایەن بەشێك لە چینی باڵا و ناوەندی ناوخۆییەوە سەرکردایەتی دەکران. ئەمەش بەو مانایە دێت چینی فەرمانڕەوای دەوڵەتە پێشکەوتووەکان [داگیرکەرەکان] رووبەڕوی نەیارێکی دیکەش دەبنەوە، هاوشانی نەیارە ناوخۆییەکە، کە بریتییە لە چینی کارکەری وڵاتەکەیان. دەوڵەتە سەرمایەدارە ئیمپریالیستییەکان لەلایەك رووبەڕوی بەرهەڵستیی بزوتنەوەی نیشتیمانیی وڵاتانەی «جیهانی سێیەم» دەبوونەوە، لە لایەکی دیکەش توشی رووبەڕوبوونەوەی چینی کرێکارانی ناوخۆی وڵاتەکەشیان دەبوونەوە و ئەو چینەش دەکەوتە جوڵە.

ئەمە گرنگییەکی گەورەی هەبوو سەبارەت بە بزوتنەوەی

چینی کارکەر لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکان، چونکە بەو مانایە دێت کە لە خەباتیان دژ بە سەرمایەداریی هاوپەیمانێکیان هەیە: بزوتنەوەی رزگاریی «جیهانی سێیەم». بەمجۆرە، بۆ نموونە کرێکارێکی کۆمپانیای (Shell)ی بەریتانی ئەمڕۆ خاوەن هاوپەیمانێکە لە بزوتنەوەی رزگاریی ئەفەریقیای باشور، کە تێدەکۆشن بۆ بە دەستهێنانی سامانەکانیان کە لە ژێردەستی کۆمپانیاکەیە لە وڵاتەکەیان. ئەگەر (کۆمپانیای شێڵ) بتوانێت بزوتنەوەی رزگاریی «جیهانی سێیەم» بێهیوا بکات، ئەوا ئەم کۆمپانیایە هێندەی دی بە هێزدەبێت لە رووبەڕوبوونەوەی داواکاری کرێکارانی ناوخۆی وڵاتەکەی (بەریتانیا).

ئەمە راستییەکەیە، تەنانەت ئەگەر بزوتنەوەی رزگاریی لە وڵاتێك لە وڵاتەکانی جیهانی سێیەمدا، سەرکردایەتییەکی سۆسیالیستیشی نەبێت، بەڵام دواتر هەر دروستدەبێت، تەنانەت ئەگەر ئەو سەرکردایەتییە ناسۆسیالیستییە بخوازێت فەرمانڕەوا بێگانەکە بگۆڕێت بە فەرمانڕەوایەکی سەرمایەداری ناوخۆ، یاخود چینی سەرمایەداری دەوڵەتیی.

ئەو دەوڵەتە ئیمپریالیستییەی هەوڵدەدات ئەم بزوتنەوە رزگارییە لە ناوبەرێت، هەمان ئەو دەوڵەتە ئیمپریالیستییەیە کە لە خۆرئاوا دوژمنی گەورەی کرێکارانە. لە بەرئەمە مارکس جەختدەکاتەوە: «هەر نەتەوەیەك ئەوانی دیکە بچەوسێنێتەوە، خودی خۆی ناتوانێت ئازاد بێت». هەر

لە بەرئەمە لینین بابەتێك دەخاتە روو، ئەویش بریتییە لە هاوپەیمانێتیی نێوان کرێکارانی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان لەگەڵ گەلانی چەوساوەی جیهانی سێیەم، تەنانەت ئەگەر سەرکردایەتییەکی ناسۆسیالیستیشی هەبێت.

ئەمە بەو مانایە نایەت کە سۆسیالیستەکان رەزامەندن بەو رێگەیەی ناسۆسیالیستەکان (غیر الاشتراکیین) لە دەوڵەتە چەوساوەکەدا خەباتی رزگاریی نەتەوەیی پێ بەڕێوەدەبەن (زیاتر لە رەزامەندیمان لەگەڵ ئەو رێگەیەی سەرکردەیەکی سەندیکایی مانگرتنێکی پێ بەڕێوەدەبات)، بەڵام دەبێت پێش هەر شتێکی دیکە ئەوە روونبکەینەوە کە ئێمە پشتگیری لەو خەباتە دەکەین، ئەگەر نا هەموویان دەبنە لایەنگری چینە فارمانڕەواکەی ئێمە [«ئێمە» مەبەست لە دەوڵەتە ئەوروپیی و خۆرئاواییەکانە کە وڵاتی جیهانی سێ داگیردەکەن] دژ بە گەلە ستەملێکراوەکان.

پێویستە بێ هیچ مەرجێك پشتگیریی خەباتی رزگاری بکەین، پێش ئەوەی ماف بەخۆمان بدەین رەخنە لەو میتۆدە بگرین کە خەباتەکەی پێ بەڕێوەدەچێت.

لەگەڵ ئەمەشدا سۆسیالیستە شۆرشگێڕەکان لە دەوڵەتێکدا کە ئیمپریالیزم وێرانیکردووە، ناکرێت لێگەڕێن دۆخەکە بەوجۆرە دژیانبێت، بەڵکو پێویستە رۆژ لە دوای رۆژ لەگەڵ تاکەکانی دیکەدا تێبکۆشن دەربارەی بەرپاکردنی خەبات لە پێناو رزگاریی نیشتمانیدا.

دەربارەی ئەم پرسە، گرگترین خاڵەکانی پەیوەست پێوەی لە تیۆریی شۆڕشی بەردەوامی ترۆتسکیدا ئاماژەی پێکراوە. دەستپێکی تێزەکەی ترۆتسکی لە درککردنیەتی بەوەی بزوتنەوەکانی دژی چەوساندنەوە بە زۆری ئەو تاکانە ڕێکیدەخەن کە خاوەن باکگراوندێکی چینی ناوەند و تەنانەت چینی سەرەوەشن.

سۆسیالیستەکان پشتگیریی ئەم جۆرە بزوتنەوانە دەکەن، لە بەرئەوەی ئامانجەکەیان بریتییە لە لابردنی یەکێك لەو کێماسییانەی سەرشانی زۆرینەی چین و گروپە چەوساوەکانی کۆمەڵگەی قورسکردووە، بەڵام پێویستە لەسەرمان بزانین کە نەوەی چینەکانی ناوەند و سەرەوە ئەوانەن کە ناتوانن بەردەوام بن لە سەرکردایەتی ئەم جۆرە خەباتانە، چونکە ترسیان هەیە لە دەستپێکردنێکی راستەقینەی خەباتی جەماوەریی. لە حاڵەتی ئەمجۆرە ململانێیانەدا، نابێت بە تەنها لەو ستەمکارییە بڕوانرێت کە لە دەرەوە هێرش دەهێنێت، دەبێت لە توانای ئەم چینە بڕوانرێت بۆ خۆگونجاند و ژیان هاوشان لەگەڵ ستەمکارییە دەرەکییەکە بۆ چەوساندنەوەی چینە چەوساوەکان.

لە ساتێکی دیاریکراودا دەیانبینیت رادەکەن لەو تێکۆشانەی کە خودی خۆیان دەستیانپێکردووە، بەڵکو یەکدەگرن -ئەگەر پێویستی کرد- لەگەڵ ستەمکاری بێگانەدا بۆ شکستهێنان بەم تێکۆشانە. ئا لەم کاتەدا، ئەگەر هێزەکانی چینی کارکەری سۆسیالیستی سەرکردایەتی رزگاریی نیشتیمانیی وەرنەگرن، ئەوا تێکۆشانەکە توشی شکست دەبێت.

ترۆتسکی ئاماژەی بە دوایین خاڵ کردووە، کە بریتییە لەو راستییەی چینی کارکەر لە زۆرینەی دەوڵەتەکانی جیهانی سێیەمدا تەنها کەمینەیەکی دانیشتوانن، زۆرجار کەمینەیەکی بچوکیشن، بەڵام سەرەڕای ئەوە، بە مانایەك لە ماناکان چینێکی گەورەن (بۆ نموونە ئەو کەمینەیەی چینی کارکەر لە دەوڵەتانی وەك چین و هندستاندا هێزێکن خۆیان لە ملیۆنان کەسدا دەبیننەوە)، زۆرجار هەر ئەو چینەیە پشکی شێری سامانی نەتەوەیی بەرهەمدەهێنن بەراورد بە قەبارەیان. هەروەك بە ژمارەیەکی زۆر لە هەندێك شاردا بوونیان هەیە، کە ئەو شارانە بە کلیلی دەسەڵاتی وڵات دادەنرێن.

لە بەرئەوە لە ساتی ناسەقامگیریی شۆڕشگێڕیدا، چینی کارکەر دەتوانێت سەرکردایەتی سەجەم چینە چەوساوەکانی دیکە بکات و کۆنترۆڵی سەرجەم کاروبارەکانی وڵات وەربگرێت. شۆڕش دەکرێت «بەردەوام» بێت، بە خواستەکانی رزگاریی نیشتیمانیی دەستپێبکات و بە خواستی سۆسیالیزم کۆتاییپێبێت، بەڵام ئەمە تەنها لە کاتێکدا روودەدات کە هەر لە سەرەتاوە سۆسیالیستەکان لە دەوڵەتە ستەملێکراوەکاندا کرێکارانیان لەسەر بنەمایەکی چینایەتی سەربەخۆ رێکخستبێت، هاوکات بە شێوەیەکی گشتی پشتگیریی لە بزوتنەوەی رزگاری نیشتیمانیی بکەن، بەڵام پێویستە لەسەریان هەمیشە ئاگاداربن لە متمانەکردن بەو سەرکردانەیان کە لە چینی ناوەند و سەرەوەن.

## پەراوێز:

1. ئاشکرایە وڵاتانی وەک فەڕەنسا و پورتوگال و ئیسپانیا و هۆڵەندا و بەریتانیا، لە پێشەنگ و زلهێزەکانی پڕۆسەی دۆزینەوە جوگرافییەکان و کۆڵۆنیالیزم و داگیرکاریی وڵاتان بوون، ئەوەبوو لەم پڕۆسانەدا چەندین وڵاتیان -بەتایبەت ئەو وڵاتەنەی لە ئێستادا بە جیهانی سێیەم ناودەبرێن- داگیرکرد، بەڵام پاش گەشەکردنی سەرمایەداری و شۆڕشی پیشەسازی، وڵاتانی دیکەی خۆرئاوا جارێکی دیکە بە مەبەستی بەدەستهێنانی سامان و کانزا و کەرەستەی خاو، پەلاماری ئەم وڵاتانەیان دایەوە.

2. Thomas Babington Macaulay (1800-1859) کە بە بارۆن ماکولای ناسراوە، سیاسەتمەدار و نووسەرێکی بەریتانی بوو. لە نووسینەکانیدا باس لە چۆنیەتی داگیرکردنی وڵاتانی ناوەڕاست و باشووری ئاسیا دەکات لەلایەن بەریتانیاوە، بە تایبەت هیندستان.

3. واتە ئەوروپای سەدەی ١٧ زۆر لەم وڵاتانەی ئێستا هەژارتربوو کە بە دواکەوتوو ناودەبرێن، ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئەم دەوڵەتانە بە هەژاریی و دواکەوتویی دروست نەبوون و ئەوروپاش بە دەوڵەمەندیی و پێشکەوتویی، بەڵکو ئیمپریالیزمی ئەوروپی ئەم وڵاتانەی تاڵان کردووە لەسەر حسابی ئەمان خۆی دەوڵەمەند کردووە.

## بەشی 12
## مارکسیزم و فیمینیزم

هەمیشە دوو ئاڕاستەی جیاواز هەن دەربارەی ئازادبوونی ژن: «فیمینیزم» و «سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕی». فیمینیزم کاریگەرییەکی باڵادەستی هەیە بەسەر بزوتنەوەکانی ژنانەوە کە لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا لە دەوڵەتە سەرمایەدارییەکاندا سەریانهەڵداوە. فیمینیزم لەو بیرۆکەیەوە دەستپێدەکات کە ئەوە پیاوانن هەمیشە ژنان دەچەوسێننەوە، بەوپێیەی شتێك لە بونیادی بایۆلۆژی و سایکۆلۆژیی پیاودا هەیە وادەکات پیاوان وەك

بوونەوەرێکی نزمتر لە خۆیان مامەڵە لەگەل ژناندا بکەن. ئەمەش سەردەکێشێت بۆ ئەو ئایدیایە کە ئازادبوون تەنها بە جیاکردنەوەی ژنان لە پیاوان بەدیدێت، جا بە جیاکردنەوەی تەواوی ئەو فیمینیستانە بێت کە بە دوای «شێوازی ژیانی ئازادانەدا» دەگەڕێن، یاخود بە جیاکردنەوەی بەشەکی (جزئي)، وەك لیژنەکانی ژنان و کۆبونەوەی هەڵبژاردنی پاڵێوراوان و ئەو رووداوانەی تەنها تایبەتن بە ژنان.

زۆرێك لەو ژنانەی پشتگیریی لەم جیاکردنەوە بەشەکییە دەکەن، خۆیان بە «سۆسیالیست فیمینیست» دەناسێنن، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا، لە ناو بزوتنەوەی ژناندا ئایدیای «رادیکاڵ فیمینیست» لە نێو لایەنگرانی جیاکردنەوەی تەواوەتیدا سەریهەڵدا. ئایدیای جیاکردنەوەی تەواوەتی وردە وردە لە باڵێکی تاڕادەیەك رادیکاڵەوە بوو بە داواکەری خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیی لە چەشنی هەبوونی پەناگە و شێڵتەر بۆ ژنان.

ئەم شکستە ژنانێکی زیاتری بەرەو ئاڕاستەیەکی دیکە برد؛ بەرەو پارتی کرێکاران. ئەمانە لەو باوەڕەدا بوون کە دانانی ژنی شیاو لە شوێنی شیاو -وەك ئەندام پەرلەمان، بەرپرسی سەندیکا، راوێژکاری ناوخۆیی- تاڕادەیەك یارمەتی گشت ژنان دەدات بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی.

بەڵام نەریتی سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕی لە کۆمەڵە ئایدیایەکی تەواو جیاوازەوە دەستپێدەکات. مارکس و

ئەنگڵس، لە ساڵی 1848 ئەو خاڵە دەخەنەڕوو، سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین کە چەوساندنەوەی ژن لە بیرکردنەوەی ناو مێشکی پیاوانەوە سەریهەڵنەداوە، بەڵکو سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ گەشەسەندنی خاوەندارێتیی تایبەت و لە گەڵیشیدا دەرکەوتی کۆمەڵگەی دامەزراو لەسەر چینایەتی. لای مارکس و ئەنگڵس، خەبات بۆ ئازادکردنی ژن، جیاکراوە نییە لە خەبات بۆ کۆتایهێنان بە کۆی کۆمەڵگەی چینایەتی -واتە خەبات لەپێناو سۆسیالیزمدا.

هەروەها مارکس و ئەنگڵس ئاماژەیان بەوە داوە کە گەشەسەندنی سەرمایەداری لەسەر بنەمای سیستەمی کارگە، گۆڕانکاریی گەورەی لە ژیانی مرۆڤدا بە دوایخۆیدا هێناوە، بە تایبەت لە ژیانی ژناندا. جارێکی دیکە ژنانی گێڕاوەتەوە بۆ بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی، کە لەگەڵ گەشەسەندنی کۆمەڵگەی چینایەتیدا بەرە بەرە لەو بەرهەمهێنانە دوورخرابوونەوە.

ئەوە ئەو هێزەی بە ژن بەخشی کە لە ناخیدا شاردرابوەوە ، بەڵام پێشتر هەرگیز سودی لێوەرنەگیرابوو. کارکردنی ژنان وەك کرێکارێکی رێکخراو بە شێوەیەکی کۆمەڵ، سەربەخۆییەکی زیاتری پێبەخشین و هێزێکی پێبەخشین بۆ خەبات لە پێناو مافەکانیاندا. ئەمەش بە تەواوی پێچەوانەیە لەگەڵ شێوازی ژیانی پێشتریان، کاتێك رۆڵی سەرەکییان لە بەرهەمهێنان‌دا لە ناو خێزاندا بوو، ئەمەش وەهای کردبوو بە

تەواوی پشتببەستن بە سەرۆکی خێزان -واتە مێرد و باوك.

لە مەوە مارکس و ئەنگڵس دەگەنە ئەو ئەنجامگیرییەی کە بناغەی ماتریالیستیی خێزان، هەروەها چەوساندنەوەی ژن، پێشتر بوونی نەبووە. ئەوەشی ڕێگربووە لە وەی ژن سوود لەو دۆخە وەربگرێت، بریتییە لەو ڕاستییەی کە خاوەندارێتیی لە دەستی کەمینەیەکدا بووە. لە ئەمڕۆشدا گرنگترین هۆکار بۆ مانەوەی ژنان بە چەوساوەیی، بریتییە لەو ڕێگەیەی سەرمایەداریی خۆی پێڕێکخستووە –بە تایبەت ئەو ڕێگەیەی کە سەرمایەداریی فۆڕمێکی دیاریکراوی خێزان بە کاردەهێنێت لە پێناو دڵنیاییدان لە وەی کرێکارەکانی [ئەو کرێکارانەی لە ژێردەستی خاوەنکار و سەرمایەدارەکاندا کاردەکەن] منداڵەکانیان گەورەدەکەن بۆئەوەی ببنە نەوەی داهاتووی کرێکاران[1]. ئەمە خاڵێکی جیاکەرەوەی گرنگە، واتە لەو دەمەی سەرمایەداری موچە دەدات بە کرێکاران هەتاوەکو کاربکەن -هەروەها بە شێوەیەکی زۆرتریش بۆ ژنان- ئەوا ژنان بێبەرانبەر ژیانی خۆیان تەرخاندەکەن بۆ دڵنیاکردنەوە لە وەی مێردەکانیان ئامادەن بۆ کارکردن لە کارگەکاندا و منداڵەکانیشیان لە داهاتوودا هەمان کار دەکەن.

بەڵام سۆسیالیزم بە پێچەوانەی ئەوەوە، کاردەکات بۆ ئەوەی کە کۆی کۆمەڵگە زۆرێك لەو ئیشانە لە خۆبگرێت کە خێزان پێیهەڵدەستێت و سەرشانی ژنانی قورسکردووە.

بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە مارکس و ئەنگڵس

و شوێنکەوتووەکانیان دروشمی «نەهێشتنی خێزان»یان بەرزکردبێتەوە. لایەنگرانی خێزان هەمیشە دەتوانن ئەو ژنانەی رووبەڕوی زۆرترین چەوساندنەوە بوونەتەوە ئاڕاستەبکەن بۆ پشتگیریکردن لە خێزان، ئەوان دروشمی «نەهێشتنی خێزان» بەوجۆرە دەبینن [یاخود بەوجۆرە پیشانی ژنانی دەدەن]، کە رێگەکردنەوەیە هەتاوەکو پیاوەکان دەست لە ژنەکانیان و بەرپرسیارێتی منداڵەکانیشیان هەڵبگرن.

لە بەرانبەردا، سۆسیالیستە شۆرشگێڕەکان هەمیشە هەوڵدەدەن بۆ روونکردنەوەی ئەوەی کە لە کۆمەڵگەی سۆسیالیستیدا واباشترە هەرگیز ژنان ناچارنەکرێن بە ژیانێکی هەژارانە و کوێرەوەریانە، لە مرۆماندا خێزان ئەوەی پێشکەشکردوون.

فیمینیستەکان هەمیشە ئەمجۆرە شیکارە رەتدەکەنەوە. بە بێ نزیکبوونەوەی زیاتر لە ژنان و دۆزینەوەی هێزەکانیان بۆ گۆڕینی جیهان و کۆتاییهێنان بەو ستەمەی لێیان دەکرێت -هەروەها بە بێ زەقکردنەوەی هێزی هەرەوەزییان لە کارکردندا- ئەم فیمینیستانە تەنها کاریان ئەوەیە بە ستەملێکراو لە ژن بڕوانن. بۆ نموونە ئەو کەمپینانەی ساڵانی هەشتا دەکران، هەموویان فۆکوسیان خستبوەسەر پرسی وەك دەستدرێژی بۆسەر ژنان و لەشفرۆشی و هەڕەشەی چەکی ئەتۆمی لەسەر ژنان و خێزانەکانیان. هەموو ئەمانە لەو خاڵەوە سەرچاوەدەگرن کە ژنان بونەوەرگەلی لاوازن.

فیمینیزم لەو گریمانەیەوە دەستپێدەکات کە ستەمکاری باڵادەستترە لە دابەشبوونی چینایەتی. ئەنجامەکانی ئەم گریمانەیە بە هیچ جۆرێك دەست بۆ کۆمەڵگەی چینایەتی نابات، بەڵکو هەموو ئەوەی دەیکات باشکردنی دۆخی هەندێك لە ژنانە -کە ئەوانەش کەمینەیەکن. بە باڵادەستبوونی «چینی ناوەندی نوێ» بەسەر بزوتنەوەکانی ژناندا -وەك ژۆرنالیستەکان، نوسەرەکان، وانەبێژەکانی زانکۆ، هەروەها پلە بەرزە یەخە سپییەکان-[2] کۆتایی بە خودی ئەو بزوتنەوانە هێنا، بەڵام کرێکارانی دیکەی وەك سکرتێرەکان، کارمەندی تۆمارەکان، تایپێستەکان و کارپێکەری ئامێرەکان، پشتگوێخراون.

پرسی ئازادبوونی ژن تەنها لە کاتی گۆڕانکارییە ریشەییەکان و شەپۆلە شۆڕشگێڕییەکاندا دەبێتە راستی، ئەم راستییەش تەنها بۆ کەمینەیەك نییە، بەڵکو سەرجەم ژنانی چینی کارکەر دەگرێتەوە. شۆڕشی بەلشەفیکی 1917 یەکسانیی زۆر زیاتری بۆ ژنان هێنا، وەك لەوەی پێشتر لە جیهاندا هەبوو. مافی جیابوونەوە و لە باربردنی کۆرپەلە[3] و نەهێشتنی سکپڕبوون بۆ هەمووان دابینکرابوو. هەروەك بەرپرسیارێتی بە خێوکردنی منداڵ و کاروباری ناوماڵ دەکەوتە سەرشانی کۆی تاکەکانی کۆمەڵگە. ئەمەش سەرەتایەك بوو بۆ دەرکەوتنی رێستۆرانت و

جلشۆرگە و دایەنگەی هاوبەش (communal)، هەروەها ئازادییەکی زیاتری بە ژنان بەخشی لە هەڵبژاردن و بەڕێوەبردنی ژیانیان[4].

بێگومان ئەم هەنگاوانە لە پێشکەوتن دابڕاو نییە لە ڕێڕەوی خودی شۆڕشەکە. برسێتی و شەڕی ناوخۆ و تیاچوونی بەشێکی گەورەی چینی کارکەر و شکستهێنانێکی جیهانیی شۆڕش، هۆکاربوون بۆ شکستی حەتمیی سۆسیالیزم لە خودی روسیادا، بەمجۆرە رەوتی روو لە یەکسانیی بە تەواوی پێچەوانەبووەوە.

بەڵام ساڵانی سەرەتای کۆماری سۆڤیەتیی ئاسۆیەك هەبوو بۆ بە دیهاتنی شۆڕشی سۆسیالیستی، تەنانەت ئەگەر لە خراپترین بارودۆخیشدا بێت، بەڵام ئەمڕۆ ئەگەرەکانی ئازادبوونی ژنان لە بەریتانیا باشترە، دەکرێت ئەم باشییە بەسەر دەوڵەتە سەرمایەدارییەکانی دیکەشدا جێبەجیببێت –لە کۆی پێنج کرێکار دووانیان ژنن.

ئازادبوونی ژنان تەنها لە میانەی هێزی بە کۆمەڵی چینی کارکەرەوە دەکرێت بەدیبێت. ئەمەش بە واتای رەتکردنەوەی ئایدیای فیمینیستی لە رێکخراوی سەربەخۆی ژناندا. تەنها لە میانەی کاری کرێکارانی ژنان و پیاوانەوە وەك بەشێك لە بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی یەکگرتوو، دەتوانرێت کۆتاییبهێنرێت بە کۆمەڵگەی چینایەتی و لەگەڵیشیدا چەوساندنەوەی ژنان.

## پەراوێز:

1. ئەم میکانیزمە هەر بە تەنها بۆ مسۆگەرکردنی دەستی کار نییە لە داهاتوودا، یاخوود بۆ جۆرێک لە فریودانی کرێکارەکان بەوەی داهاتووی منداڵەکانیان لە کارکردندا مسۆگەرە، بەڵکو جۆرێکە لە کۆیلایەتیی دەرەبەگایەتی. لە سەردەمی کۆیلایەتی دەرەبەگایەتیدا کاتێک ئەو کەسەی لەبەردەستی دەرەبەگەکەدا کاریدەکرد (واتە کۆیلەکە) ئەوا ئەو کەسە کە منداڵێکی لەدایک دەبوو، ڕاستەوخۆ بە کۆیلەیی لەدایک دەبوو چونکە باوکی کۆیلەیە، بە مانایەکی دیکە باوکی لە چینی خوارەوەی چەوساوەیە. بەهەمان شێوە سەرمایەداریی ئەمڕۆش خەمخواردنی بۆ نەوەی کرێکاران تەنها بۆ ئەوەیە کە نەوەی کرێکار وەک باوکی بە کرێکاریی بمێنێتەوە، واتە کرێکارەکانی ئێستا نەوەکانیشیان ببن بە کرێکار، ئەمەش دەبێتە هێڵێکی مێژوویی-بۆماوەیی کە ئیدی نەوەی نوێ خۆی بە خاوەنی سامان نەزانێت، چونکە سامان موڵکی چینی باڵایە، ئەمیش لە باوکێکی چینی خوارەوە بووە، کەواتە سامان مافی ئەو نییە و بۆی نییە خۆی بکات بە خاوەنی، بەڵکو ئەگەر بە خواستی سیستەمی سەرمایەداری بێت نەوەکانی ئەم کرێکارە نوێیەش هەر بەو جۆرە بە کرێکاریی و پسوڵەی چینی خوارەوە لەدایکببن. بەڵام وەک هەموو کارەکانی سیستەمی سەرمایەداری لەم میکانیزمەشدا بۆمبێکی تەوقیتکراوی تێدایە دژ بەخۆی، ئەویش ئەوەیە کە هەموو لە دایکبوونێک لە دەرەوەی چینی سەرەوە و حاکمان، ئۆتۆماتیکی لە چینێکی دژ بەوانە، ئەی کێیە هەمیشە مەترسییە بۆسەر چینی سەرەوە و سەرمایەداران؟ بێگومان چینی کرێکاران و چەوساوە، کەواتە سیستەمی

سەرمایەداری ئەگەر پێیوابێت بە بەکرێکار هێشتنەوەی نەوەی کرێکاران کەسێکی ڕامکراوی بۆ هاتۆتە دنیاوە، ئەوا دیووی دووەمی ئەم لەدایکبوونە بریتییە لە لەدایکبوونی دوژمنێکی دیکەی سەرمایەداری، یان وەک مارکس دەڵێت گۆڕهەڵکەنێکی دیکەی سەرمایەداری.

2. White colar جۆرێک لە کرێکاریی پیشەیی و هونەریی، زیاتر لە نووسینگە و ئۆفیسەکاندا وەک ڕیجیستەر کاردەکەن، نزیکە لە موچەخۆر و فەرمانبەرانی ئێستا.

3. لەوانەیە پرسیاری ئەوە بکرێت بۆچی لەبەربردنی منداڵ بە دەستکەوت دادەنرێت، لەگەڵ ئەوەی ئەمە شتێکی هەرئاوا سەرپێی نییە و ڕێوشوێنی خۆی هەیە، بەڵام با بپرسین ئایا لەباربردنی منداڵ لەلایەن ژنەوە ئاساییە؟ وەک دەزانین هەموو پرۆسەیەکی دووگیانبوونی سروشتی لەنێوان دوو کەسدا دەبێت، هاوکات ئەم پرۆسەیە دوو فۆڕمی هەیە: (لەچوارچێوەی ژیانی هاوسەرگیرییدا) لەگەڵ (لە دەرەوەی پرۆسەی هاوسەرگیریی -ئەوەی پێیدەگوترێت ناشەرعی). سەبارەت بە فۆڕمی یەکەم، لە ڕاستیدا دەگمەنە ژن و پیاوێک هاوسەر بن و کاتێک ژنەکە دووگیان دەبێت ژنەکە منداڵەکەی لەباربەرێت، مەگەر لە حاڵەتێکی تایبەتدا. بەڵام ئەم فۆڕمەی دووگیانبوون دیوێکی دیکەی هەیە، ئەویش کاتێک ژنەکە لە دەرەوەی هاوسەرەکەی خۆی لە پیاوێکی دیکە دووگیان دەبێت، کە بێگومان ئەگەری ئەوە هەیە کاتێک مێردی ڕاستەقینەی ژنەکە بەمە دەزانێت ئامادە نەبێت بەرپرسیارێتیی ئەو منداڵە هەڵگرێت و کێشە بۆ ژنەکە دروستبکات و ژیانی بخاتە مەترسییەوە، وەک هەمیشەش ئەو پیاوەی کە لە دەرەوەی هاوسەرگیریی

ئەم ژنەی دووگیان کردووە بێ باج ڕزگاری دەبێت. ئایا لە دۆخێکی وەهادا بۆچی لەباردبردن ئاسایی نەبێت؟ سەبارەت بە فۆڕمی دووەمی دووگیانبوون کە لە دەرەوەی پرۆسەی هاوسەرگیرییە، بێگومان وەک هەمیشە ئاسەوارێک بە ژنەکەوە دیارە کە بریتییە لە دووگیانبوونەکە، بەڵام دیسان پیاوەکە بێباکانە ڕزگاری دەبێت و هیچ بەرپرسیارێتییەک هەڵناگرێت، بەهەمان شێوە لەم حاڵەتەشدا لەباربردنی منداڵ لەلایەن ژنەوە بۆچی ئاسایی نەبێت؟

4. مەبسەت لەوەیە ئەو کارانەی کە کولتوورێک یان دیدێکی کۆمەڵایەتیی خستویەتیە سەر شانی ژنان بە تەنها، ئەوا دەبێت سەر شانی ژنان سوک بکرێت و بخرێتە سەر کۆی کۆمەڵگە، واتە مەبەست لە پیاوانە کە ناکرێت هەندیک کار تەنها بۆ ژنان بەجیبهێڵن و وەک کارەکەر مەمەڵەیان لەگەڵ بکەن.

## بەشی 13

## سۆسیالیزم و جەنگ

ئەو سەدەیە [سەدەی 20]، بە سەدەی جەنگەکان دەناسرێتەوە. (10 ملیۆن) کەس لە جەنگی جیهانی یەکەمدا کوژران، (55 ملیۆن)ی دیکەش لە جەنگی جیهانیی دووەم، هەروەها (2 ملیۆن) کەسیش لە جەنگی هند و چین دا، بەڵام ئێستا هەردوو هێزە ئەتۆمییە بە هێزەکەی جیهان، ئەمەریکا و روسیا، خاوەن ئامرازی وەهان کە دەتوانن زیاتر لە چەند جارێك کۆی رەگەزی مرۆیی لە ناوبەرن.

راڤەکردنی ئەم ترسە گەلێك گرانە سەبارەت بە وانەی

وەك كارێكی چەسپاو لە دەوڵەتی باڵادەست دەڕوانن. ئەمانە ئاڕاستەكراون بەو ئەنجامگیرییەی كە پاڵنەرێكی زگماكی یاخود غەریزی لە مرۆڤدا هەیە پاڵپێوەدەنێت بۆ چێژبینین لە كوشتاری بە كۆمەڵ. بەڵام راستییەكە ئەوەیە رەگەزی مرۆیی هەمیشە جەنگی نەزانیوە. ئەوەتا (گۆردن چالێد) دەربارەی ئەوروپا لە چاخی بەردیندا دەڵێت:

«خەڵكە سەرەتاییەكی دانوب گەلێكی ئاشتیخواز بوون، چەكی جەنگیی بەراورد بە ئامڕازەكانی راوكردن لە گۆڕەكانیاندا بوونی نەبووە. لادێكانیان هیچ بەرگرییەكی سەربازیی نەبوو... بەڵام لە دوا قۆناغەكانی چاخی بەردینی نوێدا، كەلوپەلە جەنگییەكان زۆر زیاتر دەركەوتوون...»

جەنگ هەڵقوڵاوی شەڕانگێزییەكی زگماكیی مرۆڤ نییە، بەڵكو دەرئەنجامی دابەشبوونی كۆمەڵگەیە بۆ چینەكان. لە نێوان (50-100 هەزار ساڵ) پێش ئێستا، كاتێك بۆ یەكەمجار چینێكی خاوەن سامانی تایبەتیی دەركەوت، پێویستبوو ئامڕازی بەرگریی لە سامانەكەی هەبێت. ئەم چینە دەستیكرد بە پێكهێنانی هێزی چەكدار پاشان پێكهێنانی دەوڵەت، دابیڕین لە كۆی كۆمەڵگە. دواتریش تاڵانكردنی كۆمەڵگەكانی دیكە بووە ئامڕازێكی بە نرخ بۆ كەڵەكەكردنی زیاتری سامان.

دابەشكردنی كۆمەڵگە بۆ چینەكان، بەو مانایە دێت كە ئیدی جەنگ دەبێتە مۆركێكی هەمیشەیی ژیانی مرۆیی.

چینە فەرمانڕەوا كۆیلەدارەكانی یۆنانی كۆن و رۆما بە

بێ جەنگە بەردەوامەکان هەڵیاننەدەکرد، کە ئەو جەنگانە ژمارەیەکی زۆرتر کۆیلەی بۆ فەراهەمدەکردن. فیوداڵە خاوەن زەوییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست پێویستبوو لەسەریان بەهێزی خۆیان چەکداربکەن، بۆ ملپێکەچکردنی کۆیلەی زەوییە ناوخۆییەکان، هەروەها بۆ پاراستنی دەستکەوت و تاڵانکارییەکانیان لە فیوداڵە خاوەن زەویەکانی دیکە. کاتێك چینە سەرمایەدارە دەسەڵاتدارە یەکەمینەکان لە (300-400 ساڵ) پێش ئێستا دەرکەوتن، ئەوانیش ناچاربوون بەردەوام پەنابەرنە بەر جەنگ. پێویستبوو لەسەریان کۆمەڵێك جەنگی تاڵ لە سەدەکانی (16، 17، 18، 19) ئەنجامبدەن لە پێناو چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر فیوداڵە فەرمانڕەوا کۆنەکاندا. دەبینین کە سەرکەوتوترین دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان -بۆ نموونە بەریتانیا- جەنگی بەکارهێناوە بۆ فراوانکردنی سامانەکەی و گەیشتن بە دورترین جێگە، تاڵانکردنی هیندستان، ئیرلەندا و گواستنەوەی ملیۆنان مرۆڤ وەك کۆیلە لە ئەفەریقیاوە بۆ ئەمەریکا، بە هەموو ئەمانە گشت جیهانی کردە سەرچاوەیەکی تاڵانیی بۆخۆی.

بەمشێوەیە کۆمەڵگەی سەرمایەداری لە ڕێگەی جەنگەوە خۆی بونیادناوە. ئیدی جێگەی سەرسوڕمان نییە کە هەموو ئەوانەی لەو کۆمەڵگەیەدا ژیاون باوەڕیان بەوە هێنابێت کە جەنگ شتێکی «حەتمیی» و هاوکات «دادپەروەرانە»یە.

لەگەڵ ئەوەشدا سەرمایەداری ناتوانێت بە تەواوی پشت

بە جەنگ ببەستێت. زۆرینەی سامانەکەی لە چەوساندنەوەی کرێکاری کارگە و کانەکانەوە هاتووە، بە رووداني هەر ململانێ و شەڕێك «لە ناوەوەی وڵاتەکەیدا» ئەم چەوساندنەوەیە ئەگەری کزبوونی هەیە.

هەموو چینێکی سەرمایەداری نیشتیمانیی دەخوازێت لە وڵاتەکەیدا ئاشتی بەرقەراربێت، بەڵام لە دەرەوە شەڕ هەڵدەگیرسێنێت. لە بەرئەوە هانی پەیوەستبوون بە «فەزیلەتە میلیتارییەکان»ەوە دەدەن، هاوکات بەتوندیش هێرش دەکەنەسەر «توندوتیژی». ئایدۆلۆژیای سەرمایەداری بە شێوەیەکی تەواو پارادۆکسیکاڵ خۆی گرتووە، بە بەرزکردنەوەی دروشمی سەربازییانە و ئاشتییانە لە یەك کاتدا.

بەڵام لەم سەدەیەی ئێستادا، خۆئامادەکردن بۆ جەنگ لە هەر کاتێکی پێشتر زیاتر گرنگیی هەیە بۆ سیستم. بەرهەمهێنای سەرمایەداری لە سەدەی 19دا لەو کۆمپانیا بچوکانەدا چڕبووبۆوە کە کێبڕکێی یەکتریان دەکرد، دەوڵەت تەنها دامەزراوەیەکی بچوك بوو پەیوەندییەکانی نێوان کۆمپانیاکان، هەروەها نێوان کۆمپانیاکان و کرێکارەکانی ڕێکدەخست، بەڵام لەم سەدەیەی ئێستادا، کۆمپانیا گەورەکان زۆرینەی کۆمپانیا بچوکەکانیان قوتداوە، بە مەش ئەو کێبڕکێ ناوخۆییەی لە دەوڵەتەکاندا هەبوو کۆتاییهات. ئیدی کێبڕکێکە زیاتر ئاڕاستەیەکی نێودەوڵەتی وەرگرت لە نێوان کۆمپانیا زەبەلاحەکانی دەوڵەتە جیاوازەکاندا.

هیچ دەوڵەتێکی سەرمایەداریی جیهانیی نییە بۆ ڕێکخستنی ئەم کێبڕکێیە، بەڵکو لەبری ئەوە هەردەوڵەتێك لای خۆیەوە تا بتوانێت هەموو فشارێك بە کاردەهێنێت بۆ یارمەتیدان و دابینکردنی هەموو ئیمتیازاتێك بۆ چینی سەرمایەداران، هەتاوەکو بتوانن بەسەر رکابەرە بیانییەکانیاندا سەربکەون. ململانێی ژیان و مردن لە نێوان سەرمایەدارە جیاوازەکاندا، دەکرێت ببێتە ململانێی ژیان و مردن لە نێوان دەوڵەتە جیاوازەکاندا، هەریەکەیان بە جبەخانەی زەبەلاحی چەکە وێرانکەرەکانیانەوە.

ئەم ململانێیانە دووجار شەڕی جیهانی لێکەوتەوە. هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم، دوو جەنگی ئیمپریالیستی بوون کە دەرهاویشتەی ناکۆکیی نێوان هاوپەیمانێتی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان بوو لە پێناو دەستگرتن بەسەر جیهاندا. پاشان جەنگی سارد وەك تەواوکەری ئەو ململانێیە پەیدابوو، کە بەهێزترین دەوڵەتە سەرمایەدارەکانی دژی یەکتری کۆکردەوە لە هەردوو پەیمانی (ناتۆ) و (وارشۆ)دا.

لەگەڵ ئەم ململانێ جیهانییەدا گەلێك جەنگی گەرم لە پنتە جیاوزەکانی جیهان هەڵگیرسان. هەمیشە ئەم ململانێیانەی نێوان دەوڵەتە سەرمایەدارە جیاوازەکان، لە سەرئەوە بوو کە کێ دەست بەسەر ناوچەیەکی دیاریکراودا بگرێت، وەك جەنگی نێوان عێراق و ئێران کە ساڵی 1980

هەڵگیرسا، هەروەها جەنگی کەنداو لە ساڵی 1991. هێزە سەرەکییەکانی جیهان بە فرۆشتنی تەکنەلۆژیا سەربازییە هەرە ئاڵۆزەکان بە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم، ئاگری جەنگیان خۆشدەکرد.

زۆرێك لەو کەسانەی تایبەتمەندیەکانی دیکەی سەرمایەدارییان قبوڵکردووە، چارەسەری ئەو راستییە تاڵەیان ناوێت. مانەوەی سەرمایەدارییان دەوێت، بەڵام جەنگ نا، لە بەرئەوە هەوڵی دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیڤ دەدەن لە ناو خودی سیستەمەکەدا. بۆ نموونە، هەندێك پێیانوایە (نەتەوە یەکگرتووەکان-UN) دەتوانێت رێگری لە جەنگ بکات، بەڵام نەتەوە یەکگرتووەکان تەنها گۆڕەپانێکی ململانێیە و ئەو دەوڵەتە جیاوازانەی تێدا بە یەکدەگەن کە پاڵنەرێکیان هەیە بۆ جەنگ. لێرەدا ئەو دەوڵەتانە لە ناوخۆیاندا هێزی خۆیان بەراورد دەکەن بە یەکتر، هەروەك دوو یاریزانی بۆکسێن کە پێش دەستپێکی یارییەکە پێوەر و هەڵسەنگاندن بۆ یەکتر دەکەن. ئەگەر دەوڵەتێك یاخود هاوپەیمانێتییەك هەبێت لە ئەوی دیکە بە هێزتربێت، هەردوولا پێیانوایە پێویستی بە جەنگێك نییە کە لە پێشەوە ئەنجامەکەی زانرابێت، بەڵام ئەگەر گومانێك لە ئەنجامەکە هەبوو، ئەوا تەنها یەك رێگە شکدەبەن بۆ یەکلاکردنەوەی پرسەکە، ئەویش پەنابردنە بۆ جەنگ.

ئەمە سەبارەت بە هەردوو هاوپەیمانێتییە ئەتۆمییە

گەورەکە؛ (ناتۆ) و (وارشۆ) راستە. لەگەڵ ئەوەشدا کە خۆرئاوا لە رووی سەربازییەوە لە بلۆکی خۆرهەڵاتی بە هێزترە، بەڵام کەلێنەکە لە نێوانیاندا هێندە گەورە نییە کە روسیا پێیوابێت لە دۆخێکی نائومێد و نالەباردایە. بۆیە هەریەکە لە واشنتن و مۆسکۆ پلانی چونەناو جەنگێکی ئەتۆمیی و بردنەوەی ئەو جەنگەیان داناوە، سەرەڕای ئەوەی بۆ هەموو لایەك روونە کە هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی سێیەم زۆرینەی رەگەزی مرۆیی قەڵاچۆ دەکات.

کۆتایهاتنی جەنگی سارد هاوکاتبوو لەگەڵ دەستپێکردنی ناسەقامگیریی سیاسی لە ئەوروپای خۆرهەڵات لەساڵی 1989، و داڕوخانی یەکێتیی سۆڤیەت و هەڵوەشاندنەوەی بۆ چەند کۆمارێکی بچوك لە ساڵی 1991. ئیدی دوای ئەوە گەلێك قسە دەوتران دەربارەی «سیستەمێکی نوێی جیهانیی» و «دەستکەوتەکانی ئاشتی».

لە بەرانبەر ئەو وێنەیەدا و سەرەڕای هەموو ئەو قسانە، چەندین جەنگی بەربەریی یەك لە دوای یەکمان بینی -جەنگی خۆرئاوا دژی عێراق لە کاتێکدا عێراق پێشتر هاوپەیمانیان بوو. جەنگی ئازەربیجان-ئەرمینیا لە یەکێتیی سۆڤیەتیی جاران. شەڕی ناوخۆیی سامناك لە سۆماڵ و یوگسلاڤیای پێشوو.

بینیمان کە تا هێزە سەرمایەدارەکان بەرانبەرەکەیان نەسڕنەوە و نەچنە جێگەکەی، دوژمنایەتییە سەربازیەکانیان چارەسەر نابێت. چینە فەرمانڕەواکان لە هەموو جێگەیەك

جەنگیان وەها ناساندووە کە ئامڕازێکە بۆ زیادکردنی کاریگەرییان و چاوبەستێکی ناسیۆنالیستیان دەخستە سەر چاوی کرێکاران و جوتیاران.

دەکرێت قێز لە جەنگ بکەیتەوە و سڵی لێبکەیتەوە بە بێ بەرهەڵستیکردنی کۆمەڵگەی سەرمایەداری، بەڵام بەمجۆرە هەرگیز ناتوانیت کۆتایی پێبهێنیت. جەنگ دەرئەنجامێکی حەتمی دابەشکردنی کۆمەڵگەیە بۆ چینەکان، هەڕەشەیەکە بە سواڵی ئاشتیی حاکمانی ئێستا کۆتایی نایەت. پێویستە چەك لە دەستیان دەربهێنرێت لە ڕێگەی بزوتنەوەیەکەوە کە کۆمەڵگەی چینایەتی پێبهەڵدەستێت و بە یەکجار و بۆ هەمیشە لە ڕەگەوە چەك دادەماڵێت.

بزوتنەوەکانی ئاشتی کە لە کۆتایی حەفتاکان لە ئەوروپا و ئەمەریکای باکور دەرکەوتن، ئەم ڕاستییەیان نەدەزانی. ئەم بزوتنەوانە تێدەکۆشان بۆ ڕاگرتنی بەرهەمهێنانی موشەکی کرۆز و پێرشینگ، هەروەها بۆ چەکداماڵینی یەکلایەنە و سڕکردنی چەکی ئەتۆمیی، بەڵام لە هەمان کاتدا پێیانوابوو شەڕکردن لە پێناو ئاشتیدا دەکرێت سەرکەوتن بە دەستبهێنێت بە بێ نزیکبوونەوە لە ململانێی نێوان سەرمایەداریی و کرێکاران.

لەبەرئەوە ئەم بزوتنەوانە شکستیانهێنا لە مۆبیلیزەکردنی ئەو تاکە هێزەی کە توانای ڕاگرتنی پاڵنەری جەنگی هەیە: هێزی چینی کارکەر. تەنها شۆڕشی سۆسیالیستی دەتوانێت کۆتایی بە سامناکییەکانی جەنگ بهێنێت.

**تێبینی:**

1. سەرجەم پەراوێزەکانی کتێبەکە لە لایەن وەرگێڕی کوردییەوە زیادکراون.

2. هەر وشە و رستەیەك لە نێو ئەم دوو هێمایەدا [] نووسرابێت، زیادکراوی وەرگێڕی کوردییە بە مەبەستی روونکردنەوەی زیاتر.

3. بە سوپاس و پێزانینێکی زۆرەوە هاوڕێم (پێشڕەو محەمەد)، وەرگێڕانە کوردییەکەی ئەم کتێبەی دێڕ بە دێڕ لەگەڵ دەقە ئینگلیزییەکەدا بەراوردکردووە.

# بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولڕەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە ڕەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵلا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێک نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو رووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشرەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَرکة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشییاکان | ئەنوەر حسێن | | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | 84 |
| 2016 | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | ئاشنابوون بە سپینۆزا | 85 |
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە پۆپەر | 86 |
| 2016 | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | 87 |
| 2016 | ئارام مەحمود | ئاشنابوون بە دریدا | 88 |
| 2016 | ماجد خەلیل | ئاشنابوون بە لیوتار | 89 |
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە لینین1 | 90 |
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە لینین2 | 91 |
| 2016 | پێشرەو محەمەد | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | 92 |
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | 93 |
| 2016 | ب- لیڤا | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم1 | 94 |
| 2016 | ب- لیڤا | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم2 | 95 |
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | 96 |
| 2016 | ئاکام بەسیم | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | 97 |
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | 98 |
| 2016 | شاسوار کەمال | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | 99 |
| 2016 | ئەرسەلان حەسەن | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم1 | 100 |
| 2016 | ئەرسەلان حەسەن | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم2 | |
| 2016 | موصلّح شێخ ئیسلامی | ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست | 102 |
| 2016 | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | سێگۆشەی گڕگرتوو | 103 |
| 2016 | هەڵگورد جەلال | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگ | 104 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 105 | گەشتی دوورودرێژی ئەتۆمی ئێران تێوون و مەترسییەکان | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | دەرهاویشتە ئەمنییەکانی چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لە پێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا و ئاکامە جیۆپۆلەتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 111 | چین و سیستەمی بازرگانیی جیهانی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 112 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 113 | ئومێدی خۆرەتاوی من | سەرهەنگعەبدولڕەحمان | 2016 |
| 114 | ئازدی و خیانەت لە ئازادی | ئەرسەلانحەسەن | 206 |
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی رەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کوردو ئیسلام لە یەکتربڕدا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارڵ مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 118 | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەکان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردەتاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتیی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | کوردو مێژووی جەژنی نەورۆز | د. کەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | ساراڵ فەهمی شەریف، هێمن تاهیر | 2016 |
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوکانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندویی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕدارە تیرۆریستەکە | سۆران عەلی | 2016 |
| 129 | پێغەمبەر و پرۆلیتاریا | پێشڕەو محەمەد و هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | مارکسیزم چۆن کار دەکات | بابان ئەنوەر | 2016 |